دکتۆر نظام الدين عبدالحميد احمد

$0003000

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

وەڵامدانەوەی چەند ڕەخنەیەک دەربارەی ئیسلام

تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

وەڵامدانەوەی چـــەند
ڕەخنەیەك دەربـارەی ئیسـلام

وەڵامدانەوەی چەند
ڕەخنەیەك دەربارەی ئیسـلام

نووسینی

نظام الدين عبدالحميد

بۆ بلاوكردنەوەو راكەیاندن

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێــــــب: وەڵامدانەوەی چەند رەخنەیەک دەربارەی ئیســلام

نــوســــــەر: نظام الدین عبدالحمیـد

بـڵاوکردنەوەی: نوســینگەی تەفســیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن هــەولێر

خــــــــە ت: نەوزاد کــــۆیی

بــــــــەرگ : أمیــن مخـــلص

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٢٨ك - ٢٠٠٧ز

تـــــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی کتێبخانەکان ژمارەی سـپاردنی (١٨٠١)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی دراوەتێ

تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٢٨
مۆبایل : ٠٧٥٠٤٦٠٥١٢٢ - ٠٧٧٠١٣٨٧٢٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

پێشـــەكـــی

سوپاس بۆ خودای بەرزی بێوێنە، كە ئەم كائیناتەی بە شـێوەیەیكی زۆر ڕێكو عەجایەبو سـەر سـوڕهێنەر هێناوەتـەدی، كـە ئـادەمیزاد بەشێكە لە بەشەكانی، ئەم ئادەمیزادە، كـە بـیرو هـۆشو تێگەیـشتنو زوبانی پێبەخشیوە، تاوەكو كاروباری ژیانی خۆی لەم زەمینەدا بە باشی ڕێك بخاتو شارستانیەتی تیا بێنێتەدیو ببێتە سەرۆكو بـە نرخترینـی هەمو گیان لە بەرەكانی دیكەی، كە تیای ئەژین.

سەلاتو سەلاوی خودا لەسەر پێغەمبـەرمان بێـت، كـە بـەرزترین كەسە پێی بەسەر ئەم زەمینەیا كەوتبێت، بارانی ڕەحمەتی خـوداش بـە سەر یارەكانیو شـوێنكەوتوەكانی تـری بێـت، تـا زەمـین ژیـانی تیـا ئەبڕێتو دوارۆژ ڕو ئەدات.

خودای بەرزی بێوینە دواترین ئایینیو بەرزترین نیزامو قانونی خۆی بۆ پێغەمبەری نازدارمان ناردە خوارەوە (درودی خودای لەسەر بێت)، تا دواكەوتوەكانی بە دواكەوتنی شەرەفداربن.

یەكەمین میللەت كە روی كردبێتە ئەم ئایینە، دوای شـوێنكەوتنی عەرەبەكان، میللەتی كوردە، كە بەو دواكەوتنـەی لـە دەست خراپـەی ئێرانیەكانو بیروباوەڕی چەپەڵیان ڕزگاریان بوو، لە زەتـی بـیر ڕاسـتیو سەرفرازیان چێشت.

میللەتی كورد بە درێژایی حوكمی ئیـسلامی لـە هـەمو كاتێكیـا خزمـەت گوزاری ئایینەكەیان بوون، لە هەمو چەرخێكیا مرۆڤی زانـاو دانای بەرزی تێدا هەڵكەوتوە، بە هەمو دڵێكو شەوقێك بونەتە ئەندام

بۆ بەرهەم هێنانی ئەو شارستانیەتەو ئـەو حەزارەتـە ئیـسلامییە، کـە چەند چەرخێك ئەگەشایەوەو روناکی بەهەمو لایێکـی زەمـین ئەگەیانـد لەو کاتانەی، کە وڵاتانی تر، بە تایبەتی ئەوروپا لە تاریکایی نەزانین و دواکەوتن ئەژیان و سەریان ئەهێناو سەریان ئەبرد.

دوژمنانی ئایینی ئیسلام لەم یەك دو چەرخەی رابردو، کە هەستیان بە بێ‌هێزی بەڕێوەبەرانی مسوڵمانەکان کردو دیتیان وڵاتەکانیان رو لە دواکەوتنە، هێرشیان هێنایە سەر ئەو وڵاتانە، هەر لایەی بەشێك لـەو دوژمنانە چنگی خۆی لـێ گیر کرد.

بەشێکی مەرامی ئەوانە ئەوە بو، تا بۆیان بکرێت مسوڵمانەکان لە ئایینەکـەیان دوربخەنـەوەو، لـەناو دڵیـان بـێ‌هێزی بکـەن، تـا چـۆن ئەیانەوێت ئەوها بیاندۆشن، چونکە ئەیانزانی ئەگەر ئایینەکەیان لەناو دڵیان بە هێزو بە جۆشبێت، بە سەرۆکایەتی بێگانە رازی نابن‌و ملیـان بۆیان نانوێنن‌و بەرەنگاریان ئەبن‌و ژیانیـان پێتـاڵ ئەکـەن. بـۆ ئەمـە پرۆگرامی خوێندنیان لە هەمو پلەیێکی خوێندنا وا دانا، کە زانینێکی ئایینی تێدا نەبێت، تا ئەوانەی تیا ئەخوێنن‌و تیا دەرئەچن شـتێك لـە فەرمانەکان‌و فەرمایشتەکانی ئایینەکەیان نەزانن‌و، بەینیان لە گەڵیا بپچڕێت‌و چرای ئیمان لە ناو دڵیانا روی لە کوژانەوە بێـت، تـا بتـوانن لـەو جێیانـەی لـەناو کۆمـەڵا ئەبنـە خـاوەن قـسەو رێ نیـشاندان‌و مامۆستایەتیان ئەکەوێتە ژێردەست، هەوڵدەن ئەو میللەتەی لە ناویانا ئەژین چ کـورد بێـت یـان عـەرەب بێـت یـان تـورك، هـەروەها هـەر میللەتێکی تر لە ئایینەکەیان دوریان بخەنەوەو بەرەو بێبڕواییان بەرن.

میللەتی کورد بەشێکی لەو کەسانە کەوتە ناو کە ئەیانـــــەوێت

پەردەیەکی ڕەش بخەنە بەینیانو بەینی ئایینەکەیان. هەر جاری یەکێك لەوانە ئەبینی چ بە زوبان بێت یان بە قەڵەمو نوسین، وەکو بە مانگە شەو وەڕیین ڕەخنە لە بڕیاردانێکی ئایینی ئیسلام ئەگرێتو بە شێواوی ئەیخاتە بە چاو لێی ئەدوێ، یان ڕەخنەکەی ڕوی پێئەکاتە فەرمایشتێکی خودا یان فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ یان کردەوەیەکی بەبێ ئەوەی تێبگاتو بزانێت ئەم قەڵایە بەهێزەی ئایینی ئیسلام چەکوشی لە تەنەکە دروستکراوی دەستی هیچ زیانێکی پێناگەێنیو چەکوشەکەی بەرەو ڕوی خۆی خوار ئەبێتەوەو ئازار بە دەموچاوی ئەگەێنێ، هەروەها بە بێ‌ئەوەی بیر بکاتەوەو بزانێت میللەتی کورد دوای ئەوەی روناکایی ئاینی ئیسلامیان پێگەیشت، بە هەمو ئارەزویەكو شەوقێکەوە رویان تێکردو مسوڵمان بون، مسوڵمانیەتیو بڕواو ئیمان تیا نە لە باوكو باوکانیانەوە بە میرات بۆیان بەرە خوار بۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەم چەرخە، بەرەو خوار بونەوەی ئەم میراتە لە ناو میللەتی کوردا هەر بەردەوام ئەبێت تا کۆتایی بە دانیشتوانی سەر ئەم زەمینەیا دێتو زەمینیش لە جێی خۆی ئەترازێتو تێك ئەچێت، ئنجا ئەوەی پێی ناخۆشە با سەری خۆی لە بەرد بدات.

بڕوا بە ئاینی ئیسلام لە ناو هەناوی زۆری زۆربەی میللەتی کورد رەگی دا کوتاوەو بە قوڵاییا چۆتە خوارەوەو بە شێوەیەك تیا گیر بوە کە هەڵقەندن و جیاکردنەوەی لە توانای ڕەخنەی گەندەڵی ڕەخنە لێگرتوان نیە[1]. شایەدێکیش ئەوەیە تۆ ئەگەر لە هەر ڕۆژێکی هەینیا لە

---

١) ئنجا ئەگەر چەند کەسێك لە هەر لایەکی کوردستان لە ئاینەکەیان وەرگەڕابن و بوبن بە دیان – هەر وەکو زانیومە – ئەوانە کەسانی پوچەڵن، ڕۆشنایی ئاینی ئیسلام لە یەکەم ڕۆژەوە لەبەر پوچەڵیان ڕوی نەکردۆتە دڵیانو هیچ ئاگاداریەکیان بە سەر فەرمایشتەکانی ئاینی ئیسلام نەبوە، ئەوانە شەپۆلی بەهێزی پانو پۆڕی موسڵمانیەتی میللەتی کورد لێخن ناکەنو زیان بەرونیەکەی ناگەێنن.

شارەکانا روبکەیتە هەر مزگەوتێك لە مزگەوتەکان، ئەگەر نەختێك لە کاتی روتێکردنی دوابکەویت. لە ناویا جێت دەست کەوێت، ئەبێت لەبەر هەیوانەکەی دواتر لە حەوشەکەی شتێك بۆ خۆت دابخەیتو نوێژەکەتی لەسەر بەجێ بێنیت.

ئەو مێشك بە دوژمنایەتی ئایینی ئیسلام موتوربە کراوانە ئەگەر بیروباوەڕیان و لە ئاین هەڵ گەڕاوەکەیان هەر بۆ خۆیان بێت و لە ناو دڵیاندا بێت، بەبێ ئەوەی بیانەوێت ئەو بێ ئیمانیەو لە ئاین وەرگەڕاوەیان بڵاوبکەنەوەو خەڵکی کەی بە لاوە بەرنو رەخنە لە ئاین بگرن، ئەوە بەوەی لەسەرین کەیفی خۆیانە، چۆنیان ئەوێت با بڕوایان وابێت، خودای بەرزی بێوێنە لە قورئانی پیرۆزیا ئەفەرموێت (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر...) واتە ئەوەی ئەیەوێت مسوڵمانبێت و ئیمان بێنێت کەیفی خۆیەتی، ئەوەیش ئەیەوێت بێبڕواو کافر بێت کەیفی خۆیەتی، لە دونیا هیچ بەرەنگارێك روی تێ ناکات، لە دوارۆژا هەر کەسە بە پێی بڕواو کردەوەی خۆی جەزا وەردەگرێت.

بەڵان ئەوانە ئەگەر بیانەوێ ئەو لارەشیەی هەیانە بە خەڵکی دیکە بگەێننو هی دیکەی پێوە دوچار بکەن، بە قسەو وتار، یان بە نوسین رەخنەی پوچەڵیان روی پێبکەنە بیروباوەڕی مسوڵمانەکان، ئەوە کارێکە مرۆڤی مسوڵمانی ڕاستگۆی خوداپەرست بێزی لێ ئەبێتەوەو نەفرەتی لێ ئەکات.

ئەم شێوە کەسانە ئەبێت بەرامبەریان بوەسترێتو پوچەڵی رەخنەکانیان و ژەنگاوی بیروباوەڕەکانیان دەربخرێت تا کەسانی بیر کاڵو کەم زانا پێیان نەخەڵەتێن.

یەكێك لەوانەی كە خۆی بە مێژو زان ئەخاتە بەرچاو دكتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد ناو، لە لاپەڕەی (٣٩٨) تی بەرگی سێیەمی كتێبەكەی (ظهور الكرد في التاريخ) بە ڕو قایمی و بەبێ هیچ شەرمێك ئەڵێت: بۆ ئەوەی شورەو مەودای ئابوری لای بنەماڵەی (عەبد مناف) فرەوان بێت حەج بە جێ هێنان لای ئاینی ئیسلام بوە كارێكی بناغە قایم كە نەتەوەی عەبد مەناف مەبەستی بەم قسەیە پێغەمبەرە — درودی خوای لە سەر بێت - ئالاكەی بەرزكردەوە، لە وتارێكی وای دەرخست كە حەج كردن جەزاكەی هیچ نیە بەهەشت نەبێت.

ئنجا ئەی برای بەڕێز! تەماشای ئەم قسەیە بكە كە ئەڵێت پێغەمبەر حەجی بۆ بوژاندنەوەو ڕێكخستنی ئابوری تیرەكەی خۆی بە پێویست دانا، واتە حەج كردن لەوە پێش تر نەبوە پێغەمبەر بڕیاری لە سەردا بۆ قازانج بە بنەماڵەی (عەبد مەناف) گەیاند.

ئەم كابرایە ئەمە قسەیەتی بەبێ ئەوەی بیر بكاتەوەو تێ بفكرێ ئەو مێژوەی وا دائەنێت كە ئەو زانایەتیو ئەیزانێت بە درۆی ئەخاتەوەو چەپۆكێكی پیا ئەماڵێت، چونكە ئەوەی نەختێك ئاگاداری بەسەر مێژودا هەبێت بۆی دەرئەكەوێت و ئەزانێت كە حەج بەجێ هێنان لە كاتی جەنابی ئیبراهیم پێغەمبەر بە پێویست دانراوە.

خوای بەرزی بێوینە لە قورئانی پیرۆز لە ئایەتی (٢٧) لە سورەتی (حەج) بۆمان دەرئەخات كە ئەم پێویستیەی بە جەنابی ئیبراهیم گەیاندوە، كە ئەفەرموێت ﴿وَأَذن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ﴾ ئایەتەكە ڕوی لە جەنابی ئیبراهیمە، چونكە لە ئایەتی پێش ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ

مَكَانَ الْبَيْتِ...﴾ لێرە بە ئیبراهیم دەفەرمویت: پێویستی هێنانەدی حەج بە خەڵك بگەیێنەو بانگی بۆ رایەڵ بكە.

ئنجا ئەبینی خەڵك لە هەمو لایەك‌و لە هەمو رێیێكی دورو نزیك بە پیادەو بە سواری حوشترو لە كەعبە ئەكەن‌و حەج بەجیٚ‌دێنن.

ئنجا لەو كاتەوە هۆزەكانی عەرەب هەموو ساڵێك لە مانگی حەجا رویان ئەكردە مەككەو حەجیان ئەكردو بە چاوێكی زۆر گەورە تەماشای كەعبەیان ئەكرد، ئەگەر یەكێك لەو جێگەیە باوك كوشتەی خۆی بدیتایە دەستی تۆڵەسەندنی بۆ درێژ نە ئەكرد.

ئەو عەرەبانە كە بۆ حەج ئەچون ئەبوایە جلێكی تازەیان لە بەر بوایە نەك جلێك كە گوناه كردنی لەگەڵ بوایە، ئەوەی نەی بوایە لە مەككە داوای لە یەكێك ئەكرد جلی خۆی بداتیٚ تا بەو جلەوە بە دەوری كەعبەوە بسورێتەوە، ئەوەی جلی بەدەست نەكەوتایە شەوان بە تاریكە شەو بە روتی ئەو سورانەوەی بەجیٚ ئەهێنا.

ئنجا ئایە بە چ زانینێك‌و هۆشێك‌و مێژو زانینێك ئەم كابرایە ئەو قسە بۆگەنەی خستۆتە سەر كاغەزو نوسیویەتی ئەگەر دوژمنایەتی لەگەڵ ئاینی ئیسلام نەبێت.

چشتێكی دیكە لەمە خراپتر لە لاپەڕەی (٤٠١) ی ئەو بەرگە لە كتێبەكەی قسەیەكی دیكەی بۆگەنی بەرامبەر پێغەمبەر كردوە ﷺ ئەوەی من بزانم تا ئێستاكە هیچ كەسێك لە دوژمنانی ئیسلام هەرچەندێك لە دوژمنایەتیەكەی تیژ بوبێت بیرو هۆشی خۆی لەوە بەقەدر تر گرتوە لەوەی رِیٚ بدات بیٚ‌نرخی روی تیٚ بكات‌و ئەو درۆو ئیفترا بەرامبەر پێغەمبەر بكات كە ئەو كابرایە روی تیٚ كردوەو

وتویەتی کە لەناو میللەتێك ئەژێت‌و پێیـەوەی نوسـاوە کـە لـە ٩٥٪ مـسوڵمانەو بـە چـاوی حورمـەت‌و بـەرزو خۆشەویـستی تەماشـای پێغەمبەرەکەی ئەکات - سڵاوی خوای لەسـەر بێـت - ئـەم سـەرەتایە جێی ڕەتکردنەوەی ئەو قسەیەی نیە چونکە درێژەپێدانی ئەوێت‌و ئەبێت بە سیپارەیەکی تایبـەتی بـە عـەرەبی بێتـە نوسـین‌و بڵاوبکرێتـەوە — چونکە کتێبەکەی بـە عەرەبیـە — تـا دەرون کینـە داری ئـەو کابرایـە بەرامبەر ئەم ئاینەو ئـەو پێغەمبـەرەی کـە میللـەتی کـورد شـوێنی کەوتوەو ئاشکرا ببێت‌و دەر بخرێت.....

حیكمـەت لە فـرەژنی پێغـەمبـــەر ﷺ

باسێك لەو باسانەی لە ئایین هەڵ گەڕاوەكان ڕەخنەی لــێ ئـەگرن، ئەوەیە ئەڵێن پێغەمبەر مرۆڤێكی شـەهوانی بـوە، بۆیــە ئـەبینین لــە كاتێكدا چەند ئافرەتێكی لەژێر باڵا بوە، ئەمە لەگەڵ پێغەمبەرایـەتی چۆن ئەگونجێت؟ ئەگەر پێغەمبەر بوایە ئەبو یان هیچ ژنێكــی نـەبێت، یان لە ئافرەتێك پتری نەخستایەتە ژێر باڵی.

ئەم جۆرە كەســانە كـە ئـەم قـسانە ئەكـەن ڕشـانەوەی هەنـدێك لــە موستەشریقەكان و دوژمـنانی ئاینی ئیسلام لەوانەی بە مرۆڤانی كە نیسە لەقەڵەم ئەدرێن ئەیجونو كاریێژی ئەكەن، كە بە گژ ئـاینی ئیـسلام چـونو پەلاری پوچەڵ لە پێغەمبەر ئەگرن .

ئەوانەی بەم ڕەخنەیە رو لە پێغەمبەر ئەكەن لە ئاین وەرگەڕاوەكانو غەیرە ئاینەكانن كە بە دوژمنایەتی رو لە ئاینی ئیسلامو پێغەمبــەری ئیسلام ئەكەن گێــلو نـەفامو دڵ ڕەشــن نــازانن مەبەســتو مــەرامی پێغەمبەر چی بوە لە زۆر ژن هێنانی.

ئەگونجێت یەكێك لە وەڵامی ئەم پرسیارو ڕەخنەیە بڵێت لەو كاتــەی كە پێغەمبــەری تیــا ژیــاوە ژن زۆر هێنــان بــاوبوەو عــورفو عــادەتی كۆمەڵایەتی بوەو نیشانەی ڕەسەنایەتیو خانــەدانی ســەرۆكایەتی بــوە، پێغەمبەر لــەم روەوە روی كردۆتــە عــورفو عــادەتی قەومەكــەی كــە یەكێك بوە لە هەرە خانەدانی ئەو قەومە.

پێغەمبەر جگە لــە پێغەمبەرایەتییەكـەی لـە مەدینــە ســەرۆكی ئەنجومـەنی ئیسلامـی بوە، سەرۆكەكان لە هەمو كاتێك وڵاتێك هەندێك

مافیان بۆ هەیە زیادو جیاواز لە مافی دانیشتوانی وڵاتەکانیانو هەندێك کاری جیاوازیان بۆ بڕیار ئەدرێت کە بۆ غەیری ئەوان نیە، ئنجا با ئەمە (فرە ژنی) کارێکی تایبەتی بێت لەو کارانەی کە بۆ سەرۆکەکان بڕیار ئەدرێت جگە لە عورفو عادەتی ئەو کاتە.

بەڵێ ئەشێت ئەم ڕەخنە پوچەڵە بەم وەڵامە پوچەڵیەکەی دەر بخرێتو جەوابی پێبدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا ئەڵێم ئەمە وەڵامی ڕاستو تەواو نیە، مەبەستو دوربینیو بەرزایەتی پێغەمبەر دەر ناخات چونکە پێغەمبەر ﷺ هەر ژنێکی مارە کردبێت لەبەر مەبەستێكو مەرامێكو حیکمەتێك بوەو دور بینی تیا هاتۆتە دی، نەك لەبەر ئارەزوی جنسیو شەهوەت، وەکو رو زەردەکان ئەڵێن، کە ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەر بە درۆیان ئەخاتەوەو مێژو هەڵەکەیان ئاشکرا ئەکاتو بەردێك ئەپەستێتە دەمیانو وەڕینەکانیان پێ ئەبڕێت...

مێژو شایەدی ئەدات کە پێغەمبەر خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز بوەو لە کاتی گەنجیا دور بوە لە ڕوکردنە ئەو کارە ناشرینانەی کە گەنجەکان رویان تێ ئەکرد. هیچ نەبیستراوە کە رۆژێك لە رۆژان روی کردبێتە ئەو جێگایانەی کە گەنجەکان لە دەوروپشتی شاری مەککە بۆ رابواردنی کەیفو سەفا ڕویان تێ ئەکرد، ئەو جێگایانە کە بەیداغی بەسەرەوەبو کە نیشانە بو بۆ رابورادن لەگەڵ دامێن پیسەکان .

پێغەمبەر سڵاوی خودای لەسەر بێت لە تەمەنی (٢٣)ساڵی خەدیجەی کچی خوەیلیدی مارە کرد کە ئافرەتێکی بێوەژن بو لە تەمەنی چل ساڵی دا بو، ماوەی (٢٨) ساڵ لەگەڵ ئەم ئافرەتە بەڕێزە

ژیانی بەسەر برد ، (١٧) ساڵ پێش ئەوەی بە پێغەمبەرایەتی شەرەف دار بکرێت (١١) ساڵیش دوای ئەم بەشەرەف دار کردنە.

پێغەمبەر ﷺ لەم ماوەیە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ژنێکی دیکە بێنێت، ئەگەر بیویستایە کام مرۆڤ لە هۆزەکەی خاوەنی رێزو توانا بو بە فەخرەوە کچی خۆی ئەدایێ لێی مارە ئەکرد، چونکە لەبەر رەوشتی بەرزیو جوانی بیرو هۆشیو دڵ پاکیو ئەمینی بە چاوێکی بەرز تەماشا ئەکرا، جگە لەوە کە یەکێك بو لە خانەدانو ئەشرافی هۆزەکەی.

پێغەمبەر ﷺ لە ماوەی ئەو (٢٨) ساڵە بیری لە ژن هێنانێکی دیکە نەکرد، چونکە مرۆڤێکی شەهوانی نەبو هەروەکو ناحەزان ئەڵێن پێغەمبەر دوای ئەوەی لە تەمەنی پەنجا ساڵی تێپەڕکرد کە مرۆڤ لە لایەن ئارەزوی ئافرەت ڕو لە کزی ئەکات، دوای ئەوەی خاتو خەدیجە سەری بردە ژێر خاك روی کردە ژن هێنان یەك لەدوای یەك کە هەمویان بێوەژن بون جگە لە خاتو عائیشەی کچی ئەبوبەکری صدیق، مارەکردنی ئەو ژنانە هەر یەکە لەبەر مەرامو مەبەستو حیکمەتێك بو هەروەکو یەك بە یەك ئەی خەینە بەرچاو:

١- پێغەمبەر سلاوی خوای لەسەر بێت دوای مردنی خاتو خەدیجە بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچ بکات (سەودەی کچی زەمعەی) مارە کرد کە بێوەژنێکی لە تەمەندا بە ناو ساڵەوەچو بو کە پێشان خێزانی سەکرانی کوڕی عەمر بو، کە کچی مامی خۆی بو، کە پێشتر هەردوکیان مسولمان بون، بەلام لە بەر ئازاردانی کافرانی مەککە کۆچیان کردە حەبەشە.

بەلاَم پاشی ماوەیەك وا خرایە گوێیان کە کافرانی مەککە وازیان لە عەزیەتدانی مسوڵمانەکان هێناوە کە لە مەککەدا مابون، لەبەر ئەوە هەردوکیان گەڕانەوە مەککە، بەلاَم بینیان کافرانی مەککە هەر لەسەر ڕەوشتی خۆیان ماونو بە هەمو شێوەیەك هەوڵ ئەدەن ئەوانەی مسوڵمان بون لە ئاینەکەیان وەریان بگێڕن بەلاَم ئەمان گوێیان بە عەزیەتو ناخۆشی نەداو لەسەر بیروباوەڕو ئیمانیی خۆیان سورو رشت بون.

پاشی ماوەیەك سەودە مێردەکەی کۆچی دوایی دەکات، سەودە بە غەمبارێکی زۆرو بەبێ‌کەسیو بە بێ ئیدارەیی بە تەنیا ئەمێنێتەوە بە بێ‌ئەوەی زەدەیەك بە ئیمانو بڕوای خۆی بگەیێنێت.

پێغەمبەر ﷺ تەماشای کرد ئەم ئافرەتە پیرە دڵ روناکەی بێ‌کەسە پێویستە پاداشت بدرێت بەرامبەر ئەو ئازارو ناخۆشیەی کە لە رێگای ئاینەکەی چێشتویەتی، دیتی باشترین پاداشتیش کە خۆشی پێ ببەخشێت ئەوەیە کە خۆی مارەی بکاتو شەرەفی دایکایەتی مسوڵمانەکانی بەسەرا بدات.

٢- پێغەمبەر ﷺ پێش هێنانی خاتو سەودە خاتو عائیشەی کچی ئەبوبەکری مارە کرد بو، بەلاَم نەیگواستبۆوە تا کۆچی کردە مەدینە.

ئەبوبەکر خودا پلەی لە بەهەشت بەرز بکاتەوە، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام برادەری پێغەمبەر بو، ئەگەر لە مرۆڤەکانە یەکەمین کەس نەبوبێت کە ئیمانی بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر هێنابێ دوەمین کەس بوە لەو رۆژەوە هەمو توانایەکی خۆی بۆ سەرکەوتنی ئاینی ئیسلام تەرخان کردوەو لەسەر دەستی ئەو بەشێك لە مسوڵمانەکانی پێشو مسوڵمان بو بون، وەکو زوبێری کوڕی عەووامو عەبدولرەحمانی

کوری عەوفو سەعدی کوری ئەبو وەققاصو تەڵحەی کوڕی عبداللهو چەند کەسانێکی دیکە، بە ماڵی خۆی چەند کۆیلەیەکی کڕیوە کە بەدەست بت پەرستەکانی مەککە ئازار ئەدرانو لە کۆیلایەتی ئازادی کردوون کە یەکێکیان بیلالی حەبەشی یە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: کەس نەبو لە وانەی داوای مسوڵمان بونم لێ کردبێ کە هەڵوەستەیەکی نەکردبێتو وەستانێکی نەبوبێت تەنیا ئەبوبەکر نەبێت، ئەم کە داوای مسوڵمان بونم لێکرد بەبێ تەگەرەو وەستان مسوڵمان بوو بە هەمو دڵێکەوە ئیمانی هێنا. پێغەمبەر کە ویستی بە نهێنیو بە بێئاگا لێبونی بت پەرستەکانی مەککەو سەرۆکەکانیان بۆ مەدینە کۆچ بکات ئەبوبەکر تفاقی کۆچ کردنی ڕێك خستو لە گەڵیا کۆچی کرد ئنجا مرۆڤێك ئەمە کردەوەو کۆششی بێت بەرامبەر ئاینەکەی ئایا جێی ئەوە نیە پێغەمبەر پاداشتی بداتەوەو بە خەزوری خۆی بگێڕێتو کچەکەی مارە بکاتو قەدرو حورمەتی بەسەرا بدات.

٢- دوای غەزای بەدر بە ماوەیەك پێغەمبەر ﷺ خاتو حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتابی مارە کرد، کە مێردەکەی لەم غەزایەدا شەهید کرابو کە ناوی (خونەیسی کوڕی حوزافە) بو. حەفصە بە مردنی مێردەکەی زۆر دڵ تەنگو غەمگین بو بە شێوەیەك ئەم غەمەی روی کردە باوکیشی چونکە زۆری خۆش دەویست. پاش تەواوبونی عیددەی حەفصە باوکی داوای لە جەنابی ئەبوبەکر کرد کە مارەی بکات بەڵام ئەبوبەکر ئارەزوی نیشان نەدا، دوای ئەم

داواکردنە روی لە جـەنابی عوسمـان کـرد ئـەویش وەکـو ئەبوبـەکر ئارەزوی نیشان نەدا.

جەنابی عومـەر کە لەم دو داواکردنە هیچی بۆ نەچوە سـەر زیـاتر عـاجزو غەمبار بو، پێغەمبەر کە بەمەی زانی فـەرموی یـەکێك لـە عوسمان باشتر حەفصە مارە ئەکات (واتە خۆی) بۆ ئەوەی ڕێزو حورمەت بەرامبەر عومەر بنوێنێ، چونکە لەو رۆژەی کە ئەم ئیمـانی هێنـاوەو هاتە ریزی مسوڵمانەکان، بوژانەوە کەوتە ناویان توانیان بـە ئاشـکرا ئیمانی خۆیان دەربێننو بتوانن رو بکەنە کەعبەو نوێژی لـێبکەن.

ئەگەر ئەبوبەکر وەزیری دەستی راستی پێغەمبـەر بوبـێ عومـەر وەزیری دەستی چەپی بـوە چـونکە بـە هـەمو توانایـەکو شـێوەیەك هەوڵی بۆ بڵاوبونەوەی ئاینەکەی داوەو درێغـی لـە پـشتیوان گێـڕی مسوڵمانەکان نەکردوە.

پێغەمبەر ﷺ هەروەکو وتمان بۆ ڕێـزدان بـە عومـەر، حەفـصەی مارە کرد نەك لەبەر ئارەزو چونی بۆ حەفـصە، شـایەدیش لـە سـەر ئەمە ئەوەیە کە رۆژێـك خێزانـی جـەنابی عومـەر لەسـەر کارێـك نەختێك بە توندی لەگەڵی دوا، عومەر پێی وت ئێوە پـێش هـاتنی ئاینی ئیسلام نرخێکتان نەبوو بە کەمو سوکی تەماشا ئەکران، ئـەم ئاینە کە هات نرخی پێتان داو مافی بۆ بڕیـاردان، ئایـا ئەمـە وات لـێ ئەکات بەم شـێوەیە لـە گـەڵم بـدوێیت، ئـافرەت وتـی بۆنـا، کچەکەت حەفصە هەندێك جار بەرامبەر پێغەمبەر ئەوەسـتێت بـە شێوەیەك کە بە درێژایی ئەو رۆژە عاجز بێت، جـەنابی عومـەر کـە ئەمـەی بیست روی کردە ماڵی حەفصەو پێی وت بیستومە هەنـدێك

جار پێغەمبەر عاجز ئەکەی جارێکی دیکە ئەمەت لێ رو نەدات پێغەمبەر تۆی لەبەر خۆت مارە نەکردوە تۆی لەبەر دڵی من مارە کردوە، گەر نا تەڵاقت ئەدات.

٤- دوای غەزای ئوحود پێغەمبەر ﷺ زەینەبی کچی خوزەیمەی مارە کرد کە مێردەکەی لەم غەزایەدا شەهید کراو ئەم بە بێوەژنی و دڵ پڕ غەمی مایەوە. ئەم ئافرەتە ئافرەتێکی زۆر سەخی‌و خێر خوا بووەو زۆر زگی بە هەژارو لێقەوماوان ئەسوتاو بە پێی توانای دەستی یارمەتیانی بۆ درێژ ئەکردن لەبەر ئەمە پێی ئەوترا (ام المساکین) واتە دایکی هەژاران، پێغەمبەر ویستی لەبەر ئەم ڕەوشتە جوانانەی بە مارە کردنی باری ئەو لێقەوماویەی لەسەر هەڵگرێت و برینی دڵی تیمار بکات و غەمی تەنیایی‌و بێ‌ئیدارەیی لەسەر لابەرێت. ئەم ئافرەتە لە کاتی ژیانی پێغەمبەردا سەری بردە ژێر خاك.

٥- پێغەمبەر درودی ﷺ لە ساڵی چوارەمی کۆچی ئوم سەلەمەی مارە کرد کە ناوی هند، بو ئەم ئافرەتە هاوسەری ئەبو سەلەمە بو کە کوری پوری پێغەمبەر بوو برای شیریشی بو کە لە کاتی خۆی ثەوبیە ناوێك شیری دابوە هەردوکیان. ئەبو سەلەمە لە غەزای ئوحود بریندار کراو بەو برینەوە وەفاتی کرد. ئەم لە کاتی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی لە مەککە بە دەست بت پەرستەکان گەلێك عەزیەت و ناخۆشیان دیت، لەبەر ئەمە کۆچیان کردە حەبەشە، دوای ماوەیەك گەڕانەوە، بەڵام دیتیان ژیانیان ناخۆشە، لەبەر ئەوە بڕیاریان دا بەرەو مەدینە کۆچ بکەن، بەڵام کەس‌وکاری ئوم سەلەمە نەیان هێشت لەگەڵ ئەبو سەلەمە کۆچ بکات، ئەبو سەلەمە بە تەنیا کۆچی کرد،

پاشتر کە ئوم سەلەمە هەلی بۆ ڕێککەوت ئەویش کۆچی کردو لەگەڵ ئەبو سەلەمە یەکی گرت کە زۆری خۆش دەویست.

ئەم ئافرەتە بەساڵەوە چوە بە مردنی مێردەکەی زۆر دڵتەنگو غەمبار بو چونکە بە بێئیدارە بە چەند منداڵێکەوە بە تەنیا مایەوە. کە ماوەی عیددەی تەواو بو جەنابی ئەبوبەکرو جەنابی عومەر هەر یەکەی لە دوای یەك داوای مارە لێکردنیان لێکرد، بەڵام ئەو رای بۆ کەسیان نەنواند.

پێغەمبەر ﷺ کە دیتی ئەو ئافرەتە دڵ تەنگو پڕ غەم و ئازارە بە چەند منداڵێك بە بێ ئیدارەو بە بێخزمو کەس ماوەتەوە، ویستی بەرامبەر ئەو هەمو عەزیەت و ناخۆشیەی کە لە ڕێی بڕواو ئاینەکەی چێشتویەتیو بەرامبەر ئەوهەمو ناخۆشیە کە دوای مێردەکەی روی تێکردوە خۆشی بخاتە دڵیو غەمی لەسەر لابەرێت، داوای مارەکردنی لێکرد ئافرەت دەری خست کە پیرەو خاوەنی چەند منداڵێکە، پێغەمبەر ﷺ بۆی دەرخست کە لەبەرئەمە ئەیەوێ مارەی بکات تا ئاگاداری منداڵەکانی بکات کە مامی شیریانەو منداڵانی کوڕی پوریەتی، ئنجا بەم مارەکردنەوە بووە خێزانی پێغەمبەر، بوە یەکێك لە دایکانی مسوڵمانەکانو خۆشیو شادی روی کردە دەرونی. ئەم ئافرەتە لەسەر بردنە ژێر خاك دواترین خێزانەکانی پێغەمبەرە کە لە ساڵی (٦٣) کۆچیدا مردن روی تێکردوە.

٦- دوای مارەکردنی خاتو ئوم سەلەمە بەچەند مانگێك پێغەمبەر ﷺ خاتو زەینەبی کچی جەحشی مارەکرد کە کچی خاتو ئومەیمەی کچی عەبدولمتەلیب بو واتە کچی پوری خۆی. ئەم ئافرەتە هاوسەری زەید ،

کوڕی حاریسەی کەلبی بو، کە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کۆیلەی پێغەمبەر بو، بەڵام ئازادی کردبو بە کوڕی خۆی گیرا بو بە پێی عورف و عادەتی ئەوکاتەی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر، بۆیە پێی ئەوترا زەیدی کوڕی محمد، پێغەمبەر زۆری خۆش ئەویست، ئەویش پێغەمبەری لە باوك و لە هەمو کەسەکانی تری زیاتر خۆش ئەویست، کە ئایینی ئیسلام هات زۆر زو بە هەمو دڵێکەوە مسوڵمان بو.

پێغەمبەر دوای هاتنی ئاینی ئیسلام داخوازی زەینەبی لە براکەی کرد بۆ زەید، بەڵام نە ئەم و نە زەینەبیش بەمە قایل نەبون چونکە بە پێی عورف و عادەتی جاهیلی پێیان عەیب بو کچی خانەدان شو بە یەکێك بکات کە پێشان مۆری کۆیلایەتی بەسەرەوە بو بێت، بەڵام کە فەرمانی خودا لە ئایەتی (٣٦) لە سورەتی ئەحزاب هات کە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ.... [1]) زەینەب و براکەی ڕەزامەندیان نیشانداو زەید زەینەبی مارە کرد، بەڵام هاوسەرایەتی لە بەینیان بە خۆشی و جوانی نەچوە سەر، چونکە زەینەب خۆی لە زەید بە زۆرتر دەزانی و بە توندی لە گەڵی ئەجوڵایەوە بۆیە ژیان لە بەینیان تاڵو تفت بو، لەبەر ئەمە زەید زەینەبی تەڵاق دا، ئنجاکە عیددەی تەواو بو پێغەمبەر خۆی زەینەبی مارەکرد، نا بەڵکو خودا لێی مارە کرد.

١) واتە هیچ مرۆڤێك و ئافرەتێکی موسڵمان بۆی نیە خۆی لادات لە بڕیاردانێکی خوداو بە جێی نەیێنێ.

ئایە مەبەست لەم مارە کردنەی پێغەمبەر چی بو؟ کاڵ فامانو دوژمنانی ئایینی ئیسلام و لە ئاین وەرگەڕاوەکان ئەڵێن پێغەمبەر حەزی لە زەینەب کردو خۆشەویستەکەی دڵی داگیر کرد. ئەوانەی ئەم قسەیە ئەکەن — هەر کەسێك بن — نەختێك نرخی هۆشی خۆیان بزانیایەو بزانن ئەم ناماقولییەیان نەدەکرد، چونکە هەروەکو زانیمان زەینەب کچی پوری پێغەمبەر بو. لە منالییەوە تا گەیشتە شۆخی گەنجایەتی هەمو کاتێك پێغەمبەر دەیدیتو لە بەرچاوی بو ئەگەر حەزی لێبکردایەودڵی پێوە بەند بوایە بۆ خۆی داوای ئەکردو مارەی ئەکرد، نەك بۆ زەید کە بە کوڕی خۆی لە قەڵەم ئەدرا.

ئەم مارە کردنەی پێغەمبەر لەبەر مەبەستێکی بەرزی ئاینی بو، کەوا بە کورتی ئەیخەمە بەرچاو. هەروەکو زانیمان بە پێی عورفو عادەتی ئەوکاتە زەید بە کوڕی پێغەمبەر ئەناسرا چونکە خۆی بە کوڕی خۆی گیڕابو، هەر مرۆڤێك کوڕێکی بە کوڕی خۆی بگێڕایە ئەو کوڕە هەمو مافێکی کوڕی ڕاستەقینەی بەسەرا ئەبڕاو بۆی بڕیار ئەدرا، هەروەها بۆ ئەو کەسەش کە خۆی بە باوك دائەنا، وەکو میرات لە یەك گرتنو حەرامبونی مارەکردنی کچی یەکترو خوشکی یەکتر هەروەها حەرامبونی مارکردنی ژنی یەکتر دوای جیابونەوە ئەگەر یەکێکیان ژنی خۆی تەلاقی بدایە یان بە مردن لە دوای خۆی بە جێی بهێشتایە.

ئنجا کە خودا ویستی ئەم عورفو عادەتە جاهیلیە لابەرێتو یاسای کوڕی یەکێك بە کوڕی یەکێکی دیکە بڕیاردانو زانین لە ناو کۆمەڵا بن بڕ بکات، ویستی ئەمە هەر بە فەرمانی نەبێت، بەڵکو بە شێوەیەکی هێنانەدی بێتو بێنەدی، چونکە ئەوعادەتە عادەتێك

بو رەگی لەناو کۆمەڵا داکوتابو، بۆیە وای بڕیاردا کە ئەمە لە ڕێگای پێغەمبەرەوە دەربخرێت‌و بڕیاری لە سەر بدرێت تا ئەو پێشڕەو بێت بۆ روخاندنی ئەو عادەتە، بە فەرمان پێدانی زەینەب مارکردن کە تەڵاق دراوی زەید بو، تا دەرکەوێت زەید کوڕی محمد نیەو کوڕی باوکی خۆیەتی‌و زەینەب تەڵاقدراوی کوڕی نیەو (تەبەننی) عادەتێکی غەڵەت‌و بێ‌بناغەیە.

ئنجا ئەبینین خودا لەم روەوە لە ئایەتی چوارەمی سورەتی احزاب ئەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءكُمْ أَبْنَاءكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ﴾[1] لە ئایەتی پێنجی ئەم سورەتەشا ئەفەرموێت: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾[2] هەر لەم سورەتە لە ئایەتی سی‌و حەوتەمی ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾[3].

---

١) واتە ئەوانەی ئێوە بە کوڕی خۆتانی دادەنێن — بە پێی عادەتی تەبەننی خودا بە کوڕی ئێوەی نەگێڕاوە ئەوە هەر قسەی دەمی خۆتانەو ئەساسێکی نیەو کوڕی ئێوە نین کوڕی باوکی خۆیانن. خودا چی حەقە راستە ئەوەتان بۆ دەرئەخات و ڕێی راست و تەواو نیشانی بەندەکانی خۆی ئەدات.

٢) واتە ئەوانەی بەناو بە کوڕی خۆتان گێڕاوەو وە بەناوی ئێوە بانگیان ئەکرێت ئەبێت بە ناوی باوکی خۆیان ناویان ببردرێت نەك بە ناوی ئێوە، ئەوە راست‌و ڕێکترو تەواوترە لە لای خودا. ئەگەر هات باوکیانتان نەزانی و نەناسی ئەوە ئەوانە برای دینیتانن ئەبێت بەو چاوە تەماشایان بکەن.

٣) واتە: کە زەید کاری لەگەڵ زەینەب تەواو بور تەڵاقی داو لە یەکتری جیابونەوە، ئێمە — ئەی محمد— زەینەبمان لە تۆ مارەکرد تا لە لای موسڵمانەکان گرنگ و عەیب نەبێت و دروست بێت هاوسەری ئەو کەسانە مارە بکەن کە هەر بە قسە بە کوڕی خۆتان بڕیارتان داون، ئەگەر هاوسەرەکانیان تەلاق داو لە یەکتری جیابونەوە یان مردن‌و لە دوای خۆیان بە جێیان هێشتن، چونکە ئەو شێوە ئافرەتانە هاوسەری کوڕی ئێوە نین بەڵکو کوڕی باوکی خۆیانن. فەرمانی خودا تەواوە دێتە دی.

ئنجا بۆمان دەردەکەوێت، کە مارەکردنی زەینەب لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بە فەرمانی خودا بوە خودا خۆی لێی مارە کردوە، بۆ لابردنو بنبڕکردنی عورفو عادەتی (تەبەننی) منداڵی یەکێك بە منداڵی خۆ دانان، نەك لەبەر ئەوەی حەزی لێکرد بو، هەروەکو کاڵ فامو نەفامەکان ئەڵێن.

من ئەم باسەم بە درێژی بە عەرەبی لە کتێبی (دراسات في العقيدة والتفسير والفقه المقارن) بە عینوانی من فقه قوله تعالى: ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ﴾ نوسیوەو رام لە فەرماندانی خودا، کە ئەبێت زەینەب یەکەم جار شو بە زەید بکات چی بو دەرم خستوە. هەر کەسێك بیەوێت ئەم باسەی بە باشیو بە درێژی بۆ رون ببێتەوە با لەو کتێبە تەماشای ئەو جێیە بکات.

٧ - پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی ساڵی شەشەمی کۆچی تەواو بێت بە ماوەیەکی کەم (جۆرییەی) کچی حارسی مارە کرد کە سەرۆکی هۆزی بەنولمستەلیق بو کە لایەك بو لە هۆزی خوزاعە.

ئەم هۆزە بە نهێنی ویستیان بەسەر مەدینەدا بدەن، پێغەمبەر کە بەمەی زانی بڕیاری دا کە ئەمان دەست لەوان بوەشێنن، ئنجا لەگەڵ بەشێك لە یارەکانی بەرەو هۆزەکە رۆیشتن بەرەنگاریان بون، پاش شەرێکی کەم بە سەریان سەرکەوتنو بەشێکیان لێیان بە دیل گرت، کە جۆریە یەکێك بو لەو دیلانە.

ئنجا مسوڵمانەکان کە بە دیلەکانیان گەڕانەوەو گەیشتنەوە مەدینە جۆریە خۆی گەیاندە ماڵی خاتو عائیشە، لەوێ بەسەر هاتو غەمباری خۆی عەرزی پێغەمبەری کردو داوای یارمەتیدانی کرد.

پێغەمبەر ﷺ بە حیکمەت و دوربینی خۆی تەماشای داواکردنی ئەو ئافرەتەی کردو بڕیاریدا دیلایەتی لەسەر لابەرێت و مارەی بکات، ئنجا کە مارەی کردو مسوڵمانەکان ئەمەیان زانی، لەبەر قەدەر گرتنی ئەم مارەکردنەی پێغەمبەرو خزمایەتی بەستنی لەگەڵ سەرۆکی هۆزەکە، هەمو دەستیان لەسەر ئەو دیلانەی گرتبویان بەرداو ئازادیان کردن.

هۆزەکە کە بەمەیان زانی هەمو لەگەڵ سەرۆکەکەیان مسوڵمان بون، لەم روەوە خاتو عائیشە وتویەتی هیچ ئافرەتێکم نەدیوە لە جۆریە زیاتر کە بوبێتە گەورەترین خێرو بەرەکەت بۆ قەومەکەی ئنجا بزانە دوربینی پێغەمبەر لەم مارەکردنە چەند بەرزو پڕ حیکمەت بوە.

٨- پاش سەرکەوتنی مسوڵمانەکان لە غەزای خەیبەر پێغەمبەر ﷺ صفیەی کچی حویەی مارەکرد کە لەناو هۆزی (بنو النضیر) بو کە لە کاتی خۆی کوژرا لەگەڵ ئەوانەی لەم هۆزە کوژران. مێردی دوەمی ئەم ئافرەتە کە نانەی ئیبن رەبیع بو لەم غەزایەدا کوژرا.

ئەم ئافرەتە لەم غەزایەدا بە دیل کەوتە دەستی (دیحیەی کەلبی) چەند کەسێك لە یارەکانی پێغەمبەر بە پێغەمبەریان وت ئەم ئافرەتە لە خانەدانی هۆزی بەنی قوریظە و هۆزی بەنی النضیر، بۆ تۆ نەبێت بۆ کەسێکی دیکە دەست نادات، پێغەمبەر کە تەماشای دڵ پڕ غەمی و پەشۆکاوی و لێقەوماوی ئەم ئافرەتەی کرد بڕیاریدا کەرەمی خۆی پێ ببەخشێ و خۆی دەستی بخاتە سەرو لەو دیلایەتیە رزگاری بکات و مارەی بکات، ئنجا بەرگێکی خۆی بە سەریادا کە شایەدبێت لەسەر مارەکردنی، بەمە ئەم ئافرەتەی لەو غەم و ناخۆشیەی

کە تیایا بو قوتار کرد وە خزمایەتیەکی لەگەڵ جولەکەکان بەست تا شتێك لەو دوژمنایەتیەی لەسەرین سوکی بکات.

ئەم ئافرەتە بە هەمو ئارەزویەکییەوە مسوڵمان بو و خۆشەویستی پێغەمبەر دڵی داگیرکرد، رۆژێك خاتو حەفصەو خاتو عائیشە ئەڵێن: ئێمە لە لای پێغەمبەر لە صەفیە لەبەرچاو ترو بە نرخترین، صەفیە ئەمە بە پێغەمبەر ئەگەیێنێ پێغەمبەر پێی ئەفەرموێت: نەئەبو بتگوتایە چون ئێوە لە من بە نرخترن، من خێزانی پێغەمبەرم‌و هارون پێغەمبەر باوکمە وە موسا پێغەمبەر ماممە، صەفیە لە نەتەوەی هارونە ئەمە لەناو قەومەکە دیاری‌و بڵاوە.

٩- پێغەمبەر هەر لەم ساڵەدا دوای مارەکردنی خاتو (صەفیە ئوم حەبیبە)ی کچی ئەبو سوفیانی مارەکرد کە لەکاتی خۆی لەگەڵ مێردەکەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش مسوڵمان بون‌و هەردوکیان لە بەر ناخۆشیان بەدەست بت پەرستەکان لە مەککە کۆچیان کردە حەبەشە لەوێ مانەوە تا دوای ساڵی کۆچی، مێردەکەی دوای ئەوەی حەبیبەی لێ بو لە ئاین وەرگەڕاو بو بەدیان بەڵام ئوم حەبیبە لە سەر ئاینی خۆی مایەوەو لێی جیا بوەوەو بە ناخۆشی‌و دڵ پڕ غەمی بە تەنیا مایەوەو نەی ئەتوانی بگەڕێتەوە مەککە، چونکە ئەیزانی ئەبو سوفیانی باوکی بە خورتی لە ئاینەکەی وەری ئەگەڕێ و روی پێ ئەکاتە بت پەرستن.

پێغەمبەر کە بەمەی زانی بڕیاری دا مارەی بکات‌و خۆشی بخاتە دڵی، ئنجا کاغەزێکی بۆ نەجاشی نوسی کە ئەیەوێت ئوم حەبیبە مارە بکات ئنجا کە کۆیلەیەکی قەصری نەجاشی ئەو مژدەیەی بە

ئوم حەبیبە گەیاند، ئەگەر بلوایە لە خۆشیا ئەفڕی، ئەو دو بازنەی لە دەستی بۆ دایماڵیو لە خۆشیا دایە ئەو کۆیلەیە، دوایی یەکێکی لە مسوڵمانەکان کردە وەکیل تا لە پێغەمبەری مارە بکات.

ئەم مارەکردنە لە قەصری نەجاشی هاتەدی، نەجاشی بەم مناسەبەیە لە قەصرەکەی دەعوەتێکی بۆ ئەو مسوڵمانانە کە کۆچیان کردبوە حەبەشە رازاندەوە، دوایی پێغەمبەر ﷺ، کەشتییێکی نارده حەبەشە ئوم حەبیبەو مسوڵمانەکان هەمو بۆ مەدینە گەڕانەوە ئوم حەبیبە کە ناوی رەملە بو بوە دایکێك لە دایکانی مسوڵمانان.

رۆژێك ئەبو سوفیانی باوکی کە لەبەر کارێك دەچێتە مەدینە، لەوێ رو ئەکاتە ماڵی ئوم حەبیبەی کچی کە ئەیەوێت لەسەر جێگاکەی پێغەمبەر دابنیشێت، کچەکەی جێگاکە لول دەکات تا لە سەری دانەنیشێت، باوکی پێی ئەڵێت بۆ چ جێگایەکەت لولت کرد کچە پێی وت ئەمە جێگای پێغەمبەرە تۆ پیاوێکی بت پەرستی، نابێت لەسەر ئەم جێگایە دابنیشیت.

ئەوا دیتمان پێغەمبەر ئەو ئافرەتەی لەبەر سوربونی لەسەر بڕواو ئیمانی خۆی لەو غەریبییەی کە لە مێردەکەی جیا بۆوە بە بێکەسو بە بێ ئیدارە مایەوە مارەکرد، نەك لەبەر زۆر حەز لە ژن هێنان هەروەکو دڵ رەشە پڕ کینەکان ئەڵێن.

١٠- لە ساڵی حەوتەمی کۆچی کە پێغەمبەر بۆ عومرە بە جێهێنان چوە مەککە، مەیمونەی کچی حاریسی مارە کرد کە خوشکی خێزانی جەنابی عەباسی مامی بوو پوری خالدی کوڕی وەلید بو، ئەمیش

وەکو خێزانەکانی تری پێغەمبەر ﷺ بێوەژن بو، بەڵام پێغەمبەر دوای مارە کردنی ناوی بە مەیمونە گۆڕی.

ئەم ئافرەتە کە چاوی بە مسوڵمانەکان کەوت کە چۆن عومرە ئەکەن خۆشیو گەشی روی تێکرد ئارەزوی مسوڵمان بونی کردو دڵی بە پێغەمبەرەوە بەند بوو ئەمەی لای خوشکی درکاندو ئەمیش ئەوەی بە جەنابی عەباسی مێردی وت، عەباسیش ئەمەی بە پێغەمبەر گەیاند. پێغەمبەر کە ئەمەی بیست بینی پێویستە لەبەر عەباسی مامیو لەبەر خالیدی کوڕی وەلید ئارەزوی ئەم ئافرەتە بەجێ بێنێو مارەی بکات، جگە لەوەی کە دیتی ئەبێت نرخ بداتە ئەو ئافرەتەو مسوڵمان بونی.

ئەم ئافرەتە دواترین خێزانەکانی پێغەمبەر بو، دوای ئەم ژنی دیکەی مارە نەکرد، چونکە خودا لە ئایەتی پەنجاو دو لە سورەتی (الأحزاب) پێی فەرموو: ﴿لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاء مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ ...﴾، واتە: لەمەو بەدوا ژن هێنانی دیکەت بۆ دروست نیە، هەروەها دروست نیە دەست لە چەند هاوسەرێکت بەردەیتو ئافرەتی دیکە بێنیتە جێیان هەر چەندێك جوانیانت بە دڵ بێ.

(جان بروا) کە موستەشریقێکی گەورەی فرنسیە لە لاپەڕەی (١٠١)ی کتێبەکەی (محمد ناپلیۆن السماء) ئەڵێت: ئەوانە چەند نا تێگەیشتوێکن کە بیر ناکەنەوە لە فرە ژنی پێغەمبەر، کە هەر ژنێکی لەبەر حیکمەتێکی بەرز بوە دوای ئەوەی پەنجا ساڵی ژیانیان تێپەڕ کرد. مەبەستێك لە مەبەستەکانی مارەکردنی مەیمونە کە

پوری خالیدی کوڕی وەلید بو ئیسلام بونی خالید بو کە لە شەڕا ئەفسەرێکی ڕەشیدو تواناداڕو خاوەن پلان بو.

لە نزیکی ئەو کاتە واتە لە ساڵی هەشتەمی کۆچی خودا ڕاددەی بۆ فرە ژنی دانا، کە لە یەك کاتدا دەست بەسەر چوار زیاتر گرتن دروست نیە، ئنجا پێغەمبەر فەرمانی دایە ئەو یارانەی کە لە چوار ژن زیاتریان لایە ئەبێت دەست لەسەر ئەو زیادەیە هەڵ بگرن. پێغەمبەر خۆی لەوکاتەدا دەستی بەسەر نۆ ژنەوە بو کە لەوە پێش زانیمان هەمویان بێوەژنو پیر بون، جگە لە خاتو عائیشە بەلاّم دەستی لەسەر کەسیان هەڵنەگرت، چونکە ئەو ڕاددە دانە ئەوی نەئەگرتەوە، چونکە هەروەکو زانیمان پێغەمبەر هەر ژنێکی لەبەر مەبەستێك و حیکمەتێك مارە کرد بو، دەست بەردان لەسەر هەر کامێکیان نە ئەگونجا لەگەڵ ئەو مەبەستو مەرام و حیکمەتەو هەڵیانی ئەوەشاندەوە.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پێغەمبەر دەستی لە سەر هەر کامێکیان هەڵبگرتایە ئەوە بە بێ ئیدارەو گوزەران ئەمایەوەو کەس بۆی نەبو دەستی مارەکردنی بۆ درێژ بکات، چونکە خودا خێزانەکانی پێغەمبەری بە دایکی مسوڵمانەکان بڕیار دابو هەروەکو لە ئایەتی شەشەمی سوڕەتی (الأحزاب) ئەفەرموێت: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾[1].

---

١) واتە: پێغەمبەر لە دوای موسڵمانەکان ئەبێت لە خۆیان نزیك ترو خۆشەویست تر بێت. خێزانەکانی لە مەعنادا دایکی موسڵمانەکانن، ئەبێت بەر چاوە تەماشا بکرێنو لەگەڵیانە بجوڵێنەوە.

هەر لەم سورەتەدا لە ئایەتی پەنجاو سێ ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا﴾[1].

دەربارەی ئەم باسە هەر کەسێك ئەیەوێت با تەماشای ئەم کتێبانە بکات :

١) (حياة محمد) بە قەڵەمی حوسێن هەیکەل .

٢) (نساء النبّي) بە قەڵەمی عائیشە بنت شاطيء

٣) (تاريخ الأمم الاسلامية) بە قەڵەمی خوضەری

٤) (محمد ناپليون السماء) بە قەڵەمی مستشريقی فرنسی جان برۆ.

٥) (محمد رسول الله) بە قەڵەمی زانیاری فەرنسی لات بين دينييەو سولێمان ئیبراهیمی جزائیری.

---

١) واتە: هیچ کاتێك نابێتو بۆتان نیە ئازار بە پێغەمبەر بگەیەننو عاجزی بکەن، هەروەها نابێتو ناکرێت دوای خۆی رو بکەنە هاوسەرەکانیانو مارەیان بکەن، چونکە ئەو هاوسەرانە بە دایکی خۆتان بڕیار دراون.

لە ژنێـك زیاتر هـێنـــان

ڕەخنەیەكی دیكە لەو ڕەخنانەی كـە ئـایین وەرگـەڕاوەكان ڕوی پـێ ئەكەنە ئایینی ئیسلام ئەوەیە كە ئەڵێن بۆچی ئـەم ئاینـە ڕێ ئـەدات پیاو لە هاوسەرێكی زیاتر هەبێت؟ بۆ چ وەكو دیانەكان لـە وڵاتـەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نابێت دەستی بە سەر هاوسەرێك زیاتر هەبێت.

یەكێك لەو ئایین وەرگەڕاوانە وتویەتی، ئەگەر دروست بێت پیاو لـە كاتێكدا لە هاوسەرێك زیاتری هەبێت بۆ دروســت نیـە ئافرەتێـك لـە مێردێك زیاتری ببێت؟ ئەگەر ئەو زیادەیە بۆ پیاو ڕێـكو تـەواو بێـت، ئەبێت بۆ ئافرەتیش هەر وابێت.

ئنجا ئێمە لەم ڕووەوە هەندێك ئەدوێین و پوچەڵی ئەو ڕەخنـەو قـسانە ئاشكرا ئەكەین، بەڵام لە پێشان ئەم دو خاڵە ئەخەینە بەرچاو:

أ - ئەوەی ئەڵێت بۆ چ دروستە پیاوێك لـە كاتێكـا لـە هاوسـەرێكی زیاتر هەبێت و دروست نیە ئافرەتێك لە كاتێكدا لە مێردێك زیاتری بێت. ئەو كەسە پێی ئەوترێت بەڵێ دروســت نیــە، چـونكە ئەگـەر دایكت دو سێ مێردی ببوایە تۆ باوكی خـۆت نـە ئەناسـیەوە نـەت ئەزانی كام مێردیان باوكتە، ئنجا بۆ ئەوەی تۆ بزانـی كـێ باوكتـە نابێت دایكت دەستی لەگەڵ مێردێك زیاتر بەند بێت.

ئەمە لە لایەك لە لایـەكی دیكـەوە دیـارو ئاشـكرایە، دەسـتوری كۆمـەڵایەتی لە لایەن خێزان دارێەوە بەندە بە بەند بونی ئافرەت لـە یەك كاتدا بە یەك مێردو بەس، چـونكە مێردەكـەی ئـەزانێت ئـەو مـنداڵانەی لەو ئافرەتە ئەبێت بێگومان هەمویان نـەوەی خۆیـەتیو

پارچەیێکن لە گیانو هەناوی، لەبەر ئەمە خۆشەویستیان دڵی داگیر ئەکاتو بە باشی هەوڵ ئەدات ژیانو گوزەرانیان بە جوانی بۆ بڕەخسێنێت، نێرەکانیان تا ئەگەنە رادەی مرۆڤایەتیو، مێیەکانیش تا ئەکەونە ژێر سێبەری مێردەکانیان.

بەڵام ئافرەتێك ئەگەر بەندایەتی لەگەڵ پیاوێك زیاتر بوو چەند منداڵێکی بو کام مرۆڤیان خۆی بە باوکیان ئەزانێتو ڕەحمی هەڵی ئەگرێتە سەر ئەوەی چاوەدێریان بکاتو دەستی باوکایەتیان بە سەرا بێنێت.

ب- ئایا وایە (هەر وەکو ئەڵێن) دیانەکان لە وڵاتە ڕۆژئاوایەکانو ڕۆژهەڵاتیی یەکان هەر یەکە دەستی لەگەڵ ئافرەتێك بەندە کە هاوسەریەتیو نابێت لەگەڵ ئەوا ژنێکی دیکەی هەبێتو دەستی لەگەڵیا بەند بێت؟ بێگومان نا وانیە. چونکە ئەوانە ئەگەر بە پێی راکێشانی کەنیسە بە زاهیری لە ژنێك زیاتر هێنانیان لا قەدەغە بێت، بە نهێنی رو کردنە ئەم زیادەیە بە بێ شەرم وعەیب و حەرام بون یان رێك دروستە.

زۆربەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە کە هەر یەکە بە حەڵاڵی دەستی بە دەستی ژنێکەوەیە، بە نهێنیو حەرامی دەستی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکە تێکەڵاوەو دڵی پێیانەوە بەندەو لە هاوسەرەکەی زیاتر لە گەڵیان رائەبوێرێت. واش ئەبێت ژنی یەکێك لەوانە کە بە کردەوەی مێردەکەی هەست ئەکات ئەویش بۆ خۆی دەست لەگەڵ دۆستێك یان زیاتر لە دۆستێك بەند ئەکات، وا ئەبێت مێردەکەی بەمە ئەزانێت بەڵام چاوی لێ ئەپۆشیو دەنگ ناکات.

ئنجا ئەگەر مرۆڤێکی مسوڵمان دەستی بە حەڵاڵی لەگەڵ ئافرەتێك زیاتر بەند بێت – کە ئاین سنورێکی بۆ داناوەو بۆ دروست بونی روکردنە ئەو زیادەیە چەند مەرجێکی بڕیارداوە. بەشی زۆری مرۆڤانی ئەو وڵاتانە بە حەرامی دەستی لەگەڵ چەند ئافرەتێك بەندەو هەر رۆژەی بە پاڵ یەکێکەوەیە، بەبێ ئەوەی یاساو قانون قەدەغەیەکی بۆ دابنێت‌و کۆمەڵایەتیش بە عەیب‌و حەرامی بزانێت‌و شەرم‌و حەیا روبکاتە یەکێك. ئەمە کارێکە گومان هەڵناگرێت، ئەوانەی رو ئەکەنە ئەو وڵاتانە ئەمەیان لا ئاشکرایە و باشی ئەزانن.

بۆ دور بڕۆین، سەرۆکی کۆماری فەرەنسای پێشو (میتەران) لەگەڵ ئەوەی هاوسەری مارەکراوی هەبو، بە ئاشکرا بەندایەتی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە بەستبوو لەگەڵی ڕای ئەبوارد، ئەمە بە ئاشکرا جگە لەوەی کە بە نهێنی بووەو رویتێکردوە.

وەلی عەهدی بەریتانیا (ئەمیر چارلز) لەگەڵ ئەوەی (دەیانا) هاوسەری مارەکراوی بوو دو کوڕی لێ هەبو، دەستی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە تێکەڵاو کرد بو بە ئاشکرا لە گەڵی رای ئەبوارد، ئەم کارە وای کرد بەینی لەگەڵ (دەیانا) تێك بچێت‌و لێك جیاببنەوەو هەردولا دەری بخەن کە رویان لە دامێن پیسی کردوە تاکەنیسە بە تەڵاقدان رێبدات.

هەروەها – سەرۆکی کۆماری ئەمەریکا پێش جۆرج بۆش (بل کلنتن) لەگەڵ ئەوەی هاوسەرێکی هەیە لەو جێیەی پێی ئەڵێن (کۆشکی سپی) واتە سەرای کۆماریەتی دەستی لەگەڵ کچێك تێکەڵاو کردبو دامێن پیسی لەگەڵ ئەنواندو کچە بە بێ هیچ شەرمێك دانی بەمەیانا، بەرلەمانیە جمهوریەکان لە بەرلەمان ئەمەیان لێ کردە هەرا تا لە سەرۆکایەتی کۆماری لایبدەن‌و ئیستقالەی پێبکەن، نەك لە

بەر ئەوەی ئەو کارەیان پێ عەیب بو، بەڵکو لەبەر رقەبەری حیزبایەتی لەگەڵ دیموکراتیەکان کە ئەو سەرۆکیان بو (بل کلنتن) ئەمەی لێ ئاشکرا بو، ئەوەبو کە بە ئێزگە بە هەمو عالەما بڵاو کرایەوە، ئنجا ئەبێت بە دزی دەستی لەگەڵ چەند ئافرتی دیکە تێکەڵاو بوبێت.

هەروەها لەم رۆژانەیا - کە ئەمە ئەنوسم - دەرکەوت و لە ئێزگەکان بڵاوکرایەوە کە سەرۆکی کۆماری ئیسرائیل (کاتساف) بە خورتی دامێن پیسی لەگەڵ ئافرەتێك نواندوەو بۆ هێنانەدی ئەو کارە شەڕی بە چەند کچێك فرۆشتوە، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی هاوسەرە.

ئەم کردەوەیەی ئێستاکە دراوەتە دادگاو لێپرسیاری، ئەم رۆکە واتە ٢٠٠٧/١/٢٥ من لە تەلەفزیۆن (کاتسافم) دیت بە پەشۆکاوی و بە تورەیی داوای لە پەرلەمان کرد تا دەرکەوتنی محاکەمە کە ئیجازەی بدەنێ. لە پەرلەمانیش داوای لێکرا کە خۆی لە سەرۆکایەتی کۆمار بکێشێتەوە.

بڵاوبونەوەی دامێن پیسی لە ناو کۆمەڵا لەو وڵاتانەیا هەندێك قەڵەم بەدەستیان‌و باش تێڕوانی هەڵگرتۆتە سەر ئەوەی خراپی ئەم کارە چڵکنە حەرامە دەربخەن‌و داوا بکەن رێ بدرێت مرۆڤ بتوانێت لە ئافرەتێك زیاتر مارە بکات.

فەیلەسوفی بە ناوبانگی ئەڵمانی (شۆبنهۆر)، وتویەتی رۆژهەڵاتیەکان مەبەستی مسوڵمانەکانە - رێی راستیان خستۆتە بەرچاو کە بڕیاریان داوە مرۆڤ بتوانێت لە کاتێکا لە ژنێك زیاتر مارە بکات، ئەمە کارێکە ژیان رێی پێ ئەدات‌و بە پێویستی دائەنێت، هەروەها ئەڵێت زۆر عەجایەبە کە ئەوروپاییەکان رەخنە لەمە ئەگرن بەڵام خۆیان بە کردەوە دوای ئەکەون، وابزانم ئەوانە کەسێکیان تێدا نیە کە بە ڕاستی دەستی بە

دەستی یەك ژنەوە بێتو ڕو لە هیدیکە نەکات [1].

هەر لەم رووەوە زانیاری ئیجتیماعی (جۆستاف لۆبۆن) ئەڵێت: لە ژنێك زیاتر هێنان بە حەڵاڵی لای مسوڵمانەکان گەلێك باشترە لە بە حەرامی روتێکردنیان لە لایەن ئەوروپیەکان کە منداڵ بونی زۆڵی لێ رو ئەدات.

هەروەها ئەبینن ئافرەتێکی خاوەن قەڵەمی ئینگلیزی لە غەزەتەی (لەندەن ثروت) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە تیا ڕای زانیاری عیلمی ئیجتیماعی (تۆمس) پەسەند کردوە کە وتویەتی هیچ ڕێگایێك نیە رابوەستێت بەرامبەر ئەو کچانەی کە ڕو ئەکەنە دامێن پیسی تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕێ لە ژنێك زیاتر هێنان بدرێتو مرۆڤان بتوانن لە هاوسەرێك زیاتر بۆ خۆیان بێنن [2].

هەیئەتی ئومەمی موتەحیدە لە ساڵی ١٩٥٩ ئامارێکی بڵاوکردەوە، تیایە دەری خست کەنسبەتی منداڵانی بێباوکی زۆڵ لە وڵاتانی رۆژئاوا گەیشتۆتە لەسەد شەست، ئەمە لە هەندێك وڵاتانا نسبەتەکەی گەیشتۆتە لەسەدا حەفتاو پێنج وەکو وڵاتانی (پەناما) هەروەهاش لە ئەمریکای لاتینیش.

ئەم نسبەتە کە لە ساڵی ١٩٥٩ وا بوبێت ئەبێت ئیستاکە نسبەتەکەی گەیشتبێتە چ رادەیێك لەو وڵاتانەی کەلە شورەی رەوشت بەرەڵابونو ڕوکردنە دامێن پیسی تیانا وەکو ئاو لێخواردنەوەی لێهاتوە.

ئەو ئامارە وانیشان دەدات کە ئەو نسبەتە لەوڵاتەکانی مسوڵمانەکاندا هیچ بونێکی نیە، واتە سفرە.

---

١) زانیاری دانای بەرز محەمەد زاهیدی کەوسەری: (الاحکام الشرعیة للاحوال الشخصیة) الأحوال الشخصیة، لاپەڕە ١٩٨

٢) تەفسیری مەنار ٤/٢٢٨ هی سەیید رەشید رەزا.

لە كۆماری میسری عەرەبی کەزیاد حەزارەتی رۆژئاوا روی تێكردوە ئەو نسبەتە یەك لەسەدا کەمترە.

ئەم ئامارەی هەیئەتی ئومەمی موتەحیدە لە ساڵی ١٩٦٠ غەزەتەی (هیندۆستان نایم)لە مانگی ئەیلول لە ژمارەی دوانزەی غەزەتەکە بڵاوی کردۆتەوە.

خاوەنی غەزەتەکە ئەڵێت وڵاتە مسوڵمانەکان لەم بەڵایەلە- واتە منالآنی زۆڵی بێباوك – دورن چونکە لەژنێك زیاتر هێنا نیان لاقەدەغەنیە وەکو وڵاتەکانی دیکەی غەیرە مسوڵمان.

ئنجا ئێمە ئەڵێین ئەگەر ئەمە هۆکاریك بێت، بەڵان هۆکاری دیارو ئاشکرا ئەوەیە کە ئاینی ئیسلام زینای بە گوناهیکی گەورە داناوە و حەرامی کردوە سزای تایبەتی بۆداناوە.

ئەگەر ئەم کارە لە نێوان پیاوو ئافرەتێك ڕوبدات – کە زۆر بەکەمی ڕوئەدات – رودانەکە زۆر بە نهێنی دێتەدیو ڕێی منالّ بونی لێ ئەبردرێت.

دوای ئەوەی ئەو دوو خاڵەمان خستە بەرچاوو کەمێك لێی دواین ئنجا با ڕوو بکەینە لاێیکی دیکەی باسەکەو بە چەند خاڵێك رونی بکەیەنەوەو لێی بدوێین.

پێش هاتنی ئاینی ئیسلام فرەژنی لەلای عەرەبەکان—هەروەها لەلای میللەتەکانی تریش عورف و عادەتی ئەوکاتە بوە. مرۆڤی وابوە لە یەك کاتدا دەستی مێردایەتی بەسەر دە ئافرەت یان لە دە ئافرەت زیاتر بوە.

دەستی مێردایەتی بەسەر زۆر ئافرەت گرتن شایەد بوە لەسەر تواناو ماقولیی و لەبەرچاوبونو شەرەفداری ئەو کەسە بوە لەناو هۆزو کۆمەڵا.

ئاینی ئیسلام دوای هاتنی بە نزیکەی هەشت ساڵ لە کاتێکا زیاد

لە چوار ژن هێنانی قەدەغە کردو ڕێی ئەوەی دا کە پیاوێك تا چوار هاوسەری هەبێت، بە مەرجێك بتوانی عەدالەت لە بەینیان بێنێتەدی لە ڕابواردنو ئیدارەو جلو بەرگو خانەنشینیو هەمو کارێکی تری خێزانداری، تەنها خۆش ویستن نەبێت، چونکە ئەوە کارێکە بەندایەتی بە دڵەوە هەیە کە مرۆڤ ناتوانێت عەدالەت لە خۆشویستن لە بەینی هاوسەرەکانیدا بێنێتەدی.

لەگەڵ ئەمەیا بڕیاری دا ئەگەر مرۆڤ ترسی ئەوەی هەبو کە ناتوانێ عەدالەت بەجێ بێنێت نابێت لە هاوسەرێك زیاتر بێنێت. خوای بەرزی بێوێنە لە ئایەتی (٣) لە سورەتی (النساء) ئەفەرموێت: ﴿.. فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً﴾[1].

ئاینی ئیسلام فەرمانی نەداوە بە فرە ژنی بەلام ڕێی لێ نەگرتوە چونکە ئاینێکی عەمەلییە، تەماشای زروفو کاتو پێویستی کۆمەلایەتی ئەکاتو، بەو پێیە یاساو قانون دادەنێت، تەمەشای کردوە کە هەندێك حالو زورروف وا ئەخوازێ کە پیاو بتوانێت لە ژنێك زیاتر مارە بکات، هەندێك لەو حاڵو زروفانە ئەمانەن کەوا لەم خالانەی کەوا دێن ئاماژەی بۆ ئەکەین.

١- پیاو لە ئافرەت زیاتر خەتەرو لەناوچون لە هەمو روێکی ژیان روی تێئەکات، وەکو کارکردن لە کارگە گەورەکانو لەناو کانگاکانو سەفەرکردن بە ئۆتۆمبێلو کەشتیو فرۆکەکان، هەلاکەتو لەناوچون

---

١) واتە: لەو ئافرەتانەی کە بە دڵتانە، ئەتوانن یەکێك یان دوان یان سیان یان چوار مارە بکەن بەمەرجێك عەدالەت لە نێوانیان بێنەدی، بەلام ئەگەر ترسی نەتوانینی عەدالەت هێنانەدیتان بو ئەبێت هەر ئافرەتێك بە هاوسەر بگێرن. دوای ئەمە ئەلێم فەرمایشتی خودا کە ئەفەرموێت: (فانكحوا....) فەرمان نیە لە ژنێك زیاتر هێنان، بەلکو مەبەست پێی ڕێپێدانو دروست بونە، وەکو فەرمایشت کە ئەفەرموێت: (... واذا قضيت الصلاة فانتشروا...)

بە زۆری ڕو لە پیاو ئەکات لە کاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشی سەختی بە هیلاك بەرو لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی بەهێز لە بەینی دەوڵەتەکان.

ئەمانە وا ئەبەخشن کە ژمارەی ئافرەت لە هەمو جێیێك بە چەند جار زیاتر بێت لە ژمارەی پیاو. ئنجا لە ناو کۆمەڵا هەر پیاوێك ئافرەتێك مارە بکات بەبێ ئەوەی پیاوێك بەرەبەنی بمێنێتەوە ئەبینین بەشێکی زۆر لە کچانی عازەب بە بێ مێردن‌و بەشێکی زۆریش لە ئافرەتان کە مێردەکانیان لە شەڕا بەر هەلاکەت کەوتون‌و بەبێ ئیدارەو کەس‌وکارو مێرد ماونەتەوە.

بەشێك لەوانە بە کچەکان‌و بە بێوەژنەکان زروف وایان لێ ئەکات بە ئاشکراو بە نهێنی ڕوبکەنە خەراپەو دامێن پیسی کە منالی زۆری لێ رو ئەدات – ئەمە کارێکی دیارو ئاشکرایەو گومان هەڵناگرێت لە وڵاتەکانی ئەوروپا، بەمە کۆمەڵایەتی لە چەند روێکەوە خەراپەو شڵەژان روی تێ ئەکات. بەڵام ئەگەر ڕێ بۆ ئەو مرۆڤانەی هەبوو توانادارن لە ژنێك زیاتر بێنن، تا رادەیێك لەناو کۆمەڵا بەر لەو خەراپەو شڵەژانە ئەگرێت.

بۆیە ئەبینین مەجلسی نورنبرج لە ئەوروپا لە ساڵی (١٦٥٠) دوای ئەو شەڕانە رویدا بڕیاریدا کە پیاو بۆی هەیەو ئەتوانێت لە ژنێك زیاتر مارە بکات، کە دیتیان ئەو شەڕانە بەشێکی زۆری لە مرۆڤەکان قوتداو ژمارەیێکی زۆر لە ئافرەتان بەبێ‌هاوسەرو بەبێ ئیدارەو گوزەران‌ماونەتەوە.

هەروەها بۆیە ئەبینین دوای جەنگی جیهانی دوەم کە چوار ساڵ بەردەوام بو بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی ئەڵمانیا خۆنیشاندانێکیان کرد بۆ ئەوەی ڕێ بدرێت پیاو بتوانێت لە ئافرەتێك زیاتر مارە بکات، چونکە دیتیان ژمارەی ئافرەتان بۆتە نۆ چەندانەی ژمارەی مرۆڤەکان، چونکە

شەڕ بەشێکی زۆر ئەستوری لە مرۆڤەکان لەناو بردبو بوبوە هۆی بڵاوبونەوەی دامێن پیسێیکی زۆر لە بەینی ئافرەتەکانیانو ئەفسەرو سەربازەکانی ئەمەریکاو فەرەنساو ئینگلیز بە شێوەیێك زۆر منالی زۆڵی لە دایك بوی تازە فڕێ ئەدرانە ناو کۆڵانو باغچە گشتیەکان، کە ئەمە ئەرکێکی زۆری بۆ کار بەدەستان بەرهەم هێنابو.

لەم روەوە دکتۆر محمد یوسف ئەڵێت: منو مامۆستایێکی زانای برادەرم لە ساڵی (١٩٤٨) دەعوەت کراین لەگەڵ بەشێك لە زاناو تێگەیشتو لە دەرونناسیو کۆمەڵناسی لە ئەوروپا بۆ کۆنگرەیێکی گەورە لە (مونیخ) لە ئەڵمانیا بۆ رێ دۆزینەوەی چارەکردنی زۆر بونی ئافرەتان بە چەند جارێك لە ژمارەی پیاوانو بڵاوبونەوەی ڕەوشت خەراپیو دامێن پیسی هەروەها بۆ چۆن چارەسەرکردنی ئەو گرفتە.

ئەڵێت لە کۆنگرەکە چەند رایەكو رێگایەك خرایە بەرچاو، بەلاّم دوای لێکۆڵینەوە یان هیچ کامێکیان پەسند نەکردرا. بەلاّم منو ئەو مامۆستایەی کە لەگەڵم بو دەرمان خست کە باشترین رێ بۆ ئەم چارەسەریە ئەوەیە کە ڕێ بدرێت — وەکو ئایینی ئیسلام — مرۆڤان بتوانن لە ژنێك زیاتر مارە بکەن، ئەگەر ئەمە بە تەواوی گرفتەکە بنبڕ نەکات بەشێکی زۆری لێ کەم ئەکاتەوە. ئەڵێت ئەم ڕایە کە خرایە بەرچاوو لێکۆڵینەوە پەسند کراو کۆنگرەکە بڕیاری لە سەرداو دوای ئەمە دانیشتوانی (بۆن) کە لەوکاتە پایتەختی ئەڵمانیا بو داوایان کرد کە دەستوری وڵات بەندێکی تێبخرێت کە رێ بدات بۆ لە ژنێك زیاتر هێنان.

بۆ چ دور بڕۆین حکومەتی بەعث لە عێراق لە کاتی خۆی مادەیەکیان خستە قانونی ئەحواڵی شەخصی، کە نابێت کەس لە ژنێك زیاتر مارە بکات تەنیا بە رێدانی قازی نەبێت، بەلاّم کە شەڕ

لە نێوان عێراق‌و ئێران ڕویداو هەشت ساڵی خایاند، دیتیان بە هەزاران کەس کوژران‌و ژنەکانیان بە بێوەژنی و بەبێ ئیدارەمانەوە، ئەمە گرفتێکی گەورەی بۆ وڵات نایەوە.

مەجلسی قیادەی ثورة بە ژمارە (١٧٠٠) لە ١٩٨٨/١١/١٢ بڕیاری بە لابردنی ئەو ماددەیە لە قانونەکەداو ڕێیدا بە ژنێك زیاتر هێناندا بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕێدانی قازی هەبێت.

٢- وا ئەبێت پیاوێك ئافرەتێك بە هاوسەر ئەگیرێت پاش ماوەییك ژنە توشی نەخۆشییێکی وا ئەبێت کە نابێت لەگەڵ مێردەکەیا ژنایەتی‌و مێردایەتیان لە بەینا روبدات، نەخۆشیەکەش لە سنوری تیمار کردن ئەچێتە دەرەوەو مێردەش لەکاتی شۆخی‌و گەنجایەتیا ئەبێت‌و پێویستی تەواوی بە ئافرەت ببێت. ئنجا لەم حاڵەتەدا یان ئەبێت ڕێ بدرێتە مێردە تا روبکاتە عەرزو ناموسی خەڵك‌و دامێن پیسی، یان ژنەکەی بەو نەخۆشیەی لەسەریەتی تەلاق بدات بۆ ئەوەی بتوانێت ژنێکی دیکە بێنێت ئەگەر ژنهێنانی لێ قەدەغەبێت، یان قەدەغە نەبێت‌و مێردە بتوانێت رو لە ئافرەتێکی دیکە بکات‌و مارەی بکات‌و لە هەمان کات بە چاوی قەدرو حورمەت تەمەشای ژنە نەخۆشەکەی بکات. ئنجا بڕواناکەم خاوەنی بیروهۆشی تەواو لەم ڕێیەی سێیەم لابدات‌و لای دورست نەبێت مێردە ژنێکی دیکە بێنێت.

ئەشێت یەکێك بپرسێت ئەگەر حاڵەکە بە پێچەوانە بو، مێردە توشی ئەو نەخۆشیە بو ژنە پێویستی بە یەکگرتن لەگەڵ مێرد هەبو. لەم حاڵەیا ژنە ئەتوانێت داوا لە قازی بکات تا پەیوەندی لەگەڵ مێردەکەیا بپچڕێت، ئەگەر مێردە نەیویست تەلاقی بدات.

٣- وا ئەبێت ئافرەتێك ئەیەوێت شو بكات‌و لەژێر سێبەری مێردا ژیان بەرێتە سەر بەڵام كزی جنسی لائەبێت، ئنجا كە مێرد ئەكات ئەوەندە حەز بە جوت بون لەگەڵ مێردەكەی ناكات، بەڵام مێردەكەی لە كاتی شۆخی‌و تیژی گەنجایەتی ئەبێت‌و بە زۆری بەبێ ئەو جوت بونە نەبێت ئیدارەناكات، لەم حاڵەتەیا ئەگەر ژنهێنانێكی دیكەی لێ قەدەغەبێت ئەبێت ژنەكەی تەڵاق بدات تا بتوانێت رو لە ئافرەتێكی دیكە بكات، ئنجا ئایە ئەمە باشترە یان ڕێی ژن هێنانێكی دیكەی هەبێت‌و ژنێكی دیكە بێنێت‌و ژنی یەكەمیشی بەخۆشی لە ژێر سێبەریا ژیان بەرێتە سەر.

٤- وا ئەبێت پیاوێك ژنێك مارە ئەكات، دوایی بۆی دەرئەكەوێت ژنەكە نەزۆكەو منالی نابێت، بەڵام مێردە زۆر حەز لە نەوەو منداڵ ئەكات، ئنجا ئایە باشتر ئەوەیە ئەو مرۆڤە ژنەكەی تەڵاق بدات‌و بەبێ ئیدارەو مێردو گوزەران بمێنێتەوە، تا بتوانێت ژنێكی دیكە بێنێت ئەگەر بۆ ئەم ژن هێنانە ڕێگا نەبێت، یان ئەم ڕێگایەی بۆ هەبێت، تا بە جوانی هەردو ژنەكەی لەژێر باڵی خۆی بحەوێنێتەوە.

٥- ئافرەت بە زۆری دوای تەمەنی چل ساڵی ئەو پەڕەكەی تا چل‌و پێنج ساڵی توانای منالّ بونی نامێنێت‌و زگ ناكات، لە كاتێكا مرۆڤی وا هەیە تا تەمەنی هەشتا ساڵی‌و نەوەت ساڵی بە یەك گرتن لەگەڵ ئافرەت توانای ئەو ڕەخساندنەی ئەبێت.

ئنجا ئەگەر ئافرەتێك شوی كرد بە یەكێك لەم شێوە مرۆڤانەو لە زگ كەوتن كەوت‌و پیاوەكە زۆر بۆ نەوەو منداڵ زۆر تینوێنی بو هەروەها لە ماڵو بەدەنا توانا داربوو ئارەزوی هێنانی ژنێكی كەی

کرد بۆ ڕێی نەبێت ژنێکی دیکە بینێت و بیخانە پاڵ ژنی یەکەمی و ژیانیان بە باشی بۆ بڕەخسێنێ و چاوی ڕون بێت و دڵی گەش بێت بە منالآنی لە ژنی تازەی و نەوەو نەتەوەی زۆربێت لەناو کۆمەڵ و وڵاتدا، چونکە زۆری ئەندامان تیانا مەرجێکە لە مەرجەکان بۆ پێش کەوتنی شارستانییەت و حەزارەت.

٦- شێوەی ژیان و ئیدارەی هەندێك کەس وا ئەخوازێت لە ژنێك زیاتر مارەبکات، بیەوێت یان نەیەوێت.

ئەوانەی لە لادێیەکان دائەنیشن ڕوئەکەنە گەلێك کار، لە لایێك خەریکی زەوی کێلان و زەراعەت و چاندنی باغەوباغاتن، لە لایێکی دیکەوە خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالآتن و ئەوەی لێیان ڕوئەدات ئەبێت بە باشی دەسگیری بکەن، چونکە لایێك لە لایەکانی گوزەرانیان بۆ ئەرەخسێنێ وەکو شیرو ڕۆن و ماست و پەنیرو خوری.

هەستان بەم کارانە پێویستی بە چەند دەستێك هەیە لە پیاو و لە ئافرەت، ئەو کارانەی کە ئافرەت پێی هەڵئەستێ وا ئەبێت بە یەکێك نەیێتەدی، ئەبێت لە یەکێك زیاتربێت، هەروەها ئەو کارانەی کە ئەبێت پیاو پێی هەڵستی وا ئەبێت لە توانای مرۆڤێك زیاتر بێت.

ئنجا لەم شێوە ڕابواردنەدا کار وا ئەخوازێت کە پیاو ئەبێت لە هاوسەرێکی زیاتر هەبێت تا ئەو کارانەی کە ئەبێت ئافرەت پێ هەڵبستێت بەباشی بڕەخسەندرێ و بەڕێکی بێتەدی، هەروەها لێرەدا کار وا ئەخوازێ کە ڕێ هەبێت مرۆڤ بتوانێت لە ئافرەتێك زیاتر مارەبکات، تا نەوەی لە نێرومێ بێتەرو، کچەکان کە گەورەو عازەب ئەبن بە کارەکانی لایێك لە کارەکانی دایکیان هەڵئەستن و ئەرکی سوك ئەکەن.

دەست بەسەر ئەسیرا گرتن

ڕەخنەیەکی کەی لەو رەخنانەی کە دوژمنانی ئایینی ئیسلام لە ئایین وەرگەڕاوەکان روی پێنەکەنە ئەم ئایینە ئەوەیە کە ئەڵێن ئەم ئایینە یاسای بۆ دەست بەسەر کۆیلەگرتن داناوەو ئەسیر لەژێر رەشماڵی ئەم ئایینە لە ژیانێکی ناخۆشابوەو دەستی کوشتنی بۆ درێژکراوە.

پێش ئەوەی پوچەڵی ئەم ڕەخنە دەربخەین‌و لەبەرچاو ئاشکرای بکەین پێویستە بزانین میللەتانی پێشو بە چ چاوێك تەماشای ئەسیریان کردوەو چۆن مامەڵەیان لەگەڵ نواندوە.

سۆمەریەکان هەرکەسێکیان بە ئەسیر بگرتایە بە کۆیلەیان ئەگێراو ئیشوکاری سەختیان پێیان ئەهێنایە دی‌و ئەوەی لەلایان لە پێویست زیاتر بوایە ڕوی کوشتنیان تێ‌ئەکرد.

بابلیەکان هەرکەسێکیان لە ناحەزەکانیان بگرتایە زۆر بە ئازارو توندی‌و خراپی ڕویان تێ‌دەکرد.

پاشاکەیان (بوخت نەسر) کە هێرشی بردە سەر وڵاتی شام و فەلەستین شمشێری سەربازەکانی جولەکەکانی ئەدوریەوەو ئەوەی لێیان ئەمایەوە ئەکرا بە کۆیلەو ژیانی تاڵ‌و سەختیان پێیان ئەچێشت.

جولەکەکان لەکاتی خۆی کە بەسەر کەنعانیەکانا سەرکەوتن‌و بەشێکی زۆریان دوای تەواوبونی شەر لێیان کوشت‌و چی ماڵ‌و سامانیان هەبو داگیریان کردو ژنەکانشیان بە دیل‌و کۆیلە بریاردا.

کۆرشی ئیرانی کە بەسەر بابلیەکان سەرکەوت‌و قودسی لەدەستیان ڕزگار کرد جولەکەکان ٣٥ هەزار ئەسیری بابلەیکانیان لە کۆڕشی

کرىو بەهەمو شێوە سزاو ئازاردانێك ڕویان تێیان کردو هەمو کینەیکی دڵیان پێیان ڕشت[1].

ئەمە هەمو کاتێك پیشەو کردەوەی جولەکەکان بوە لەگەڵ ناحەزو دوژمنەکانیان ئەگەر هەڵی سەرکەوتنیان بۆ ڕێك بکەوتایە بەبێ ئەوەی جیاوازیەك لە بەینی گەنجو پیرو ئافرەتو منداڵ بکەن، چونکە بە دڕندەییو بەبێ مروەتی ڕوکردنە دوژمنەکانیان بە خوا پەرستی ئەزانی.

ئەوانە ئەگەر ڕوویان بکردایە شارێك ئەگەر دانیشتوەکانی شارەکە بەبێ شەڕکردن دەستیان بۆیان درێژ بکردایەو لەگەڵیان ڕێك بکەوتنایە ئەوانەیان بە دیلوکۆیلە ئەگێڕاو دەستیان ئەخستە سەر هەمو هەبویەکیان، بەڵام ئەگەر بەشەڕکردن شارەکەیان داگیر بکردایەو بەسەر دانیشتوەکانی سەربکەوتنیایە شمشێریان ڕو پێئەکردە ملی هەمو پیاوێکیان، ژنو منداڵەکانیشیان بە دیلو کۆیلە ئەگێڕاو دەستیان بەسەر هەمو ماڵو ماڵاتو هەبویەکیان ئەگرت ئەوانە ئەمەیان ئەکرد بەپێی بریاردانی خاڵی بیستەمی سی پارەی (تەثنەی تەوراتیان)کە ئەڵێت، ئەگەر بۆ شەڕکردن ڕوتان کردە شارێك داوا لە دانیشتوەکانی بکەن تا دەستیان بۆتان درێژ بکەن ئەگەر قایل بونو شەڕیان لەگەڵتان نەکرد هەمو ئەو دانیشتوانە ئەبنە کۆیلەو بەندەتان، بەڵام ئەگەر دەستیان بەملکەچی بۆتان درێژ نەکردو شەڕیان لەگەڵتان کردو خودا ئێوەی بەسەریان سەرخست بە شمشێر ڕو بکەنە هەمو پیاوەکانی، ژنەکانو منداڵەکانیان بکەنە کۆیلە ماڵوماڵاتیان کە لە شارەکەیان هەیە هەموی تاڵان بکەن.

---

١) شخصیە ذی القرنین نوسینی ئەبو الکلام ئازاد ، لاپەڕە (٣٥- ٣٦). اسری الحرب عبر التاریخ نوسینی عەبدولکەریم فەرحان، لاپەڕە (٣٥).

مەغۆلەکان کە خوراسیان داگیرکرد ٧٠ هەزار کەسیان تیا سەربڕی، کە ڕویان کردە شاری (مەرو)و داگیریان کرد دانیشتوەکانی شارەکەیان بەسەر سەربازەکانیان دابەش کرد تا سەریان بە شمشێر بپەڕێنن تەنیا (٤٠٠)کەسیان نەبێت بۆ ئەوەی هەندێك کاروباری لەشکریان بۆ بێننە دی لە شاری هەرات (١٠٠) هەزار کەسیان تیا کوشت، کە ڕویان کردە شاری بوخارا بە تەواوەتی وێرانیان کردو بەشێکی زۆریان تیا کوشت[1].

هۆلاکۆ لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی کە بێ شەر چوە بەغدا، خەلیفەی ئەوکاتە (موستەعصم) پەیمانی لێ وەرگرت کە دەستی خەراپە بۆ کەس درێژ نەکا، بەڵام هۆلاکۆ پەیمانی خستە پشتگوێ‌و فەرمانی دایە سەربازەکانی کە ملی هەمو کەسێکی تیا بپەڕێنن، کوشتارو بڕین‌و تاڵان کردن‌و دەست بۆ ئافرەتان درێژکردن‌و خانو بەسەر دانیشتوان ڕوخاندن نزیکەی چل ڕۆژ بەردەوام بو هەندێك مێژونوسان ئەڵێن لەم شارە نزیکەی ملیۆن‌و نیوێك کەس گیانی لێسەندرا، خەلیفە خۆیی‌و دو کوڕی بە فەرمانی هۆلاکۆ بەر کوشتن کەوتن، کەسانی تری خەلیفە لە ماڵ‌و منداڵ‌و ئافرەتان دیلایەتی‌و کۆیلایەتیان بەسەرا بریار درا[2].

تەیمورلەنگ کە (أصفهانی) داگیرکرد بە کوشتن ڕوی کردە بەشێکی زۆری دانیشتوەکانی‌و هەرەمێکی لە مێشکەسەری ١٧٠ هەزار کەس دروست کرد، لە تکریت هەروەها ڕوی کردە ئەم ڕەوشتە، تیادا دو هەرەمی لە مێشکەسەری هەزارکەس بڵندکردو بە گەچ لە یەکیانی قایم کرد[3].

---

١) تاریخ الاسلام السیاسی والدینی والثقافی والاجتماعی، جزمی چوارەم لاپەڕەی(١٤٠) نوسینی دکتۆر حەسەن ئیبراهیم حەسەن.

٢) کتێبی پێشو لاپەڕە (١٥٤– ١٦١).

٣) اسری الحرب عبر التاریخ ١٤٢-١٤٣.

که دەستی بەسەر شاری (شاما) گرت تیایدا ڕوی کردە هەمو ناڕەوائێك و ڕێی دایە سەربازەکانی کە ئەوەی ئەیانەوێت بیکەن لە کوشتن و تاڵانکردن و دەستی بێناموسی بۆ ئافرەتان درێژکردن[1].

دیانەکان لە شەڕا لە هەمو کاتێکدا کردەوەیان هەر خراپی و بەدڕەوشتی بوە بەپێچەوانەی فەرمانەکانی جەنابی عیسای پێغەمبەریان سەلامی خوای بەسەر بیارێ، ئەوانە لەگەڵ دوژمنەکانیان هەمو شێوە ناڕەواییان نواندوە، لە کوشتنی ئەسیرو منداڵ و ئافرەت و پیاوی پیری بێدەسەلات و تاڵانکردن و دەستی خراپە بۆ ئافرەتان درێژکردن.

صەلیبیەکان وەکو درندەی برسی ڕویان ئەکردە شارەکان و دانیشتوەکانی، هەمو مەرامێکیان تاڵان کردن و کوشتن و دەستی دامێن پیسی بۆ ئافرەتان درێژکردن بو. ئەوانە کە شاری (قودسیان) داگیرکرد حەفتا هەزار کەسیان تیا سەربڕی، لە شاری (معرة النعمان) ملی صەد هەزار کەسیان پەڕاند، لە (ئەنتاکیا) ژیانیان لە دە هەزار کەس بڕی.

ئەوانە کە لە هێزی پێنجەمیان گەیشتە (استنبول) چواریەکی شارەکەیان سوتاندو دەستی کوشتنیان بۆ بەشێکی زۆر لە دانیشتوەکانی درێژکردو ئەوەی لە کەنیسەکانا هەبو هەمویان تاڵان کرد، لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی شارەکە هەمویان وەکو ئەوان دیان بون بەڵام مەزهەبیان جیاواز بو[2].

جوستاف لۆبۆن دەڵێت صەلیبیەکان بڕیاریاندا کە دانیشتوەکانی (قودس) بنبڕ بکەن بە موسڵمانەکانی و جولەکەکانی و ئەو دیانانەی کە تیای بون کە لەسەر بیروباوەڕی ئەوان نەبون، ئەوانە لە ماوەی هەشت

---

١) مەصدەری پێشو.

٢) اسری الحرب عبر التاریخ (١٤٣،١٣١،١٣٠،١٤١)

ڕۆژ کەسیان تیا نەهێشت بەبێئەوەی ئافرەتێك یان منداڵێك یان پیاوێکی پیری لێ بەدەر بکەن، لە مزگەوتی (عومەرا) دە هەزار موسڵمانیان سەربڕی. ئەڵێت (ریکاردۆس قلب الاسد) سێ هەزار ئەسیری لە موسڵمانەکان کوشت کە خۆیان تەسلیم کرد، لەگەڵ ئەوەی پەیمانی دابونێ کە دەستی خەراپیان بۆ درێژ ناکات[1].

مسوڵمانەکان لە اسپانیا کە لە ساڵی ١٤٩٢ زایینی (غرناطە)ی پایتەختیان ڕو پێکردە مەلیکی أرغونە (فردنیاند) پەیمانیان لێ وەرگرت کە ژیانیان‌و ئاینیان‌و قسەو زوبانیان زامن بێت بەلاّم پاشی کاتێکی کەم دوچاری هەمو سەختێیك‌و ناخۆشێك کران بەخورتی بوبونە دیان‌و ڕویان تێکراو مەحکەمەی تەفتیش بریاری بە سوتاندنی بەشێکی زۆریان بە زوندوویەتی دا.

راهبی دمونیکی (بلیدا) بڕیاریدا ملی ئەوانەی لە ئایینی خۆیان وەرگەراون‌و بووبون بە دیان لەگەڵ ئەوانەی نەبوون بە دیان بپەرێندرێت، چونکە نازاندرێت ئەوانەی بوون بە دیان بونیان بە ڕاستییە یان نا .

دوایی بڕیار درا ئەو موسڵمانەی ماون ئەبێت بەرەو ئەفریقیا کۆچ بکەن، ئنجا کە کۆچ کردن دەستی پێکرد ڕێیان لە کۆچەرییەکان ئەگرت‌و تالاّنیان ئەکردن‌و ئەیانکوشتن.

(بلێدای راهب) صەد هەزار کەسی لە قافلەیێکا کە ژمارەیان (١٤٠) هەزار کەس بو کوشت[2].

* * * * * *

١) حضارة الاسلام (٣٢٦,٣٣٠)

٢) حضارة الاسلام (٢٧٠–١٧١).

لە ساڵی ١٣٧٦ی زایینی پاپا لە ئیتاليا فەرمانێکی دەرێنا تیایا فلورەنسیەکانی لە قانون بە دەرچو دانا کە بیستی ئەمان ئەیانەوێت لە ڕای دەرچن، لەبەرئەمە بریاریدا ئەمان بە کۆیلە بگیرێن‌و دەست بخرێتە سەر هەمو ماڵ‌و سامانێکیان. هێزێکی بە سەرۆکایەتی کاردینال (ڕۆبرت) نارده سەریان. ئەم پەیمانی لێخۆشبونی دایە دانیشتوانی شاری (کارینا) بەڵان دوای ئەوەی دەستی بە سەریانا گرت گیانی لە هەمویان بڕی. ئەفسەرێك لە ئەفسەرەکانی لە شاری (فائندسا) چوار هەزار کەسی تیا سەربڕی[1].

لە ساڵی (١٣٧٠) (سیانبڕۆس) کە شاری (لیسیۆن)ی داگیرکرد بڕیاریدا چاوی ئەسیرەکان هەڵبکۆڵدرێت‌و قاچیان ببڕدرێتەوە.

لە شەری (ئەکین کۆرت) لە ساڵی(١٤١٥) کە لە بەینی فەرەنساو ئینگلیزەکان ڕویدا، هێزی فەرەنسیەکان ڕویان کردە ئەسیری ئینگلیزەکان‌و دەستی ڕاستیانیان بڕییەوە.

* * * * * *

پرتوغالیەکان کە لە ساڵی١٤٦٠ لە ئەفریقیا (سیرالیۆنیان) داگیرکرد دەستیان بە ڕفاندن‌و ڕاوکردنی کۆیلە کرد، هەزاران کەسیان تیا بەرەو وڵاتەکانی خۆیان ڕەوانەکرد بۆ خزمەتکاری‌و کاری قورس‌و زەحمەت هێنانەدی.

ئەوانە کە لە هیندستان شاری (جوایان) داگیر کرد ئەفسەری لەشکرەکەیان خەبەری بە مەلیکی وڵاتی خۆی گەیاند کە لەم شارە ملی هەمو موسڵمانێکی پەراندووە. ئەم ئەفسەرە مزگەوتەکانی بە

---

١) اسری الحرب عبر التاريخ (١٤٢– ١٤٣).

موسڵمانەکان پڕ ئەکردو ئاگری تێبەرئەدان[1].

ناپلیۆن وای دەرخست کە ئالاَی مافی مرۆڤایەتی هەڵگرتوە لە ساڵی ١٧٩٩ دوای ئەوەی لە فەلەستین یافای داگیرکرد فەرمانی بە کوشتنی (٣٥٣٦) ئەسیردا، چونکە نەیتوانی بیاننێرێتە وڵاتی میسر. تا لەوێوە بۆ ئەو جێیەی ئەیویست ڕەوانەیان بکات.

صربەکان بیست ساڵێك لەمە پێشتر لە بۆسنەو هەرسك ڕویان کردە مسوڵمانەکانو گیانیان لە هەزاران کەسیان بڕیو بیست هەزار ئافرەتی گەنجیان بە دیل گرت بۆ ئۆردوگایەکانیان ڕەوانەیان کردنو نازانـدرێت ئەوانە چیان بەسەر هات.

نزیکەی سەدو پەنجا ساڵێك لەمەوپێش لە ئەورووپا سیاسیە بەڕێوەبەرەکان کە تەماشایان کرد زۆر بە نامەردیو نامروەتیو بە درندەیەتی لە هەمو لایێکی جیهان رو لە ئەسیر ئەکرێتو دوچاری ئازارو عەزێتی سەخت ئەکرێن، چەند کۆنگرە یێکیان بەست، وەکو کۆنگرەی برۆکسل لە ساڵی ١٨٧٤و کۆنگرەی جنیڤ لە ساڵی ١٩٢٩و کۆنگرەی جنیڤی دوەم لە ساڵی ١٩٤٩. بەشێك لە سەرۆکەکانی دەوڵەتەکان بەشداریان لەم کۆنگرەیە کردوە مۆریان کرد کە ئەبێت ئەسیر بە خراپە رووی تێنەکرێتو ژیانی بێئازاری بۆ بڕەخسێندرێت[2].

بەلاَن کاربەدەستانی هەمو وڵاتەکانو ئەفسەرەکانیان تا ئێستا گوێیان بەو بڕیاردانە نەداوە، چونکە مرۆڤایەتی (انسانیەت) لە دڵیانە هێزی نەبوەو بێهێزە، هەروەها ترسی خودایان لا نەبوەو لانیە، ئەگەر بوبێت لاواز بوەو ئەوەندە نەبوە تا لە روکردنە ستەمو خراپە بیانپارێزی.

١) اسری الحرب عبر التاریخ (١٥٩ –١٦١) .

٢) (القانون الدولي العام)، بە قەڵەمی (سەموحی فوق العادة) لاپەڕە(٨٩)

ئەوانە نەك هەر بە دڕندایەتی ڕویان کردۆتە ئەسیر، بەڵکو بە هەمو خەراپییەك ڕویان کردۆتە دانیشتوانی بێ‌گوناهی ئەو شارو دێهاتانەی کە کەوتبێتە سەر ڕێیان، بە تالانکردنی ماڵیانو دەستی خەراپە بۆ ئافرەتان درێژ کردنیانو سوتاندنی هەمو شێوە چەندراوێکیان.

لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانیا نزیکەی (٦١٥٩٠٠) ئەسیری لێ بزر بو، ئەمساش ملیونێكو پێنج سەد هەزار ئەسیر، فەڕەنساش (٤٨٣٣٠٠) ئەسیر، بەریتانیاش (٣٥٩١٠٠) ئەسیر ئیتالیاش (٥٦٩٠٠٠) ئەسیر، ئەمەریکاش (٤٧٦٥) ئەسیر، ئەسیری ڕوسەکانیش نزیکەی ملیۆنێكو نیو ئەسیر بو[1].

ئەو هەمو ئەسیرانە چیان لێ هات؟ هەمو کوشتنو ئازاردانو برسی بون روی تێکردنو گیانیان لێ سەندرا.

روسەکان لە جەنگی جیهانی دوەم بە هەمو خەراپییەك رویان کردە ئەسیرەکانی ئەڵمان، هەر وەکو ئەڵمانەکان لەوە پێش لەگەڵ ئەسیری ئەوان ئەمە پیشەو کردەوەیان بو.

ڕوسەکان کە بەسەر ئەڵمانەکان سەرکەوتنو چونە ناو بەرلین تیا هەمو کارێکی نارەواو بێ‌مروەتیان هێنایەدی لە تالان کردنو کوشتنو دەستی دامێن پیسی بۆ ئافرەتان و وێرانکردنی ماڵان.

ئەوانە لە شەڕێکا دەوری سەد هەزار سەربازی ئەڵمانیایان گرتو گیانیان لە هەمویان بڕی. سەرۆکی هێزەکەیان (کۆنییف) ئەڵێت: ڕێمان دایە سەربازەکانمان تا دەستی هەمو ئەو ئەسیرانە ببڕن کە بۆ تەسلیم بون هەڵیان بڕی بو، هەر ئەوە کردەوەیان بو لەگەڵ ئافرەتانو

---

١) اسرى الحرب عبر التاريخ (١٩٩).

منداڵان و مرۆڤانی بێدەسەڵاتی پیر[1].

عەرەبەکانیش پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و دوای هاتنیشی پێش ئەوەی بە ئیسلام بون شەرەفدا بێن و روناکییەکەی بکەوێتە ناو دڵیان، وەکو میللەتەکانی دیکە بە توندی و خراپی ڕویان ئەکردە ئەسیر، لە ئازاردان و کوشتن بە کۆیلە کردن.

ئەگەر یەکێك لە هۆزێك یەکێکی بگرتایە لە هۆزێکی دیکەی ناحەزیان، ئەگەر بیویستایە ئەیکوشت، یان بە کۆیلەی دەکردو ئەی فرۆشت.

وا ئەبو چەند کەسێك، لە تیرەیێك بە فێڵ یەکێك یان چەند کەسێکیان لە تیرەیەکی دیکە دەسگیر ئەکردو بە کۆیلەیان ئەگێڕان و ئەیانفرۆشتن بە تیرەیێکی دیکەی کە ناخۆشی و دوژمنایەتیان لەگەڵ تیرەی ئەو بەدیل کراوانە هەبو بۆ ئەوەی قینی دڵی خۆیان پێیان دەربێنن بە ئازاردانیان و کوشتنیان.

دوای ئەوەی کە زانیمان کردەوەو رەوشتی میللەتانی پێشتر تا ئێستاکەش لە چ ڕادەدە خراپێك بوە بەرامبەر ئەسیرو، ئنجا با بزانین ڕای ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرﷺ چۆنەو چۆن بوە بەرامبەر ئەم شێوە مرۆڤانە.

با ئێستاکە ڕاو کردەوەیان دەربارەی ئەسیر بخەینە بەرچاو، دوایی روی قسەمان بکەینە ڕای ئیسلام دەربارەی کۆیلە تا بزانین ئەم ئایینە یاساو قانونی بۆ دەست بەسەر کۆیلە گرتن داناوە، یان بۆ دەست لەسەر بەردانیان و ئازادگرتنیان داناوە.

هەمو مێژو زانێك ئەزانێت یەکەمین شەڕ کە لە نێوان بت تپەرستەکانی مەککەو مسوڵمانەکان ڕویدا شەڕی بەدر بو، کە ژمارەی

---

١) اسری الحرب عبر التاريخ /٢٠٥-٢٠٦ .

ئەوان سێ جار بە قەد ژمارەی مسوڵمانەکان بوو بە هەمو چەکی خۆیان هاتبونو مسوڵمانەکانیش بۆ شەڕ نەهاتبونو چەکێکی کەمیان پێی بو، بەڵام خودای بەرزی بێوێنە ویستی لەم شەڕەدا مسوڵمانەکان سەر بخاتو لوتی بت پەرستەکان بشکێنێت، چونکە ئەگەر ئەوان سەر بکەوتنایە چرای ئاینی ئیسلام ئەکوژایەوەو هەڵگیرساندنی جارێکی دیکە زۆر زەحمەت ئەبوو نە ئەلوا.

لەم شەڕەدا بت پەرستەکان حەفتا کەسیان لێ کوژراو حەفتا کەسیشیان لێیان بە ئەسیر گیرا، ئنجا با بزانین داهاتوی ئەم ئەسیرانە بەچی گەیشت.

خودا خۆشی ڕۆژی دوایی بە چەند شتێك بەند کردوە، یەکێك لەم شتانە ئەوەیە کە یەکێك خواردن بۆ کەسانی هەژارو هەتیو و ئەسیر ئەڕەخسێنێت، لە سورەتی (الانسان) لە ئایەتی(٨،٩) ئەفەرموێت ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ۞ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللهِ لا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلا شُكُورًا﴾[1] پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا کە ئەو ئەسیرانە بەسەر هاوڕێکانی دابەش بکرێنو فەرموی بەخۆشی لەگەڵیان بجوڵێنەوە خواردنیان بۆ جێبەجێ بکەن، یەکێك لەو ئەسیرانە کە ناوی ئەبوعەزیری کوڕی عومەیر بو، وتویەتی من لەگەڵ بەشێك لە ئەنصارییەکان بوم کە کاتی خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارە ئەهات نانەکەیان ئەدایە من خۆیان بە خورمای وشکەوە بو ئیدارەیان ئەکرد، چونکە پێغەمبەر فەرمانی دابو کە بەباشی ئاگاداریمان بکەن، ئەوانە

١) واتە: ڕەزامەندی خودا بۆ ئەوانەیە خواردن لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستە ئەدەنە کەسانی هەژارو هەتیو ئەسیر، پێیان ئەڵێن بە بێ منەت خواردنتان ئەدەینێ، مەبەستمان ڕەزامەندی خودایە هیچ چاکەیەك و سوپاسێکمان لە ئێوە ناوێت .

ئەگەر پارچەیەك نانیان بکەوتایەتە ژێردەست بۆمنیان دائەنا، منیش لە شەرما ئەمگێڕایەوە بۆلای یەکێکیان، ئەویش هەر بۆمنی ئەگەڕاندەوە[1]

ثمامەی کوڕی ئەثال کە یەکێك بو لەو ئەسیرانە بەستیانەوە بە کۆڵەگەیەك لە گۆڵەگەکانی مزگەوتی مەدینە تا ڕا نەکات، پێغەمبەر فەرمانیدا خواردنی بۆ جێبەجێ بکەن، بەیانیان و ئێواران شیری حوشتری پێغەمبەری بۆ ئەهات.

ئەو ئەسیرانە دوای گفتوگۆ کە چیان لێبکەن کرانە سێ بەش بەشێکیان کە هەبوو خاوەنی سامان بون، ئەوانە بەرامبەر بەشێك لە ماڵدان بەردران، بەشێکیان کە خوێندەواربون ئازادکردنیان بەندکرا بەوەی کە هەریەکە دە منداڵ لە منداڵەکانی مسوڵمانەکان فێری خوێندنو نوسینو خوێندنەوە بکەن، بەشێکی دیکەیان کە هەژارو نەخوێندەوار بون پێغەمبەر ﷺ لێیان خۆش بوو فەرمانی بە ئازاد کردنیاندا.

پێغەمبەر ئەگەر بهاتایە فەرمانی بە کوشتنی هەمو ئەسیرەکانی شەڕی بەدر بدایە جێی ڕەخنە نەئەبو چونکە ئەوانە موجریمی شەڕ بون، وەکو ئەسیری شەڕی نیزامی نەبون کە بە خورتی بە پێی یاسای سەربازیەتی رویان پێ ئەکرێتە شەڕکردن، ئەگەر پێیان بکرێت لێی دور ئەکەونەوە. بەڵام ئەوانەی بەدر بە ئارەزوو هەوەسی خۆیان چەکیان کردە شانو هاتن بۆ بەدرو هەمو مەرامێکیان ئەوەبو پێغەمبەر بکوژنو مسوڵمانەکان بن بڕ بکەن.

پێغەمبەر ﷺ لە ئەسیرەکانی بەدر فەرمانی بە کوشتنی دو کەسدا یەکێکیان (نضری کوری حارث) بو ئەوەکەی تریان (عەقبەی کوڕی ئەبی موعەیط) فەرمانی بە کوشتنی ئەم دوکەسەدا نەك لەبەر ئەوەی

---

١) آثار الحرب، (٣١٨) .

بەشدار بون لەم شەڕەدا بـەڵكو لەبـەر جەریمـەو كـردەوە خەراپـەكانی پێشانیانو ئازاردانی ئەو مرۆڤە بێهێزانەی كەلەكاتی خۆی مـسوڵمان بوبونو گەلێك خەراپەی تریان.

لە غەزای ئوحود فەرمانی بە كوشتنی عەززەی جومەحی دا كـە هـەر ئەم لەم غەزایەدا بە ئەسیر گیرابو. ئەو كابرایە شاعیر بو، لـە شـیعرەكانی ناوی پێغەمـبەری بە خراپە ئەهێنا، هەوڵی ئەدا خەڵكی لە مسوڵمان بـون دوربخاتەوە. ئەمە لە شەڕی بەدرا بەشداربوو بو بـە ئەسـیر گیرابـو، لـەوێ پەنای بۆ پێغەمبەر بـرد بـۆ ئـەوەی لێـی خـۆش بێـتو ئـازادی بكـات. پێغەمبەر پێی فەرموو: عەفوت ئەكەم بەمەرجێك، جارێكی دیكە لـە هیچ شەڕێكا كە لـە نێـوان ئێمـەو دوژمنـەكانمان رو ئـەدات بەشـدار نەبیتو لەمە بەدوا ناوی ئیسلام بە خراپـە نـەبێنی، پـەیمانی لەسـەر ئەمە لێوەرگرت بەڵام كە ئازادكرا گەڕایـەوە مەككـە لـە شـیعرەكانیا ناوی پێغەمبەری بە خراپە ئەهێناو ئەوانەی لە شەڕی بەدرا كوژرابـون بۆیانی ئەلاواندەوەو مەدحیانی ئەكرد.

ئنجا لەم شەڕەیا كە بە ئەسیر گیرا هەمیسان داوای لێخۆش بونی لـە پێغەمـبەر كرد، پێغەمـبەر ﷺ پێی وت ئەو پەیمانەی كەوا دات كوا چی لێهات؟ نا، مرۆڤ لە كونێكەوە دوجار ناگەزرێتو پێوە نادرێت. كوشـتنی ئەم كابرایە لەبەر ئەو خیانەتەی بو.

ئەمە ئیتیفاقیەی جنێفی ساڵی ١٩٤٩ ڕێ بەمە ئەدا، ئـەڵێت ئـەو شێوە كەسانە كە لە پەیمانی خۆیان لا ئەدەنو بە هیچی دائەنێـــــــن دروستە بكوژرێنو لە قەنارە بدرێن.

پێغەمبەر ﷺ كە شاری مەككەی ئازاد كرد بە دانیشتوەكانی فەرموو ئایا ئێوە چۆن ئێنەگەن كە من چیتان لـێئەكەم؟ ولامیان دایـەوەو وتیـان

تۆ برایێکی خاوەن کەرەمی‌و کوڕی باوکێکی خاوەن کەرەمی، فەرموی بڕۆن هەمو سەرفرازو سەربەست بن. بەلآم فەرمانی بە کوشتنی چەند مرۆڤێك دا لەبەر ئەو خەراپانەی کە لەوەپێش لەگەلّ مسولّمانەکان کردبویان و بە هەمو شێوەیەك عەزێت‌و ئازاردانیان، لەگەلّ ئەمەشا لە هەندێکیان خۆشبو، وەکو عیکرمەو سەفوان و هیند کە خێزانی ئەبو سوفیان بو، ئەگەر چی گەلێك تاوان باربو.

ئەم ژنە بت پەرستەکانی هان ئەدا بۆ شەڕی ئوحودو ئازادکردنی کۆیلەکەی کە ناوی (وەحشی) بوو تیرهاوێژێکی زۆر ماهر بو، بە کوشتنی (حەمزە)ی مامی پێغەمبەر بەندکرد، ئنجا کە حەمزە شەهید کرا، هیند جەرگی دەریناو دەستی کرد بە جواندنی پارچەیەکی، گوێی چەند شەهیدێکی بڕی‌وکردیە ملوانکە بە ملی خۆی کرد.

لەوانەی کە فەرمانی بە کوشتنیان دابو تەنیا فەرمانی کوشتنی چوار کەسیان دا کە زۆر بەدرەوشت‌و خراپ بون، دوانیان لە مەدینە مسولّمان بون‌و دو مرۆڤیان لە مەدینە کوشتبوو بەرەو مەککە ڕایان کردبوو لە ئاین وەرگەڕابون.

مامۆستایانی بەرزی پێشتر بڕیاریان داوە کە ئەسیر لەبەرئەوەی ئەسیرە دروست نیە روی کوشتنی تێبکرێت، حەسەنی کوڕی موحەمەدی تەمیمی کە لە سالّی٦٥٦ی کۆچی سەری بردۆتە ژێرخاك ئەلّێت: ئەمە هەمو یارەکانی پێغەمبەر ﷺ بڕیاریان لەسەر داوە کەواتە ئیجماعیان لەسەر کردوە، ئەمە ئیمامی سیوطی لە ئەحکامی قورئانیا دیاری کردوە[1]. ئەسیر ئەگەر لە شەڕکردنیا لە سنوری شەڕکردن دەرنەچێت

---

١) تەفسیری روح المعانی، نوسینی زانای بەرز ئالوسی، (٢٦/٢٠٠).

دروست نیە بکوژرێت، بەڵام ئەگەر لەو سنورە دەرچو، وەکو کوشتنی بێگوناهان، یان دەستی خراپە بۆ ئافرەتان درێژکردن، یان بە تاڵانکردنی ماڵی خەڵك ئەوە بە موجریمی شەڕ دائەندرێتو دروستە بە فەرمانی سەرۆکی وڵات، یان بە فەرمانی یارمەتی دەرەکەی بکوژرێت، ئەو فەرمانە لەو دوانە زیاتر بۆ هیچ کەسێکی دیکە نییە.

قورئانی پیرۆز لە ئایەتی چوار لە سورەتی محمد ئەفەرموێت: ﴿فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾ فەرمایشت ئەفەرموێت، ئەگەر لە شەڕا یەکیان لەگەڵ دوژمنە کافرەکانتان گرت ڕەشیدی بنوێننو بە هەمو توانایێك هەڵمەتیان بەرنە سەرو چەکیان لێبوەشێنن تا توانایان کز ئەکەن و بە ئەسیری دەسگیریان ئەکەن، ئەو کاتە بیان بەستنەوە تا ڕانەکەن [1]، ئنجا کە شەڕ کۆتایی پێدێت بە پێی بەرژەوەندی، یان بە پارە سەرفرازیان بکەن یان بە ئەسیری خۆتان کە لای ئەوانن بیانگۆڕنەوە، یان هەر بەبێ شتێك دەستان لەسەریان هەڵگرنو ئازادیان بکەن.

ئێمە لەمە پێشتر زانیمان پێغەمبەر ﷺ بە ماڵ بەشێك لە ئەسیرەکانی بەدری سەرفراز کرد.

جارێکیش مرۆڤێکی ئەسیری بت پەرستی بەدو ئەسیری مسوڵمان گۆڕییەوەو ئافرەتێکی لە خێڵی فەزارە بە چەند کەسێك لە مسوڵمانەکان گۆڕییەوە کە لە مەککە ئەسیر بون[2].

گۆڕینەوەی ئەسیری ڕۆمەکان لەگەڵ ئەسیری مسوڵمانەکان لەکاتی

---

١) لەو کاتەدا ئەسیر کەم بون بۆیە جێگای تایبەتیان بۆ تەرخان نەکرابو.
٢) شەرحی صەحیحی موسلم (١٢/٦٨) .

ئەمەوییەکانو عەباسیەکانو لەکاتی حوکمی ئیسلامی لە ئەندەلوس، مێژو نوسەرەکان لە کتێبەکانیان دیارو ئاشکرا کردوە.

پێغەمبەر ﷺ هەروەکو زانیمان بەشێك لە ئەسیرەکانی بەدری هەروەها ئازادکردن، هەروەکو کچی حاتەمی طائی کە ئەسیر کرابو بە قەدرگرتن ئازاد کردو ڕەوانەی جێگا خۆی کرد[١]، هەروەها دوای غەزای حونەین و طائف هەمو ئەسیرەکانی هەوازنی ئازاد کرد.

سەلاحەددینی ئەییوبی لە شەڕێکا لەگەڵ صەلیبیەکان بەشێکی لێیان بە ئەسیر گرت، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەوەندە خواردەمەنییەی لەبەردەست نەبو کە بەشیان بکات هەمویانی ئازاد کرد. بەلاّم ئەو نامەردانە لە خۆیان لەشکرێکیان پێك هێناو جارێکی دیکە لەگەڵیا کەوتنە شەڕکردن[٢].

سەلاحەددین زۆر جار نەك هەر سەربازەکانی دوژمنی ئازاد ئەکرد، بەڵکو ئەفسەرەکانو سەرۆکی لەشکریانیشی ئازاد ئەکرد کە بە ئەسیری ئەکەوتنە بەردەستی، تەنیا (ردینۆدی شاتیۆن)ی کوشت، چونکە پشتی کردە هەمو پەیمانێکی کە خۆی پێ بەند کردبوو لەشکرێکی ڕێك خست بۆ ئازارگەیاندن لە کەناری دەریای سور بە کۆمەڵی حاجیەکان کە ئەچون بۆ مەککە یان کە ئەگەڕانەوە[٣].

سەلاحەددین رجای مەلیکە (ایزابیلا)ی وەرگرتو دەستی لەسەر هەمو ئەو ئەسیرانە هەڵگرت کە ئەو رجایە ئەیویست، تا بگەڕێنەوە لای خێزانو ماڵو منداڵەکانیان.

---

١) آثــار الحرب .

٢) اسری الحرب ١٩ .

٣) صلاح الدين الايیوبی، نوسینی قەدری قەعەجی، ٧٣ – ٧٨ .

ئەم مرۆڤە بەرزە بە ئیمان دڵ ڕوناکە کە دەوری صەلیبیەکانی لە قودس گرت، ئەوان داوای ئەمانیان کرد، ئەم ئەمانی دانێ تا لە ماوەی چل ڕۆژ کۆچ بکەن و هەر مرۆڤێك دە دینار بدات و، هەر ئافرەتێك (٥) دینار بدات و هەر منداڵێك (٢) دینار، لەگەڵ ئەمەشا ڕێی دەرچونی بەشێکی زۆری دا بەبێ هیچ پارەیێك، ڕێی بە هەمویان دا ئەوەی ئەتوانن لە ماڵیان لەگەڵ خۆیان بیبەن، پارەو ولاغیشی بۆ نەخۆشەکانیان و پیرەکانیان و ئافرەتەکانیان دابین کرد[1].

هەروەکو وتمان ئەسیر بە پێی ئایینی ئیسلامی دروست نیە بکوژرێت ئەگەر لە شەڕا لە سنوری شەڕکردن لانەدات خەراپە نەنوێنێ، وەکو تالان کردن و دەست بۆ ئافرەتان درێژکردن و هەروەکو لەمەو پێش ئاماژەمان بۆی کرد.

ئەنجا ئەگەر لە درێژایی حوکمی ئیسلامی پاشێك یان سەرۆکی لەشکرێك دەستی کوشتنی بۆ. ئەسیرێك یا چەند ئەسیرێك درێژ کردبێ کە لە سنوری شەڕکردن لایان نەدابێت، ئەوە ئەو کەسە تاوانبارەو لە دوارۆژ ئەکەوێتە ژێر حیساب و لێپرسینەوە، ئایینی ئیسلام لەم شێوە کردەوانە ئەگەر رویدابێت لێی بەرپرس نیە.

لەگەڵ ئەمەشا ئەبێت بزانین زۆر شت لەم روەوە کە خرابێتە سەر کاغەز هەڵبەستراوە درۆیە دوژمنانی ئایینی ئیسلام هەڵیان بەستوە و ڕازاندویانەتەوە.

لەم روەوە لەوانەی کە خراوەتەوە سەر کاغەز وتراوە (سوڵتان محەمەد فاتحی عوسمانی) کە وڵاتی میسری داگیر کردو خستیە ژێر باڵی خەلافەتی

---

١) صلاح الدين الايوبي، ٨٣ .

عوسمانی پەنجا هەزار کەسی لە مەمالیکەکان کوشت لەگەڵ ئەوەی پەیمانی دابونێ کە دەست بۆ ماڵو گیانیان درێژ ناکات، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئەو وتارە بزانێت کە داگیرکردنی میسر دوای مردنی ئەم سوڵتانە بە سەد ساڵ هاتەدیو لە کاتی سوڵتان سولێمان ڕویدا کە دواترین خەلیفەی عەبباسیەکان (المتوكل) لە نزیکەی ساڵی (١٥١٧)ی زایینی جێگای خۆی بۆ ئەم چۆل کردو دەستی لەسەر خەلافەت بەرداوە.

دواتر ئەڵێم: ئەو کەم کوشتنە ئەسیرانەی کە لە لایەن خەلیفەیێك لەکاتی ئەمەوییەکان، یان لەکاتی عەبباسیەکان، یان لە لایەن سەرۆکی هێزی لەشکرێك کە ڕوی کردبێتە ئەسیرێك یان چەند ئەسیرێك رونی ئاسمانی شەڕەکانی مسولّمانەکان شێلو ناکاتو عەیبە روی تێناکات ئەگەر بەراورد بکرێت بەو کوشتارانەی کە بە کۆمەڵ روی پێکراوەتە ئەسیر لە لایەن مالیکەکان کوشت هەمو دەوڵەتەکان بە درێژایی مێژو لە کۆنەوە تاوەکو ئەم چەرخەی ئێستاکەمان، کە لەمە پێشتر هەندێکیانمان خستە بەرچاو کە لەگەڵ ئەوەی پەیمانی دابونێ کە دەست بۆ مێژو بە شەرمو خەجالەتەوە باسی ئەکات.

کۆیلایەتی و ئایینی ئیسلام

ڕەخنەیەکی پوچەڵی دیکە کە لە ئایین وەرگەڕاوەکان ڕوی پێ ئەکەنە ئایینی ئیسلامو کاوێژی ئەکەن ئەوەیە کە ئەڵێن ئایینی ئیسلام ڕێی داوە مرۆڤ بە کۆیلە بگیردرێت ئەگەر ئەم ئایینە ئاینێکی ڕاستو تەواو بوایە ئەبو دەست بەسەر کۆیلە گرتنی لەناو وڵاتو کۆمەڵا قەدەغە بکردایەو ڕێی پێ نەدایایا.

ئنجا با بزانین پوچەڵی ئەم ڕەخنەیە لە چ ڕاددەییکەو ئایا نرخو سەنگێکی هەیە؟

بونی کۆیلایەتیو دەست بەسەر کۆیلە یا گرتن کۆنە بە کۆنی مێژو، ئەمە لەناو هەمو میللەتێکا ڕوی داوەو هاتۆتە دی. ئەوانەی بە کۆیلە ئەگیران مافی ئادەمیزادیان لێ ئەبڕدراو بە هەمو شێوە خەراپیو ئازارو ناخۆشیەك ڕویان تێئەکرا.

کۆیلە لە لای ڕۆمانیەکان بە مرۆڤ نە ئەژماردرا، بە بەشێك تەماشا ئەکرا وەکو شتەکانی دیکەو بێبەش لە هەمو مافێکی مرۆڤایەتی. خاوەن تواناو ئەشرافەکانیان کۆیلەکانیان بەڕۆژ پابەند ئەکردو بە قامچی بەرەو زەوییەکانیان و باغەکانیان ڕایان ئەدان و ڕویان پێیان ئەکردە ڕەخساندنی ئەو کارانەی کە ئەیانەویست، ئەوەی لە کاریا سستێکی لێ ڕوبدایە دارکاری ڕوی تێئەکردو بەر سزادان ئەکەوت.

خاوەنانی هەر بەشە کۆیلەییێك مافی ئەوەیان هەبو دەستی ئازاردانو کوشتن بۆ هەر کۆیلەییێك بیانەوێت درێژ بکەن بەبێ ئەوەی یاسایێك ڕێیان لێبگریتو بکەونە ژێر لێپرسینەوەییێك.

ئەو ئەشرافانە بۆ ڕابواردنو کەیفو سەفای خۆیان جێگای تایبەتیان

تەرخان کردبو تیاگرد ئەبونەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکـا چـەند جارێـك دو کۆیلە بەرەنگاری یەکتری بکەنو بە شمشێر یان بە ڕم روبکەنە یـەکتری، ئنجا ئەوەی بە هەڵپەتر بوایەو بەسەر ئەوەکەی تـر زاڵ ببوایـە گیـانی لێوەربگرتایە، ئەبوە فیکە لێدانو چەپڵەڕێزان. وا ئـەبو هەنـدێك جـار ئیمپراتۆریش پێکی لەو کۆبونەوەیە کرد.

مامـەڵەی هیندیەکانو ئێرانیەکان لە خەراپیا لەگەڵ کۆیلـەکانیان جیاوازییـەکی زۆری نـەبو لەگـەڵ مامەڵـەی رۆمانیـەکان لەگـەڵ کۆیلەکانیان[1].

کۆیلە لە هەمو کاتێك لە لایەن هەمو میللـەتێك و دەوڵـەتێك زۆر بـە سوکی و بە بێنرخی تەماشا ئەکراو هێنانەدی کاری سەخت و قورسـی پـێ ئەسپێردراو ئەوەندە خواردنەی پێئەدرا تا بۆ بەکارهێنان بژێت.

لەوەی رابرد دەرئەکەوێت پێش ئەوەی ئـایینی ئیـسلام بێـت کۆیلـە خستنە ژێردەست کارێکی باوبوە لە هەمو لایەکی ئەم جیهانەو لایێـك بو لە لایەکانی ئابوری لە هەمو شوێنێك بـازاڕی گـەرمی هـەبو، لـە چەند رووییکەوە روی تێئەکراو ئەهاتەدی وەکو ڕفاندنی بێدەسەڵاتان لە منداڵ و مرۆڤ و ئافرەت.

وا ئەبو بۆ تاڵانو کۆیلە دەستکەوتن هۆزێك بەسەر هۆزێکی دیکەی ئەدا، ئەو گەنجانەی بکەوتایەتە ژێردەست لە نێرو مێ بەدیل ئـەگیرانو پەردەی کۆیلایەتیان بەسەرا ئەدراو لە لایێك ئەفرۆشران، ئەمـە جگـە لەوانەی لە شەڕا لە نێوان دوو میللەتو دوو دەوڵەتا بە دیـل ئـەگیراو کۆیلایەتی بەسەر ئەدرا.

---

١) شبهات حول الاسلام، نوسینی محەمەد قطب، لاپەڕەی (٣٩- ٤٠) .

ئایینی ئیسلام کە هات نەئەکرا هەروا بەئاسانی بەگژ ئەم کارەیا بچێتو ڕوتێکردنی بە حەرام لە قەڵەم بداتو لەناو کۆمەڵو وڵاتا بنبڕی بکات، بەڵام هەمو ڕێیەکی لە ڕێیەکانی بڕی تەنیا ڕێی جەنگ نەبێت.

چونکە نە ئەبو دوژمنەکانیان لە شەڕکردنا ئەگەر دیلیان لە مان بگرتایەو کۆیلایەتیان بۆیان بڕیار بدایە، ئەمان پەردەی کۆیلایەتیان بە سەر ئەسیرەکانی ئەوان نەدابایەو هەروەها ئازادیان بکردنایە، بەڵکو ڕێكو پێویست وای ئەخوازی ئەمان بە پێی جولانەوەی دوژمنەکانیان لەگەڵیان بجولێنەوەو ئەمانیش کۆیلە لەوان بگرن تاوەکو بە دیلو کۆیلەی خۆیان لای دوژمنەکانیان بیانگۆڕنەوەو لە دیلایەتیو کۆیلایەتی ڕزگاریان بکەن.

ئاینی ئیسلام هەر وەکو هەمو سەرچاوەیەکی کۆیلە ژێردەستکردنی بڕیو بە حەرامی دانا تەنیا لە ڕێگەی شەڕکردن نەبێت لەگەڵ دوژمن، هەروەها هەمو کردەوەییکی کە لە شەڕاو دوای شەڕ روی تێئەکران بڕیو بە حەرامو ستەمی داناو، کۆیلە کوشتنو دەستی خراپە بۆ ئافرەت درێژکردنو ڕوخاندنی ماڵانو ئاگر تێبەردانیو ماڵان تاڵان کردنو[1] کوشتنی کەسانی بێگوناهی بەشدار نەبو لە شەڕا لە پیاو منداڵانو ئافرەتان.

فەرمایشتی پێغەمبەرو ﷺ فەرمانی خەلیفەکان بە قەدەغەکردنی ئەم کارانە دیارو ئاشکرایە لەلایەن مێژو مێژوزانەکانو مێژو نوسەرەکان.

خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر– خودا لە بەهەشتا پلەی بەرزبکاتەوە-

---

١) تاڵانێك کە دروست بێت هەر ئەوەیە کە لە مەیدانی شەڕا لە دوژمن دەسگیر ئەکرێتو ئەوەی دوای شەڕ لێی بەجێ ئەمێنێت، نەك ڕوکردنە ماڵانو تاڵانکردنی.

بە سەرۆکی ئەو لەشکرەی ڕوی پێ‌کردە وڵاتی شام وتی وەکو یزیدی کوڕی ئەبوسفیان‌و عەمری کوڕی عاص‌و شورەحبیلی کوڕی حەسەنە، دەست بۆ منالاّن‌و پیاوانی پیرو ئافرەتان درێژ مەکەن، هەندێ کەس ئەبینن لە کەنیسەکان خۆیان تەرخانکردوە بۆ خوداپەرستن، ئەوانە ناکوژرێن‌و دەستی خراپەیان بۆ درێژمەکەن، چونکە خەراپەیان لێ‌ڕونادات، ئەوانە بەو کافریەی کە لەسەرین دروست نیە ڕوی خەراپەو ناخۆشیان تێبکەن[1]

لەمە پێشتر زانیمان کۆیلە لە لای میللەتانی پێشو بە چ چاوێکی بێ‌نرخ تەمەشا ئەکراو ئازار ئەدراو روی پێ ئەکرایە هێنانەدی کاری عەزێت‌و ناخۆش، ئاایینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئەمە فەرمان ئەدات کە ئەبێت کۆیلە بە چاوی بەزەیی پێهاتن تەماشا بکرێت‌و بە جوانی لەگەڵیا هەڵس‌وکەوت بکرێت.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەسێك کۆیلەی خۆی بکوژێت لە جیاتی ئەو ئەیکوژین، هەر کەسێکیش لوتی ببڕێت لوتی ئەبڕین، فەرمویەتی کۆیلەکانتان براتانن، هەرکەسێك کۆیلەی لابێت، لەوەی خۆی ئەیخوات دەرخواردی بدات‌و لەوەی خۆی لە جل‌و بەرگ لەبەری ئەکات لەوە لەبەر ئەویش بکات‌و کاری وایان پێ مەسپێرن کە لە توانایان نەبێت‌و عەزێتیان بدات، ئەی فەرموو کەس بە کۆیلەی خۆی نەڵێت چ پیاو بێت یان ئافرەت ئەمە کۆیلەمەو ئەمە کەنیزەکە، با بڵێت ئەمە کوڕمەو ئەمە کچمە، ئەی فەرموو ئێوە هەمو گەورەبێت یان گچکە –نێر بێت یان مێ کۆیلە بێت یان ئازاد – نەتەوەی ئادەمن ئادەمیش لە گڵە.

خودای بەرزی بێوێنە لە ئایەتی(٣٦) لە سورەتی نیساء فەرمانمان

---

١) المهذب، هی ئەبو ئیسحاقی شیرازی، ٢/٢٣٤ .

پیّ ئەكات كە ئەبیّت بە چاكەو خۆشی رو لە چەند كۆمەڵیّك بكەین، بەشیّك لەوانە باوكو دایكە، بەشیّكی كەیان كۆیلەكانن. ئەفەرمویّت: ﴿وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا... وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ...﴾، واتە: بەندایەتی خودا بكەنو بە باشی بیپەرستن ویّنەی بۆ دامەنیّن، خودا تاكو تەنهایە، بە چاو جوانیو خۆشی ڕو لە دایكو باوكتان بكەن، هەروەها لەو كۆیلانەی دەستتان بە سەریانەوەیە.

كۆیلە ئازاردان بە پیّی یاسای ئیسلامی دروست نیەو گوناهە لە دوا ڕۆژا پرسینەوەو سزای بە دواوەیە، ئەوەی بەبیّ هۆكاریّكو گوناهیّك شەقازیلەیەك لە كۆیلەی خۆی بدات ئەو كارەی ئەبیّتە هۆی ئازادبونی كۆیلەكەی.

❁❁❁❁❁❁❁❁

بە خۆشی بە جوانی مامەڵەكردنی مسوڵمانەكانی پیّشوو یارەكانی پیّغەمبەر لەگەڵ كۆیلەكانیان لە ڕاددەییّكا بو كەوا ئەبو هەندیّك لە كۆیلەكان نەیانئەویست لە لایەن دەست بەسەرەكانیان ئازاد بكریّنو لیّیان جیاببنەوە.

پیّغەمبەر ﷺ پیّش ئەوەی بە پیّغەمبەرایەتی شەرەفدار بكریّت خەدیجەی خیّزانی زەیدی كوڕی حاریثە كە كۆیلەی ئەو بو بە هەدییە دایێ، پیّغەمبەر بە كۆیلایەتی تەماشای نەئەكرد بەڵكو وەكو كوڕی خۆی تەماشای ئەكردو لەگەڵی هەڵئەستاو دائەنیشت. لەبەر ئەمە زەید پیّوە بەند بوبو نەیئەویست هیچ كاتیّك لیّی جیاببیّتەوە.

باوكی زەیدو مامیو چەند خزمیّكی دیكەی كە زانیان زەید كۆیلەیە لای محەمەد، هاتنە لای پیّیان وت، ئیّوە خانەدانو خاوەنی جیّگاو ڕیّگەن، تۆ چیت ئەویّت لە ماڵ پیّشكەشتی ئەكەین زەیدمان بۆ ئازاد بكە تا بیبەینەوە بۆ لای خۆمان.

پێغەمبەر پێیانی وت، ئێوە زەید بدوێنن ئەگەر ویستی لەگەڵتان بگەڕێتەوە من بەبێ ئەوەی شتێکتان لێ وەربگرم بیبەنەوە، وتیان جوانت فەرمو ئنجا کە قسەیان لەگەڵ زەید کرد، وتی: من ناگەڕێمەوەو ئەم پیاوە بەجێ نایڵم، وتیان ماڵ وێران کۆیلایەتیت پێ خۆشترە لە ئازاد بون؟

وەلآمیانی دایەوە وتی ئەوەی لەم پیاوەم دیوە لە لوتفو خۆشیو خۆشەویستن لای کەس‌وکاری خۆم نەم دیوە.

پێغەمبەر کە ئەمەی لە زەید بیست لەگەڵ کەس و کارەکەی بردیە کەعبەو لەوێ ئازادی کردو بە کوڕی خۆی گێڕا، پێش ئەوەی کەسێك بە کوڕی کەسێکی دیکە زانین حەرام بکرێت.

ئایینی ئیسلام یاسای بۆ دەست بەسەر کۆیلە گرتن دانەناوە، لەم ڕوەوە هیچ ئایەتێك لە قورئانو لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا نیە، بەڵکو ڕێ نیشاندان بۆ چاکەو خێر دەست کەوتن بە ئازادکردنیو وردە وردە لابردنیو نەهێشتنی لەناو کۆمەڵدا لە هەردو فەرمایشدا گەلێك بەڵگە هەن.

١- پێغەمبەر ﷺ زۆرجار هانی یارەکانی ئەدا بۆ کۆیلە ئازادکردن، و لێخۆش بونی خودای لە هەندێك گوناه بەند ئەکرد بۆ بە ڕو کردنە ئەم ئازادکردنە، ئەو یارانە ئەوەی بۆی بلوابایەو بیتوانایە لەم ڕوەوە دریغی نە ئەکرد. جەنابی ئەبوبەکر خودا لە بەهەشت پلەی بەرزبکاتەوە، بەشێکی زۆری لە ماڵی خۆی خەرج ئەکرد بۆ کۆیلە کڕینو ئازادکردنیان، کە یەکێکیان بیلالی حەبەشی بو.

٢- هەر مسولمانێك بە هەڵەو بە نەزانین مسولمانێك بکوژێت سزاکەی کۆیلەیەکی مسولمان ئازادکردنەو دانی خوێنی کوژراوەکەیە

ئەبێت بدرێتە کەسوکارەکەی کە میراتیان بەر ئەکەوێت: خودای بەرزی بێوێنە لە سورەتی (النساء) ئایەتی (٩٢) ئەفەرموێت: ﴿...وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ...﴾.

٣- هەر کەسێك سوێند بە خودا یان بە سیفەتێکی خودا بخوات کە کارێك ناکات دوایی بیکات، وەکو ئەوەی سوێند بخوات بڵێت ئەم خانوە ناکڕم، دوایی بیکڕێت کەفارەی سوێندەکەی کە شکاندویەتی چەند کارێکە، یەکێك لەم کارانە ئازاد کرەنی کۆیلەیێکە. خودا لە سورەتی مائیدە ئەفەرموێت: ﴿لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ ... أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ...﴾.

٤- عەرەبەکان پێشان ئەگەر یەکێکیان لە هاوسەرەکەی خۆی تووڕە ببوایە، وا ئەبو ئەیشوبهاند بە لاێیکی دایکی خۆی، وەکو ئەوەی بڵێت تۆ وەکو پشتی دایکمی، یان وەکو زگی، یان نەیشوبهان بە لاێیکی کچی یان خوشکی. ئنجا ئەو ئافرەتەی لێ حەرام ئەبو، نە بە هاوسەر ئەناسرا، نە بە تەڵاقدراو تا بتوانێت بۆ خۆی شوێکی دیکە بکات. ئنجا بۆ ئەوەی بتوانێت ئافرەتەکە بخاتەوە ژێربالی خۆیو لێی حەلاڵ بێت، خوا لە سێ کار هێنانەدی کارێکی لە سەر بە پێویست دائەنێت، کە یەکێکیان کۆیلەیێك ئازاد کردنە، لە ئایەتی (٣) لە سورەتی (المجادلة) ئەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ...﴾.

٥- خودا هەمو ساڵێك زەکاتدانی لەسەر مسوڵمانە هەبوەکان بە پێویست داناوە، بەو شێوەیەی لە کتێبە شەرعیەکان دیارکراوە، ئنجا ئەو ماڵەی لە زەکات دێتە دەست بە پێی پێویست روی پێنە کرێتە هەشت بەش بەشێك لەو بەشانە کۆیلە کڕینو ئازاد کردنیانە، تاوەکو

کۆیلە لەناو کۆمەڵا کەم ببێتو وردە وردە ڕو لە نەمان بکات. خودا لە ئایەتی (٦٠) لە سورەتی (التوبة) ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ .... وَفِي الرِّقَابِ....﴾ مەبەست لە (وفي رقاب) کۆیلە کڕینو ئازادکردنیانە.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خەلیفەیێك بو لە خەلیفەکانی ئەمەوییەکان، ئەم خەلیفەیە زۆر دادوەرو خواناسێکی تەواوبو، یەحیای کوڕی سەعدی ناردە سەروی وڵاتانی ئەفریقا بۆ ئەوەی پارەی زەکات کۆبکاتەوە، دوای گردکردنەوە، پارەیێکی زۆری کەوتە ژێردەست، بەشێکی زۆری بەسەر هەژاران دابەش کرد، بەشەکەی تری کە تەواوێك بو بە پێی ڕێ نیشاندانی خەلیفە بەشێك کۆیلەی پێ کڕیو ئازادی کردن.

٦- (ایلاء) ئیلاء سوێند خواردنە، بەڵام سوێند خواردنێکی تایبەتیە. عەرەبەکان پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام بێت ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکەی توڕە ببوایەو حەزی لێنەکردایەو بیویستایە ئازاری بدات سوێندی ئەخوارد کە لەگەڵی نانوێتو لەگەڵی جوت نابێت بۆ ئەو ماوەیەی کە دایئەنا، جاروابو لە ساڵێك زیاتر تێئەپەڕی، ئنجا ئەو ژنە هەروا ئەمایەوە نە بە هاوسەر ئەژمێردرا نە بە تەڵاقدراو تا بتوانێت شو بە یەکێکی کە بکات.

ئایینی ئیسلام کە هات بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەو ماوەیەی بە چوار مانگ بڕیاردا، ئەگەر لەوماوەیە ڕوی تێنەکردو لەگەڵی نەخەوت بەینی لەگەڵی ئەپچڕێتو تەڵاقی ئەکەوێت بە تەڵاقی بائینەی گچکە. خودا لە سورەتی (البقرة) لە ئایەتی(٢٢٦، ٢٢٧) ئەفەرموێت ﴿لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَآؤُوا فَإِنَّ

اللهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۞وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾، بەڵام ئەگەر پێش تەواوبونی ئەو ماوەیە ڕوی کردە هاوسەرەکەی‌و لەگەڵی خەوت ئەوا ژن‌و مێردایەتیان وەکو جاران ئەمێنێت، بەڵام ئەبێت کەفارەی سوێندەکەی بدات کە کەفارەیێکیان کۆیلەیێك ئازاد کردنە، هەروەکو لە خاڵی سێیەم خستمانە بەرچاو.

باسی ئیلاء باسێکی درێژەو لای مەزهەبەکان لق‌و پۆی زۆرە، مەبەستم لێرە دەرخستنی حوکمەکەیەتی کە ئازادکردنی کۆیلەیە.

٧- کۆیلەیەك ئەگەر ئارەزوی ئازاد بونی کرد بەڵام دەست بە سەرگرتوەکەی نەیویست ئازادی بکات، کۆیلەکە بۆی هەیە داوای لێبکات ڕێی بدات بچێت ئیش بکات، بۆ ئەوەی هەندێك پارە ژێر دەست بکات‌و بەو پارەیە خۆی لەکابرا بکڕێت‌و لە دیلایەتی ڕزگاری ببێت، ئەگەر ڕێی نەدات‌و کۆیلە پەنای بۆ قازی برد، قازی بەخورتی ئەو ڕێیەی بۆ دێنێتە دی.

دیلەکە ئەگەر لەگەڵ دەست بەسەر گرتوەکەیا لەسەر بەشێك پارە بۆ ئازادکردنی ڕێککەوت، مامۆستایانی شەریعەت ئەڵێن ئەبێت کابرا هەندیك لەو پارەیە داشکێنێ‌و لێی وەرنەگرێت، هەروەکو پێویستە لە خەزێنەی دەوڵەت (بيت المال) هەندێکی بدرێتێ تا لەگەڵ ئەوەی بە ئیش کردن پەیدای ئەکات خۆی لە دیلایەتی ڕزگار ئەکات.

خودای میهرەبان لە ئایەتی (٣٣) لە سورەتی (نور) ئەفەرموێت: ﴿...وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللهِ الَّذِي آتَاكُمْ...﴾ .

٨- هەر مسوڵمانێکی بالغ لەڕۆژی ڕەمەزانا ڕۆژوەکەی بەچونە لای

خێزانیو جوت بون لەگەڵیا بشکێنێت گوناهێکی گەورەیە بەپێی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەبێت کەفارەیەك لەکەفارەکان بێنێتە دی کە یەکێکیان کۆیلەیەك ڕزگار کردنە.

٩- خودا لە ئایەتی (١٧٧) لە سورەتی (البقرة) خۆشی ژیانی دوا ڕۆژو ڕەزامەندی خۆی بەند کردوە بەچەند شتێك کە یەکێکیان کۆیلە ئازادکردنە ئەفەرموێت: ﴿... وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ... وَالْمَلآئِكَـةِ وَالْكِتَـابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَـى الْمَـالَ عَلَـى حُبِّـهِ ذَوِي الْقُرْبَـى وَالْيَتَامَى...وَفِي الرِّقَابِ..﴾ مەبەست لە (وَفِي الرِّقَابِ) کۆیلە ئازادکردنە.

١٠- ڕۆژی دوایی (قیامەت) ڕۆژی حیساب لەگەڵ کردنە، ڕۆژێکی زۆر سەختو ناخۆشە، هەمو مرۆڤێك لەو ڕۆژەیا هەمو بیروباوەڕو کردەوەی خۆی ئەگەڕێتەوە بەرچاوی، خاوەنی بیروباوەڕی ڕاستو کردەوەی باش و ڕەوشتی چاكو بە ڕاستی خوداپەرستان رویان پێ ئەکرێتە باغو باغاتی بەهەشت، بەد ڕەوشتانو خاوەن ستەمانو خاوەنانی کردەوەی خراپو لە خودا باخیان رویان پێ ئەکرێتە. ئاگری دۆزەخ. کردەوەیێك لەو کردەوانەی لە ورۆژەدا بە هانای مرۆڤ دێتو بڕینی ڕێگای ناخۆشو کۆسپەی بەرزو بڵندی لا ئاسان ئەکات کۆیلە ئازاد کردنە. خودای بەرزی بێوێنە لە سورەتی (البلد) لە ئایەتی (١١-١٣) ئەفەرموێت: ﴿فَلَـا اقْـتَحَمَ الْعَقَبَـةَ ۞ وَمَـا أَدْرَاكَ مَـا الْعَقَبَـةُ ۞ فَـكُّ رَقَبَةٍ...﴾. (فَكُّ رَقَبَةٍ): واتە کۆیلە ئازادکردن.

ئێمە ئەگەر لەو ئایەتانەی خستمانە بەرچاو دەربارەی کۆیلە ئازادکردن ورد ببینەوە ئەبینین تەنیا ئایەتێك کۆیلەی مسوڵمانان ئازاد کردن بە مەرج دائەنێت، ئەویش لە سزای مسوڵمان کوشتنە بە هەڵەو نەزانین.

لە ئایەتەکانی دیکە ئەفەرمویّت کۆیلە ئازاد کردن، واتە ئەو کۆیلەیە چ مسوڵمان بیّت یان نا، چونکە ئایینی ئیسلام تەماشای گیانی مرۆڤایەتی ئەکات کە لە لایەن خوداوەیەو کۆیلایەتی بە شیّوە مردنیّك روی تیّ ئەکات، بە ئازادکردنی ئەو مردنەی لەسەر لا ئەبات و ژیانی راستەقینەی پیّ ئەبەخشی چ مسوڵمان بیّت یان نا، چونکە خودا گیانی هەمو مرۆڤیّکی هیّناوەتەدی لەسەر هەر ئایینو بڕواییّك بیّت. بەڵام ئەگەر کۆیلەی مسوڵمان هەبیّت ئەو بۆ ئازادکردن لە پیّشترە.

١١- لەو کاتانەی کە لەناو کۆمەڵا کۆیلە هەبو کڕینو فرۆشتنی تیا ئەهاتەدی مامۆستایانی ئاین لە وتاری (خوتبە)ی رۆژانی جومعانو وەعزی رۆژانی ڕەمەزانو غەیری ڕەمەزان زۆرجار باسی خیّری گەورەی کۆیلە ئازادکرنیان بە گویّی مسوڵمانەکانا ئەدا، لەو روەوە فەرمایشتەکانی پیّغەمبەریان ﷺ ئەخستە بەرچاو، لە بەر ئەمە زۆر جار ئەوانەی دەستیان بە سەر کۆیلەیا بوبیّت، دەستیان لە سەریان هەڵئەگرتو ئازادیان ئەکرد. زۆر جاریش ئەوەی دەستی بەسەر هیچ کۆیلەییّکا نەبوایەو هەبو بووابە ئەدا کۆیلەییّکی لە لایّك دەست بکەویّتو ئازادی بکات.

ئەگەر ئیّمە لاپەڕەکانی میّژو هەڵبدەینەوە ئەبینین لە خودا نزیکەکان لە هەمو لایەك بە زۆری رویان لە کۆیلە کڕین بۆ ئازاد کردنیان ئەکرد چ مسوڵمان بوبن یان نا، سوڵتان سەلاحەددینی ئەییوبی لە کاتی خۆی نزیکەی (دە) هەزار ئەسیری کۆیلەی لە سەلیبیەکان کە مەسیحی بونو بۆ داگیرکردنی شامو فەلەستین هاتبون،

لە کیسەی خۆی کڕیوەو ئازادی کردوون، براکەی بۆ ڕەزامەندی خودا لە کیسەی خۆی نزیکەی حەوت هەزاری لەوانە کڕیوەو ئازادی کردون[1].

خوێندەواری دڵ روناکی خۆشەویستی خاوەن بیرو هۆش، بەوەی لەمەو پێش وتمانو خستمانە پێش چاو دەرمانخست بۆمان دەرکەوت کە ئایینی ئیسلام یاسای بۆ دەست بەسەر کۆیلە داگرتن دانەناوە، بەڵکو بە گەلێك شێوە ویستویەتی کۆیلایەتی لەناو وڵاتو کۆمەڵایەتی لابەرێتو وردە وردەبن بڕی بکات، ئنجا بۆمان دەرکەوت ئەوەی لە ئایین وەرگەڕاوەکان لەم ڕووەوە ئەیلێنو کاوێژی پێ ئەکەن لەوەڕین بە ئاینی ئیسلام زیتر شتێکی دیکە نیە.

ئەوانە ئەبێت بزانن بناغەی ئاینی ئیسلام زۆر بەهێزو پتەوە، چەکوشی تەنەکەیان هیچ تۆزێکی لێ هەڵناسێنێت، بیروباوەڕو فەرمانو فەرمایشتەکانی ئەم ئاینە لەناو دڵی میللەتی کورد ڕەگی بەقوڵی داکوتاوە، ئەو شێوە پەلارە لەلایەن ئەو لە ئاین وەرگەڕاوانە هیچ زەدەیێکی پێ نابەخشێو ئاڵاکەی لەناو کوردستانا هەر بەبەرزی ئەمێنێتو ئەشەکێتەوە.

---

١) اسرى الحرب عبر التاريخ .

مەبەست لە ئەنفال و غەنائم چی یە؟

ڕەخنەیەکی دیکەی کە لە ئاین وەرگەڕاوەکان روی پێ ئەکەنە ئایینی ئیسلام باسی ئەنفالو غەنائمە (تالآنی).

سورەتێك لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بە (الأنفال)ناوبراوە، چونکە ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتە وشەی (أنفال)ی تیایە. ئایەتەکە ئەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ..﴾، ئایەتی (٤١)کی سورەتەکە ئەفەرموێت: ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ...﴾.

پێش ئەوەی مەبەست لە غەنیمەتو ئەنفال بخەمە بەرچاو و ماناکانی ئەمەوێت کەمێك کردەوەی ڕژێمی بەعسو صەدام لە کوردستانو کردەوەو مامەڵیان لەگەڵ کوردەکان لەو ناوچەیەدا بخەمە بەرچاو تاوەکو بزانین ئەو ڕەفتارو کردەوەیان لەگەڵ مەبەستی ئەو دوو ئایەتە لە چ رادەییێکایە، ئایە هەروەکو لە ئایین وەرگەڕاوەکان ئەڵێنو ئەیانەوێت بە خەڵکی بسەلمێنن کە کردەوەی ئەوانە ڕێکە لەگەڵ مەبەستی ئەو دو ئایەتە.

بەعسیەکان لەجاری یەکەم و دوەما کە هاتنە سەر حوکم ڕەشمالی رەشیان بەسەر هەمو عێراقدا هەڵدا، بە ستەمو بە دڕندەییو بێ مروەتی چەند جارێك بە لەشکرو بە چەکی تازەی بەهێز رویان کردە کوردستان، ئەوەی لەدەستیان هات لە کوشتنو لە دێهات وێران کردنو لە باغ وباغاتو زەراعەت تێکدان درێغیان نەکرد، ئەمە جگە لە

تالآن کردنی ماڵ وماڵاتو ئاژەڵی دانیشتوانی کە هێرشیان ئەبردە سەریان.

لەکاتی یەکەما کە هاتنە سەر حوکم جگە لەو شەڕانەی ڕویان کردە ناو کوردەواری ڕێیان دایە بەشێك لە عەرەبەکانی دەوروپشتی کەرکوكو هەندێك لە عەرەبەکانی حەویجە، ئەمانە پەیتا پەیتا ڕویان کردە دێیەکانی دەوروپشتی ناحیەی پردێو ناحیەی شوان، تالآنێکی زۆریان لە دەغڵو دانو مەڕوماڵاتو نوێنو ڕایەخیان لەو دێیانە ژێردەستخستو ڕویان پێکردە دێیەکانی خۆیان، لەکاتێکا ئەو ناوچەیە شەڕی تیا ڕونەدابو پێشمەرگەی تیا نەبو.

ئەم بەعسیانە جاری دوەم کە هاتنە سەر حوکم ڕویان کردە چەند بەشێك لە دێیەکانی بارزانو دەوروپشتی بارزان، دێیەکانیان بە بەشی زۆری دانیشتوەکانی چۆڵ کرد، ئەوەی بەردەستیان کەوت تالآنیان کردو ئەو دانیشتوانانەیان هێنایە دەشتایی دەوروبەری هەولێر، لەوێ بەبێ خواردنو خواردەنەوەیەك هەڵیان رشاندن. خێرخوازانی دانیشتوانی شاری هەولێر یارمەتیان نەبوایە لەو دەشتاییە هەمویان بە هیلاك دەچون. پاش ماوەیەکی کەم هەمویانیان گواستەوە بۆ ئەو چۆڵەوانییەی کە تیایانا گیانیان لێیان بڕیو بە خاکیان سپاردن.

شتێکی دیکەی دور لە هەمو ئاینو ویژدانو مروەتێك صەدام لە ساڵی ١٩٨٨ لەشکرێکی زۆری ڕو پێ کردە دێهاتەکانی بەشێکی هەرێمی کوردستان کە دەستی ستەمی ئەگەیشتێ، بەشێکی زۆری لەو دێیانە لە گەنجو ئافرەتو منداڵ دەست بەسەرا گرت، هەمویانی هەر

بەشە، روی پێ کردە لایەك لە دەشتایی خوار شاری رەمادیو غەیری رەمادی، لەو جێگایانە بە خاکیان سپاردن، هەروەکو لە مەحکەمە لە شایەدی شایەدەکان دەرکەوت.

زیاد لەمە سەربازەکانی بەشێکی زۆری لەو دێیانەی دەستیانی گەیشتێ سوتاندو وێرانیان کردو بەشێکی زۆری لە ماڵ وسامان لەو دێیانە تالان کرد، ئەمە کە بە ئەنفال ناوبراو بە غەنیمەتێکی دروست بە بێ شەرمو حەیا لە قەڵەم درا، خراپتر لەمە ئەو ناوچانەیان بە فڕۆکە بە چەکی کیمیایی، کیمیاباران کردو گەلێك کەسی تیا بە هەلاکەت چو.

دوای ئەوەی ڕابرد با بێینە سەر باسی مەبەست لە ئەنفالو غەنیمەت لەو دو ئایەتەی لە سەرەوەی ئەم باسەی خستمانە سەر کاغەز، تا بزانین کردەوەی بەعس چەندێك دورە لە ڕێکێشانی ئایینی ئیسلامو چەندێك بە پێچەوانەی مەبەستی ئەو دو ئایەتەیە، تا بۆمان دەربکەوێت درۆو بیر شڵەژاوی ئەو لە ئایین.وەرگەڕاوانە لە چ رادەیێکە کە ئەیانەوێت میللەتی کوردی دڵ روناك بە ئایینی ئیسلام وەکو خۆیان بە کافریو بێبڕوایی بەرنو چرای گەشی بە شەوقی ئیمان لە دڵیانا بە فوی بۆگەنیان بکوژێننەوە.

ڕۆژی گەشی ئایینی ئیسلام کە لە دورگەی عەرەب هەڵهاتو ڕوی کردە هەمو لایەكو بڵاوبۆوە، دوژمنانی ئەم ئایینە لە عارەبو غەیری عەرەب کە لە دەوروپشتی بون بە خراپیو ناخۆشی شەڕ فرۆشتن ڕویان کردە پێغەمبەر ﷺ هەڵگرانی رۆشنایییەکەی لە یارەکانی، کە

بناغەیی دەوڵەتی ئیسلامیان لە مەدینە دامەزراند، ئەمە کە بوە هۆی ئەوەی، بە شەڕکردن بەرەنگاری یەکتر ببنو بە کوشتن ڕوبکەنە یەکتری.

دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە لەو کاتانەدا وەکو دەوڵەتی ئێستاکە خاوەنی چەكو خەزێنەو بارو بارگەی شەڕ نەبو. ئەو یارانەی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەرەنگاری دوژمن ئەبوون و شەڕیان ئەکرد هەمویان بە چەكو بارو بارگەی خۆیان ڕویان ئەکردە شەڕ کردن، ئنجا کە سەرئەکەوتنو دوژمنیان ئەشکاند ئەو چەكو ماڵو ماڵاتەی لە کاتی شەڕا داگیر ئەکراو ئەوەی لە مەیدانی شەڕا لە دوژمن بە جێ ئەما غەنیمە بو ئەکەوتە دەستی مسوڵمانەکان بە پێی فەرمانی ئایەتەکە ئەکرایە پێنج بەش، بەشێکی تەرخان ئەکرا بۆ پێغەمبەرو کەسو کارو هەتیوانی بێ باوکانو کەسانی هەژارو لێقەوماوانی بێکار، چوار بەشەکەی دیکە دابەش ئەکرا بە سەر ئەوانەی بە ماڵو تفاقی خۆیان پێکیان لە شەڕا ئەکرد.

ئەمەیە مەبەست لەو ئایەتەی لە سەرەتای ئەو باسەمان خستمانە سەر کاغەز کە ئەفەرموێت: ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم...﴾ غەنیمەت ئەوەیە لە شەڕا دەست ئەکەوێت.

واتە: دروست نەبوەو دروست نیە ڕو بکرێتە شارو دێهاتی دوژمن کە کافرنو بە خراپە رو بکرێتە سەر دانیشتوەکانیان کە لە شەڕا بەشدار نەبونو چشتێك لە ماڵو ماڵاتیان داگیر بکرێتو بە غەنیمەت دابنرێت.

ئەمە لەگەڵ ماڵو هەبوی کافر وایە کە لە مەیدانی شەڕا نیە، ئنجا چ جا لە شەڕێك لەگەڵ هاودینی مسوڵمان رو بداتو بکرێت!!

مسوڵمانەکان لەمەو پێش لە هیچ کاتێکا نەبوە ئەگەر لە شەڕا لەگەڵ بەشێك لە دوژمنی کافر شەڕیان کردبێت‌و سەرکەوتبن، دوای ئەوە ڕویان کردبێتە دێیەکەیان، یان شارەکەیان‌و شتێکیان تیا تالان کردبێت یان دەستی کوشتنیان ڕوو پێ کردبێتە بێ‌گوناهێك یان بە خراپە دەستیان بۆ ئافرەتێك درێژ کردبێت.

ئەم کارانە لە ئەوروپا، پیشەی هەمو دەوڵەتەکان بو کە لە شەڕی یەکەم‌و دوەمی جیهانی ڕویدا کە بەسەر یەکتریا سەر ئەکەوتن، هەروەها ئەمە پیشەی صربیە دیانەکان بو پێش بیست سی ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ مسوڵمانەکان لە کۆسۆڤۆ، هەروەها ئەمە لە کاتی خۆی، کردەوەی صەلیبیەکان بو کە چەند جارێك هێرشیان کردە سەر وڵاتی شام و فەلەستین.

دەوڵەتێکی مسوڵمان ئەگەر دەوڵەتێکی دادپەروەر بوو ئەمن و ئاسایشی لە ولاتا رەخساند بوو بە یەك چاو تەماشای هەمو لایەکی ئەکردو بە یەك کردەوەو مامەڵە روی لە دانیشتوانی وڵات ئەکرد بەبێ جیاوازی لە بەینی تیرەیێك‌و رەگەزێك، بەڵام لەگەڵ ئەمەیا ئەگەر تیرەیێك یان بەشێك یان شارێك بە بێ هەقێك لێی هەڵگەڕایەوەو لێی یاخی بوو خۆی لێ ئەکاتەوە، ئەوە ئەو بەشە بە پێی بڕیاردانی شەرع پێیان ئەوترێت (بغات) بوغات، واتە لە سنور دەرچوان‌و یاخیان.

ئنجا ئەو دەوڵەتە بۆی هەیە هەولبدات یاخی بونیان پێ ببڕێ‌و هەمو رێیەکی راست بگرێت بۆ ئەوەی بیانگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، بەلام هەقی ئەوەی نیە روی شەڕیان تێبکات تا ئەوان رو لە شەڕ نەکەن، ئەگەر ئەوان رویان لە شەڕ کردن بو ئەمان هەقی دەست وەشاندنیان

هەیە تا بە سەریانا زاڵ ئەبن و ئەیاخەنەوە ژێر سێبەری فێنکی خۆیان، بەڵام نابێت و دروست نیە لە هیچ مەزهەبێك لە ئایینی ئیسلاما دەست بۆ ماڵ و سامانیان درێژ بکەن و بە غەنیمەت بڕیاری بدەن.

مامۆستایانی پێشوی ئیسلام ئەمەیان ڕون کردۆتەوەو ئەڵێن: ئەو دەوڵەتە ئەگەر چشتێك لە ماڵ و سامانی ئەوانیان کەوتە ژێردەست، دروست نیە دەست بۆ هیچی درێژ بکەن، ئەبێت دەستی بەسەرا بگرن تا شەڕ کۆتایی دێت و دەست لە چەك بەر ئەدرێت و ئەوانە دێنەوە ریزی دانیشتوانی دیکەی وڵات، ئەو کاتە ئەبێت ئەو ماڵ و سامانە کە دەستیان بەسەرا گرتوە هەموی بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانی، چونکە بە پێی فەرمانی ئایین ماڵی کەس بۆ کەسێکی دیکە حەڵاڵ نابێت.

هەرکەسێك بەمەی وتم بڕوا ناکات با تەماشای جزمی دەیەمی کتێبی (المبسوط) بکات لە لاپەرەی (١٢٤)و دوای ئەم لاپەرەیە، هەروەها تەماشای جزمی حەوتەمی (بدائع الصنائع) بکات لە لاپەرەی (١٤٠)و دواتر.

حەنەفیەکان و مالکیەکان و حەنبەلیەکان و شافعییەکان هەمویان ئەڵێن ئەو باغیانە لە شەریانا ئەگەر زیانیان بە شوێنێك گەیاندبوو ئەوەی لە شەڕا بەکار دەهێنرێت لەناویان بردبوو ئەو کەسانەی لە شەڕا بەدەستیان کوژرا بو کە شەر تەواو ئەبێت و دەستیان ئەگاتە یەکتری ئەبێت لێیان ببوردرێت و هیچ زیانێکیان پێ نەبژێردرێت، بۆ ڕاستی ئەم قسەیە ئەوەی ئەیەوێت با تەماشای جزمی حەوتەمی (نیل الاوطار) بکات لە لاپەرەی (١٦٩)و دواتر.

ئیمامی (قەرافی) کە مامۆستایەکی بەرزی مالکیەکانە ئەڵێت: ئەبێت مەبەست لە شەڕکردن لەگەڵ باغیەکان لابردنی بەغیەکەیان

بێت نەك مەبەست کوشتن‌و فەوتاندنیان بێت، هەروەها ئەڵێت: ئەوەی لەوانە لە شەڕا پشتت تێئەکات ئەبێت وازی لێ بهێنرێت‌و دەستی خەراپەی بۆ درێژ نەکرێت، هەروەها نابێت بریندارەکانیان بکوژرێت‌و دروست نییە دەغڵ‌ودانیان‌و باغ‌و باغاتیان بسوتێندرێت‌و دارو دارستانیان هەڵبقەندرێت، بۆ زێدە زانین تەماشای جزمی یەکەمی (الفروق) بکە لە لاپەرەی (١٧١)، هەروەها تەماشای کتێبی (القوانین الفقهیە)بکە لە لاپەرەی (٣٦٤).

ئەنفـــال

ئنجا با بێینە سەر باسی ئەنفالو بزانین مەبەست لەم وشەیە چییەو بە چی ئەوترێت.

ئایا ئەوەی ڕژێمی بەعسو سەددام ڕوی پێ کردە هەرێمی کوردستانو ئەو بڕینو کوشتنەو ماڵان ڕوخاندنو دێهات کاول کردنو شینایيو باغو باغات سوتاندنو ماڵو ماڵاتو سامانی دانیشتوانی ئەو هەرێمە زەوتکردنو بە تاڵان بردنی ئایا ئەمەیە مەبەست لە ئەنفال؟ هەروەك وا بە گوێیا دراو ئەوها لە ئاین وەرگەڕاوەکان کاوێژی ئەکەن و بڵاوی ئەکەنەوەو ساویلکەو نەزانانی پێ ئەخەڵەتێنن.

ئەنفال چی یە؟ هەندێك لە مامۆستایانی پێشوی ئایین ئەڵێن: مەبەست لە ئەنفال غەنیمەتە، ئەو غەنیمەتەی کە لەمەوپێش مەبەستەکەیمان زانیو باسەکەیمان ڕون کردەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستو تەواوە ئەنفال مانایەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ مانای غەنیمەت، چونکە هەر یەکەیان لە ئایەتێکی تایبەتی دیار کراوە، هەروەکو لەمەوپێش دیتمان.

ئەنفال لە زوبانی عەرەبیا کۆی نەفەلە واتە زێدەو پتر، لەوەی ڕابرد کە ئەو غەنیمەتەی لە کاتی شەڕا لەگەڵ دوژمنی غەیرە ئایین ئەهاتە دەستو ئەوەی لە مەیدانی شەڕا لێی بەجێ ئەما لە پێنج بەشا چوار بەشی بەسەر ئەوانەیا دابەش ئەکرا کە لە شەڕا بەشدار بون. ئنجا هیچ

کەسێك لەوانە هەقی سەر ئەوەی نەبو شتێك لەوەی لە کاتی شەڕا ئەکەوێتە ژێردەستی بۆ خۆی هەڵی بگرێت زیاد لەوەی لەو غەنیمەتە بەری ئەکەوێت. هەمو زێدەیەك ئەبو بگەڕێتەوە ناو ئەو غەنیمەتەی کە دوایی بەش ئەکرا.

ئایەتەکە کە لە غەزای بەدرا هاتۆتە خوارەوە ئەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ ..﴾، واتە: ئەی محەمەد پرسیارت لێ ئەکەن لەو زیادەیەی لە شەڕا ئەکەوێتە دەست یەکێك بۆ هەیە بۆ خۆی بێت. ئەفەرموێت: نا ئەوە هی خودایە بەشێکە لە هەمو ئەو غەنیمەتەی دێتە دەستو بەسەر هەموان دابەش ئەکرێت بە بێ هیچ زیادەیەك کەسێك بۆ خۆی تەرخانی بکات.

بەڵان سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی ئەفسەرانی شەڕ بۆیان هەیە شتێك لەو غەنیمەتەی دێتە دەست، پێش بەشکردن بداتە یەکێك کە لە شەڕا ڕەشیدێیکی دیارو ئاشکرای نواندبێت وەکو ئەوەی هەڵپەی بردبێتە سەر گەورەی بەڕێوەبەری لەشکری دوژمنو کوشتبێتی.

هەروەها وەکو ئەوەی سەرۆکی ئەفسەرانی شەڕ بڵێت هەر کەسێك بتوانێت بگاتە جبەخانەی دوژمن بیتەقێنێتەوەو لەو غەنیمەتەی دەست ئەکەوێت لە بەشی خۆی زیاتر چشتێکی بە نرخی بۆ بڕیار ئەدەم و ئەیدەمێ، هەر شتێکی تر وەکو ئەمانە.

ئەمەیە مانای ئەنفال نەك تالانکردنی ماڵو ماڵاتو سامانی مسوڵمان هەروەکو ڕژێمی بەعسی صەدام لە هەرێمی کوردستان روی تێ‌کردو هێنایەدی.

ســزادان

لەناو کۆمەڵا چەند کردەوەیەکی خراپ هەیە کە ڕو ئەدات لە لایەن هەندێك بە کردەوەو بەدرەوشت کە لەناو وڵاتا ئەبێتە مایەی ئاشـوبو ناخۆشیو دوژمنیو دوژمنایەتی. ئایینی ئیسلام بۆ بەر بەست کردنـی هەر یەکە لەو خەراپانە سـزایێکی تایبـەتی دانـاوە کـە ئـەبێت رووی تێبکرێتە ئەو کەسانەی ئەو خەراپانە دێننەدی.

لە ئایین وەرگەڕاوەکان لێرەشا رەخنە لـە ئـایێنی ئیـسلام ئـەگرن و تانەوتەشەری پوچـەڵو چـەوتیان روی پـێ ئەکەنـە ئـەم ئایینـەو ئـەو سزایانە بە خەراب ئەخەنـە بـەر چـاوو ئـەڵێن لـەم چـەرخەیا لەگـەڵ عەدالەت ناگونجێتو رێك نیە.

ئنجا با یەك بە یەك ئەو کردەوە خەراپانەو سزاکانی بخەینە بەرچـاوو کەمێکی لێبدوێن تا بۆمان دەرکەوێت چەند ئەو لە ئـاین وەرگەڕاوانـە بیروباوەڕیان کۆڵەو تێگەیشتنیان کەم ئەبرێت و وتاریان بە پێـچەوانەی دادپەروەریە.

١- ســزای کوشــتن:

هەر کەسێك بەبێ هیچ هەقێكو بە غەدر دەستی کوشتن بۆ یـەکێك درێژ بکاتو بیکوژێت کەسوکارەکەی هەقیان هەیە داوای تۆڵەسەندن لەو کەسە بکەن تا دادگا بۆیان ئیعدام بکات. ئنجا دادگا ئـەبێت ئـەو داواکردنەیان بێنێتە دی.

کوشتن بەبێ هەق دو خەراپە ئەبەخشێ، خراپەیکێیان رو ئەکاتە کوژراوەکەو کەسوکارەکەی، خراپەکەی دیکە رو ئەکاتە کۆمەڵۆ ئاشوبی تیا دێنێتەدی.

کوشتن بە ناهەق روی لە گیانێکە لەناو کۆمەڵا کە بەشێکە لە گیانی ئەو کۆمەڵە، کە هەمو دانیشتوەکانی تیا بەشدارە. ئەوەی بە ناهەق رو بکاتە گیانی یەکێك وەکو ئەوە وایە روی کردبێتە گیانی کۆمەلایەتیو ژیانیا، بۆیی وتمان جگە لە هەقی کوژراوو کەسوکارەکەی کۆمەلایەتیش بەشدارە لەو هەقەیا.

لەبەر ئەمە خودا لە باسی کوشتنی هابیل لە لایەن براکەی قابیل لە ئایەتی (٣٢) سورەتی (المائدة) ئەفەرموێت: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا...﴾ ئەفەرموێت: هەر کەسێك بەبێ هەق کەسێکی دیکە بکوژێت وەکو ئەوە وایە هەمو خەڵکی کوشتبێت چونکە ئەو کوشتنە روی کردۆتە گیانێك کە هەمو خەڵك تیا بەشدارە.

لە یاسا بڕیاردان بە تۆڵە وەرگرتن بە ئیعدام لەو کەسەی بەناهەق یەکێك ئەکوژێت ژیانی تیایەو ژیان ئەبەخشێ نەك مردن،خودای بەرزی بێوێنە لە ئایەتی (١٧٩) لە سورەتی (البقرة) ئەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِيْ الأَلْبَابِ﴾، واتە: ئەی خاوەنانی بیرو هۆش بڕیاردان بە تۆڵە وەرگرتن بە کوشتن لە بکوژ، ژیان ئەبەخشێت نەك مردن.

ئەو بڕیاردانە (ئیعدام) ژیانە بۆ ئەو کەسەی ئەیەوێت کەسێك بە غەدر بکوژێت، چونکە ئەزانێت بەو روتێکردنەی ژیانی خۆی لەناو

ئەبات‌و ئیعدام ئەکرێت، ژیانیش لای مرۆڤ شیرینە تا بۆی بکرێت دەستی بۆ بەسەرەوە ئەکرێت‌و لە ناوی نابات، ئەمە زۆر کەس لە ڕوکردنە کوشتن دور ئەخاتەوە کە مایەی ژیانە بۆی.

ژیانە بۆ ئەو کەسەی یەکێك بیەوێت روی کوشتنی تێ بکات، چونکە ئەو کەسە لەبەر تۆڵەسەندن هەر وا بە ئاسانی روناکاتە کوشتن، هەروەها ژیانە بۆ کۆمەڵایەتی، چونکە بە زۆری ئەبێتە هۆی ئەوەی کەسێك بە غەدرو بە بێ هەق روی کوشتن نەکاتە ئەندامێك لە ئەندامەکانی کە لە ژیانا بەشدارە لەگەڵیان‌و ئاشوب‌و ناخۆشی تیا پەیدا نەکات‌و ئەی هێنێتە دی.

فەرمایشتی خودا لە کۆتایی ئایەتەکە، کە ئەفەرموێت: (يَا أُولِي الأَلْبَابِ) مانایەکی زۆر وردو قوڵی تیایە، فەرمایشتە بۆ ئەوەی ئەبێت بیر لە ئەمن‌و ئاسایشی وڵات‌و میللەت بکرێتەوەو رێنەدرێت ئاشوب‌و ناخۆشی‌و دوژمنایەتی تیا ڕوبدات، دواتر نابێت بە چاوی بەزەیی تەماشای یەکێك بکرێت کە ئەندامێکی لە ئەندامەکانی کۆمەڵ لە ناوداوەو گیانی لێ وەرگرتوەو خشتێکی لە بناغەی کۆمەڵایەتی هەڵقەندوەو بەسەر یەکا شکاندویەتی.

فەرمایشتێکە روو ئەکاتە خاوەنانی بیری رێك‌و هۆشی تەواو داوایان لێ ئەکات کە بڕیاردانیان ئەبێت بە پێی تەرازوی ڕاست‌و تەواو بێت، چی چاکە ئەوەی لێ روبدات، دەست بەخوێنان ئەگەر تۆڵە ڕویان تێ‌نەکات‌و ئیعدام نەکرێن، ئەمن‌و ئاسایش لەناو کۆمەڵ‌و وڵاتا لەنگ ئەبێت‌و میزانی تێك ئەچێت.

فەرمایشت کە ئەفەرموێت: (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ) فەرمایشتە کە ئەوەی بەبێ هەق ڕوو ئەکاتە ژیانی کەسێك، ڕوو ئەکاتە کانگەی ژیان کە هەمو کەسێك تیا بەشدارەو بەشێکە لەو کانگەیە، دەستی خراپەو روخاندنی بۆ درێژ ئەکات، سستی بەرامبەر ئەو دەستە خوێناویەو تۆڵە لێ نەسەندنی ئازاردانی هەمو دانیشتوانی کۆمەڵو وڵات ئەبەخشێو ڕێ پێدانە بە هەمو دەستێکی ستەمکار بە پێی هەواو ئارەزوی خۆی دەستی خراپە بوەشێنێتو مردن بێنێتە دی.

ئەوانەی ئەڵێن تۆڵەسەندن (ئیعدام) کارێکی خەراپەو ئەبێت بەربەست بکرێتو لە یاسایا ڕێی پێنەدرێت، ئەوانە ئەگەر بە باشی وردببنەوەو هۆشی خۆیان بە ڕێکی بەکاربێنن ئەبینن لەوەی لەسەرین بە هەڵەیا چوون، چونکە:

١- ژیان بەخشینێکی خودایەو ئەو داویەتی نەك یەکێکی دیکە تا بۆی هەبێت بەبێ ڕێکێشانێکی خودا ڕوی نەهێشتنی تێبکات. ئەوەی بە ناهەق دەستی نەهێشتنی بۆ درێژبکات، بە هەق ڕێ ئەدات بۆ ئەوەی دەستی نەهێشتن بۆ خۆی درێژ بکرێتو بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵ بنوێندرێت کە خۆی کردویەتی.

ئەوەی دەست بۆ ماڵی یەکێك درێژ بکات و لە ناوی بەرێت هەمو یاسایێك ڕێ ئەدات زیانەکەی پێبژمێردرێت، ئنجا ئایە ماڵ بە نرخترە یان ژیانی ئادەمیزاد؟

٢- یەکێك ئەگەر بە ناهەق یەکێکی کوشت ئەگەر ئەو کەسە ئیعدام نەکرێت، کەسوکاری کوژراوەکە ژیانیان پێتاڵ ئەبێت تا تۆڵەی کوژراوەکەیان لە کابرای بکوژ وەرنەگرن، بۆ هێنانەدی ئەمە هیچ

درێغیێك ناكەن، وا ئەبێت هەلیان بۆ ڕێك ئەكەوێت ئەو كەسەو ئەو خزمە پشتییەی لەگەڵیەتی ئەكوژن، دوایی كەس‌وكاری ئەمان دەست لەو تۆڵە وەرگرەو خزمانی ئەوەشێنن، ئنجا بە ساڵەهای ساڵ دوژمنایەتی پتر ئەكەوێتە بەینی دو بنەماڵە، یان دوخێڵ، ئنجا لە هەر دولا چەند كەسێكیان ئەكوژرێت‌و ئاشوب‌و ناخۆشی روئەكاتە ناو كۆمەڵ‌و پەتی ئاسایشی تیا ئەپچڕێت.

بەڵام ئەگەر یەكەم جار كابرای بكوژ لە قەنارە بدرێت‌و گیانی لێوەر بگیرێت كەسوكاری هیچ كینەییكیان روناكاتە كەس‌و كاری كوژراوی یەكەم جارو ئاگری دوژمنایەتی لە بەینیان هەڵناگیرسێ ئەوەی بە ناهەق یەكێك ئەكوژێت نابێت بە چاوی بەزەیی تەماشا بكرێت‌و – هەروەكو لەمەوپێش وتمان – هەقی كوژراو كەسوكاری بخرێتە پشتگوێ‌و تەماشای ئاگری ناو دەرونیان نەكرێت كە كابرای بكوژ تیا هەڵیگیرساندوە.

٣- ئەشێت بوترێت لە قەنارەدان كوشتنی لەناو كۆمەڵا لانەبردوە، بەڵێ كوشتن لەناو هەمو كۆمەڵێك‌و وڵاتێكا هەیەو بەردەوامە، بەڵام ئەگەر لە قەنارەدان هەمو تینوی خوێنێكی دەست نەبەستبێتەوە بن بڕی نەكردبێت، ئەبێت بزانین بەشێكی زۆری لە روكردنە ئەم خراپەیە جڵەو كردوە، چونكە بیر لە نەمانی خۆیان‌و بێوەژن بونی خێزانەكانیان‌و هەتیوبونی ماڵ‌و منداڵەكانیان‌و پەراگەندەبونیان ئەكەن.

دوكتۆر حەمید سەعدی لە لاپەڕەی (٤٣٣) لە كتێبەكەی (النظرية العامة لجريمة القتل) ئەڵێت: ئەوەی وا ئەزانێت سزای ئیعدام نیسبەتی كوشتنی كەم نەكردۆتەوە وانیەو روداو بە درۆی

ئەخاتەوە، چونکە لە ژماردنی ئەم جەریمەیە دەر ئەکەوێت کە ژمارەی کوشتن لەو وڵاتانەی یاسایان بڕیاری ئیعدام کردن ئەدات روو لە کەمیە بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی سزای ئیعدامیان لابردوە.

٤- بەشێك لە وڵاتان ئەم سزایەیان لابردوە، بەڵام هەندێکیان دوای لێکۆڵینەوە پێویستیەکەیان بۆ دەرکەوتوەو گەڕاندویانەتەوە. روسیا چەند جارێك لایبردوە دوایی گەڕاندویەتەوە، دواترین گەڕاندنەوەیان لە ساڵی (١٩٥٤) بو.

لە وڵاتی سەیلان ئەم سزایەیان لە ساڵی (١٩٥٦) لابرد، تەماشایان کرد نیسبەتی کوشتن روو لە زۆر بونە، لە (٢٦) مانگی ئاب لە ساڵی (١٩٥٩) یەکێك لە دانیشتوانی وڵات توانی بگاتە ماڵی سەرۆك وەزیران (بەندرانیکەو) بیکوژێت، دوای ناشتنی جەنازەکەی پەرلەمانی وڵات بە شێوەیەکی پەلە گردبۆوەو دوای لێکۆڵینەوەی چوار سەعات بڕیاریاندا سزای ئیعدام بگەڕێتەوە ناو یاسای وڵات.

٥- ئەوەی لە کاتی هەڵەیێکی بێمەعنا ڕووئەکاتە بەرامبەرەکەی و ئەیکوژێت بەبێ ئەوەی بیر لە دواهاتوی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی بکات و بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکات کە بەو روتێکردنەی ناخۆشی بە کۆمەڵ ئەگێنێ، ئەوە لە ناو کۆمەڵا ئەندامێکی پوچەڵی بێکەڵکی زیان بەخشە، پێویستە تیا نەهێڵدرێت، ئەوە وەکو دەستێك وایە توشی سەرەتان بوبێت، ئەبێت ببڕدرێت، گەرنا نەخۆشیەکەی پەرە ئەستێنێت و لاییکی دیکەی ئەگرێت.

وتمان کوشتن سێ هەقی تیایە هەقی کوژراو و هەقی کەسوکاری کوژراوو هەقی کۆمەڵ (هەقی گشتی) هەقی کوژراو وەکو میرات

ئەگەڕێتەوە بۆ کەسەکانی، ئەوانە هەقی داواکردنی ئیعدام کردنی بکوژیان هەیە، دادگا ئەبێت ئەو هەقەیان بۆ بڕەخسێنێ، بەلآم ئەگەر ویستیان لە کابرای بکوژ خۆشبن ئەوە خودا جەزایان بە چاکە ئەداتەوە. دادگا لێرەیا تەماشای هەقی کۆمەڵ ئەکاتو جەزاییکی گونجاو لە سەر بکوژەکە دائەنێت.

ئەگەر کەسوکاری کوژراو چەند کەسێك بوون وەکو چوار برا، ئەگەر یەکێك لەو برایانە لێخۆشبونی نیشاندا بەلآم سیانەکەی دیکە بەم بڕیارە قایل نەبونو داوای ئیعدام کردنیان کرد، لای زۆربەی ماموستایانی ئاین بڕیاردانی برای لێخۆشبو ئەچێتە سەرو ئەبێت ئەوەکانی دیکەش پێی رازی بن.

٢- سزای دامێن پیسی:

خودای بەرزی بێوێنە بۆ بەردەوام بونی ژیان لە ئادمیزادا نێرو مێی هێناوەتە دی، هەروەکو ئەمە وایە لە هەموو گیان لەبەرەکانی دیکە، چ گەورەبن یان گچکە، چ فڕندەبن یان بێباڵ، چ لەناو ئاوا بژین یان لە چۆلایی‌و دەشتایی.

بەردەوامبوونی ژیان لە ئادەمیزاد بە یەکگرتنی ئافرەتو مرۆڤ دێتە دی ئەبێت ئەو یەکگرتنە بە ڕێکێشانی خودا بێت کە لە ئایینەکەی بۆمانی دەرخستوە، نەك بە شێوەییکی بەرەڵلایی بێت هەروەکو لە گیانلەبەرەکان دیکە دێتەدی.

پیاو یان ئافرەت ئەبێت دەست بەسەر ناموسو شەرەفی خۆی بگرێت، نابێت وەکو گیانلەبەرەکانی دیکە هەریەکە هەر رۆژە ڕوو لە

یەکێك لەوەکەی دیکە بکاتو لەگەڵی گردببێتەوەو پێکەوە جووت بن، هەروەکو ئەمە پیشەی بەشێکی زۆری نێرو مێی دانیشتوانی وڵاتانی غەیری مسوڵمانەکانە لە رۆژئاواو لە رۆژهەڵات.

رێدان بەو شێوە گردبوونەوەیە کۆڵەگەی کۆمەڵایەتی لار ئەکاتو ئەی هەژێنێ، بناغەی خێزانداری تێك ئەدات، ریشەی خزمو خزمایەتی لە یەك ئەپچرێ، میهرەبانی باوكو نەوەو نەتەوە کز ئەکات، کەس ئاگای بەسەر کەسێکی دیکەوە نامێنێتو یارمەتیدان لە بەینیان نمودێکی وای نابێت.

ژمارەی دانیشتوانی وڵات لە باتی زۆر بوون ساڵ بە ساڵ روو لە کەم بوون دەکات هەروەکو ئەمە دیارو ئاشکرایە لە هەندێك لە وڵاتەکانی رۆژئاوا بە تایبەتی وڵاتەکانی ئەسکەندیناڤیا کە ئەم شێوە یەکگرتنەی هەردوو بەشی نێرو مێ تیانا کارێکی بڵاوەو یاسا رێی پێ ئەدا، بەبێ ئەوەی بیر بکرێتەوە کە ئەو شێوە یەکگرتنە چ جیاوازیەکی لەگەڵ یەکگرتنی خاوەن ژیانەکانی دیکە هەیە کە ئەو بیرو هۆشو تێفکرینو زوبانو قسەو وتارەی کە بە ئادەمیزاد خەڵات کراوە ئەوان لێی بێبەشن.

گردبونەوەو یەکگرتنی پیاوێكو ئافرەتێكو ئەوەی لە بەینیان روو ئەدات ئەبێت بە پێی فەرمانی خوداو فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ روو بدات، کە بە مارەکردنێکی شەرعی دروستەو رێی پێ ئەدرێتو موبارەکی بە دواوەیە، بە نەوەو نەتەوە لێ روودان.

ئەو یەکگرتنە ئەگەر لەو رێیوە نەبێت بە فەرمایشتی ئایینی خودا پێی ئەوترێت (زینا) کە خودا لە قورئانی پیرۆزا سزایەکی تایبەتی بۆ

دیار کردوەو فەرمانی داوە ڕوی پێ بکرێتە ئەوانەی ئەو شێوە گردبونەوەیان لــێ ڕو ئەدات لە هەر دوو بەشی ئادەمیزاد لە نێرو لە مێ.

ئەو سزایەش ئەوەیە کە خـودا لــە ئایـەتی(٢) لــە سـورەتی(نــور) ئەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾، واتە: ئەوەی لە ڕێکێشانی خودا لا ئەدات چ مرۆڤـ بێت یان ئافرەت، ڕوو ئەکاتە دامێن پیسی کە زینایە سزایان سەد دار لێدانە، ئــەوەی ڕو لــەو کــارە بکــات نابێــت لــەو ســزا دانــە بەزەییتان پێی بێت، ئەگەر ئێوە بەڕاستی بڕواتان بە خـوداو بـە دواڕۆژ هەیە، ئەو دارکاریە ئەبێت بە ئاشـکرا بێتــەدیو لەبەرچـاوی بەشـێك مسوڵمانەکان ڕوبدات تا ببێتە عیبرەت بۆ کەسانی دیکە.

ئەوانــەی بــە ســافیلکەیی تەمەشــای ئــەم بڕیاردانــە ئەکــەنو تێگەیشتنیان کەم ئەبڕێتو زانینیان کەمە چ لە ئایین وەرگەڕاوبن یــان نا، ئەڵێن: بڕیاردان بەم سزایە چۆن لەگەڵ شارستانیەتی ئــەم چــەرخە ڕێك ئەکەوێتو چۆن ئەبێت لە یاسایا ڕێی پێبدرێت.

ئەوانە وا ئەزانن ئەگەر ئەم سزادانە لە یاسا هــەبێتو ڕێــی پێبــدرێت هەر ڕۆژە ئەبێت چەند کەسێك بەر ئەم سزادانە بکەوێتو کــە حەیاچــونی تێدایە، هەروەها ئەڵێن: ئەمە کارێکە بیرو هۆش ڕێی پێنادات.

ئەوانە نازانن یا بە ئانقەسد خۆیان گێل ئەکەنو نایانەوێت تێبگەن کە ڕووکردنە ئەم سزادانە هەروا بە ئاســانی نابێــت، زینــا ئــەبێت بــە شێوەیەکی شەرعی دورر لە هەموو گومانێــك دەربکــەوێت، ئەمــەیش بەوە ئەبێت کە چوار کەسـی ڕاسـتگۆی دینـدار هــەموویان لای قــازی

شایەدی بدەن، هەریەکە بڵێت من بە چاوی خۆم دیتم دەعبای ئەو پیاوە چوە دەعبای ئەو ئافرەتە- واتە هەروەکو چۆن خەنجەرێك ئەکرێتە ناو کێلآنەکەی- ئنجا ئەگەر سێ کەس لەو شایەدانە وتیان ئێمە هێنانەدی ئەو کارەمان بە چاوی خۆمان دیت، یەکی تریان وتی من بەشی خوارەوەیی کابراو بەشی خوارەوەی ئافرەتەکەم بەڕووتی دیت، بەڵام دەعبای کابرام نەدیت بچێتە دەعبای ئافرەتەکەوە، زینا لێرە ئیسپات نابێت‌و شایەدی سیانەکە وەرناگیرێت‌و بە بوهتان دائەندرێت‌و ئەو سزایەی ڕوونادات بەڵام سزادانێکی تایبەتی ڕوو ئەکاتە ئەو سیانە کە شایەدیەکەیان بە بوهتان دائەندرێت. دەربارەی ئەو شایەدییە بۆ ئیسپات بونی زینا چەند شەرتێکی دیکەی تیایە لێرە پێویست بە درێژە پێدان ناکات.

یەکێك ئەگەر کەسێك بە ناهەق بکوژرێت بۆ بە ئیسپات بونی ئەو کوشتنە دوو شایەدی بۆ بەسە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسەی شایەدی لەسەرئەدرێت ملی بەپەتەوە بکرێت‌و گیانی لێ بسێندرێت، بەڵام بۆ دەرکەوتنی زینا چوار شایەدی ئەوێت کە هەر چواریان یەك شایەدی بەو شێوەیە باسمان کرد بدەن، چونکە خودا ئەیەوێت تا بلوێت عەرزو ناموسی کەس لەکەدارو بریندار نەکرێت‌و هەروا بە ئاسانی ئەو کارە دەرنەکەوێت‌و ئاشکرا نەبێت‌و ئەو سزایەی لێ ڕونەدات‌و کارەکە تا بکرێت بە نهێنی‌و شاردراوە بمێنێتەوە.

ئنجا با بزانین لە چەند ملیۆن - ناڵێم لەسەدا چەند - بەو شێوەیەی باسمانکرد زینا ئاشکراوئیسپات ئەبێت تا ئەو سزایەی لێروبدات.

ئافرەتێك و مرۆڤێك ئەگەر رووبکەنە ئەو کارە حەرامە چڵکنە گوناهـ بەخشە زۆر بە دزیو بەنهێنی رووی تێئەکەن، بە شێوەیێك کە هیچ کەسێك نەیبینێ ئنجا جا چوار کەس.

مەبەست لە فەرماندان بەو سزایە بە ڕاستی پێش ئەوەی مەبەست پێی سزای هێنانەدی ئەو کارە گوناه بەخشە بێت، مەبەست پێی دەرخستنی خراپیو چڵکنی ڕوو کردنە ئەو کارە، کە ئابڕوچونی تێدایەو حەیاچون ئەبەخشێ بە تایبەتی بۆ ئافرەت، نابێت پیاو و ئافرەتی بڕوادار بە خوداو بە پێغەمبەری خودا قاچیان بخلیسکێتو ڕوویان بە لای ئەو کارە وەرگێرن، هەروەها مەبەست پێی دەرخستنی زۆر گەورەییو خراپی ئەو کارەیە (زینا)، چونکە کاری زۆر خراپی لێ ڕو ئەدات، وەکو ئەوەی ئافرەتەکە زگی پڕ بێتو لای خەڵك ئەو کردەوە عەیبدارەی لێ ئاشکرابێتو ڕوو زەردو سەر شۆڕ بێت.

ئنجا کە منداڵەکەی ئەبێت کێ ئەبێتە باوکیو سەرپەرشتی ئەکات؟ زۆر جاریش وائەبێت کەسوکاری ئافرەتەکە بۆ ئەوەی لەناو خەڵك عەیبدار ئەبن، ئەو منداڵە دوای بونی یەکسەر ئەکوژنو توشی گوناهی کوشتن ئەبن، یان لە پەرۆیێکی ئەپێچن و بەنهێنی ئەیبەن لە سوچی کۆڵانێك، دایئەنێن بە ئومێدی ئەوەی خێرخواهێك کە گوێی لە گریانی منداڵەکە ئەبێت هولیبگرێتەوەو بەخێوی بکات. واشئەبێت کەس و کاری ئافرەتەکە کە هەست بەوکارە خراپەی ئەکەن قینیان بە توندی هەڵئەستێو ئەیکوژن.

ئەوەی من بزانم بە درێژایی مێژوی دەوڵەتی ئیسلامی لە هیچ کاتێکا هیچ کەسێك لەوانەی ڕویان کردبێتە ئەو کارە خەراپە چ پیاو

بو بێت یان ئافرەت ئەو کردەوەی بەو شێوە شەرعیەی باسمان کرد لە سەر ئیسپات نەبوە تا توشی ئەو سزایە بوبێت، چونکە ئەوەی ڕووی دابێت لەوکارە خەراپە بە نهێنی ڕوویداوەو شایەدی لەسەر نەهاتۆتەدی.

هێنانەدی ئەو کارە حەرامە چلکنە بە شێوەییك کە لەوانە بێت زۆر بە ئاشکرایی بێتەدیو چوار کەسی راستگۆ ئەو کردەوەیە ببینن‌و ببنە شایەد، هیچ ڕوو نادات مەگەر پیاوێك‌و ئافرەتێك جل‌و بەرگی حەیاو حورمەت لە خۆیان دامالن و شێوەی ئادەمیزادیان لانەمێنێت‌و شێوەو خووی بەراز وەرگرن‌و نەزانن حەیاو شەرم چیە لە باغێکی گشتیا لە بەرچاوی بەشێکی زۆر لە خەڵك ڕووبکەنە ئەوکارەو بیهێننەدی، ئنجا ئایە ئەو دوکەسە ئەو سزادانە دەربارەیان شتێکی زۆر کەم نیە؟ ئایا ئەوانە هەقی ئەوەیان نیە هەر لەو جێیە هەناسەیان لێ بربدرێت؟

هەروەکو وتمان ئایینی ئیسلام تابۆی بکرێت ئەیەوێت دەست بەسەر حەیاو حورمەت‌و شەرەفی هەمو مرۆڤێك‌و ئافرەتێك بگرێت تا لەناو کۆمەڵا توشی کەمێیك‌و هیچ عەیبەیێك نەبن.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: هەر کەسێك چ پیاوبێت یان ئافرەت ئەگەر پێی خلیسکاو توشی ئەو کارە خەراپە بو -دامێن پیسی- با هەر لای خۆی بە نهێنی بمێنێت لای کەس باسی نەکات. هەروەکو ئێستاکە هی وا هەیە بەبێ شەرم حەیا لەناو ڕەفیقەکانی خۆی ئەو کردەوە خراپەی خۆی لەگەڵ ئافرەتێك دەرئەخات‌و باسی ئەکات‌و ناموسی بریندار ئەکات.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنم ئەمەوێت چەند لایێکی دیکەی بخەمە بەرچاو:

١- سزادانی ئەو کارەو ئیسپات بونی هەر دەربارەی مرۆڤ و ئافرەتی مسوڵمانە، مرۆڤ و ئافرەتی غەیرە مسوڵمان ناگرێتەوە، مەگەر خۆیان بە ئارەزوی خۆیان بێنە لای قازی، بڵێن بڕیاردانی شەرعی ئیسلامیان بە سەرا بڕیار بدە.

٢- ئیسپات بونی ئەو کارە بە دەم پێهێنانیش ئەبێت، مرۆڤێك و ئافرەتێك ئەگەر بە ئارەزوی خۆیان بە بێ هیچ خورتییەك لای قازی ئیعترافیان بەو کردەوەی خۆیان کرد زیناکە ئیسپات ئەبێتو سزاکەی لێ رونەدات.

٣- زگ پڕ بونی ئافرەت بە منداڵ لای بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی زینای پێی ئیسپات ئەبێت، لای بەشێکی دیکە وەکو شافعیەکانو حەنەفیەکان پێی ئیسپات نابێت، ئەم ڕایە لای ئەمانە دوربینی تێدایە، چونکە وا ئەبێت حەیوانێکی مەنەوی مرۆڤێك بە شێوەیێك لە شێوەکان ڕوو بکاتە ڕەحمی ئافرەتێكو زگ پڕبونی لێ ڕوبدات.

٤- ئیسپات بونی ئەوکارە تەنیا ئەبێت لای قازی بێت، سزادانیش ئەبێت بە فەرمانی ئەو بێت، هیچ کەسێك، یان بەشێك -وەکو حیزبێك- ئەو هەقەی نیە ئنجا ئەگەر قازی شەرعی نەبو حوکمەکە نابێت و ڕانەوەستێت.

٥- ئەگەر زیناکە ئیسپات بو سزاکەی سەد دار لێدانە وەکو زانیمان، ئەو دار لێدانە نابێت زۆر بە قایم بێتو زیان ببەخشێ، یان زۆر هێواشبێتو ئازاردانێك نەگەیێنێ، هەروەها نابێت لە لەشا ڕووی پێبکرێتە یەك جێ، چونکە زیان بەو جێیە ئەگێنێ، ئەبێت بەسەر

لەشا دابەش بکرێت بەبێ ئەوەی ڕووی پێ بکرێتە چەند جێیێك کە فەوتانی لێ ڕوبدات، یان ئازاری زۆر بگەیێنێ.

٦- ئەشێت یەکێك بڵێت ئەو کارە ئەگەر بە شێوەیێکی شەرعی لە بەینی پیاوێك‌و ئافرەتێکا هاتەدی‌و ئیسپات بو، با بەو سزادانە سزا نەدرێن کە سزادانێکی قورسە، با بە زیندانی کردن بۆ ماوەیێکی تایبەتی حوکم بدرێن کە ئەمە ڕێکترو باشترە.

بەو کە ئەوترێت نا ئەوە باشترنیەو خراپە، باشیەکەی ئەوەیە کە خودا دیاری کردوەو بڕیاری پێداوە، چونکە:

١- زیندانی کردن هیچ ئازارێکی تێدا نیە تا ببێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە جارێکی دیکە ڕوو لەو کارە نەکات.

٢- ئەو زیندانی کردنە زیان بە خەزێنەی دەوڵەت ئەگەیێنێ کە ئەبێت لەو ماوە زیندانی کردنە یا ژیانی بۆ بڕەخسێندرێت، واتە بەرامبەر کردەوە خەراپەکەی چاکەی لەگەڵ بکرێت.

٣- ئەو کەسە چ پیاو بێت یان ئافرەت لە ماوەی زیندانی کردنیدا دەستی لە هێنانەدی ئیش‌وکاری خۆی ئەبەسترێت‌و دوای ئەخات لە پەیاکردنی ڕزق‌و دەرامەتی بۆ ژیانی خۆیی‌و ئەوانەی ئەو ئیدارەیان ئەدات.

٤- دواتر ئەو زیندانی کردنە وەکو ئەو سزادانەی کە خودا فەرمانی پێداوە نابێتە عیبرەت بۆ یەکێکی دیکەو ڕێی ڕووکردنە ئەو خەراپەیەی لێناگرێت‌و وەکو سزای ئەو سەد دار لێدان نیە کە لەبەرچاوی خەڵك ڕوو زەردی ئەبەخشی‌و بە چاوی کەم تەمەشا ئەکرێت‌و شەرم‌و حەیا دای ئەگرێت.

٣- سـزادان بە بـەرد بـاران :

ڕەخنەیێکی دیکە کە لە ئایین وەرگەڕاوەکان لـە ئـایینی ئیسـلامی ئەگرن ئەوەیە کە ئەڵێن: ئەم ئایینە لە زینادا ڕێ بە رەجم کردن ئـەداو ئەڵێن ئەم سزادانە دورە لە هەمو دادپەروەریەك کە بیسەوێت بەیداغی عەدالەت بەسەر کۆمەڵو وڵاتدا بەرز بکاتەوە.

ئەوەی کە لەمـەوپێش دەربارەی سـزای زینـا باسمـان کـرد هـەروەکو زانیمان مەبەست پێی ئەو زینایەیە کە لە بەینی مرۆڤێکی بێ هاوسەرو ئافرەتێکی بێمێرد دێنە دی، واتەکە هەر دولایان رەبەن بن.

بەڵام ئەگەر هـاتو مرۆڤێکـی خـاوەن هاوسـەر لەگـەڵ ئـافرەتێکی مێردار یەکیان گرتو ئەو کـارە خەراپـەیان هێنایـەدیو کردەوەکـەیان بەشایەدی چوار شایەدو بەو شێوەیەی لەمەوپێش باسمان کرد لای قـازی دەرکەوتو ئیسپات بو سزاکەی رەجمی هەردو لایانە، چونکە ئەو مرۆڤە لەگەڵ ئەوەی هاوسەری هەیە دەست بۆ عەرزو ناموسی مێردی ئەو ژنەو کەسوکاری ژنەکە درێژ ئەکات، ژنەکەش لەگەڵ ئەوەی پێویـستی بـەو کارە نیە چونکە مێردی هەیە خۆی بۆ ئەو کابرایە نەرمو شل ئـەکاتو ئەبێتە شەرێك بۆ عەیبدارکردنی عـەرزو ناموسـی خـۆیو مێردەکـەی جگە لەوەی بەو خیانەتـەی بناغـەی نـەوەی مێردەکـەی بـزر ئـەکاتو لەگەڵ بناغەی نەوەی ئەوکابرایەی ئەو کارەی لەگەڵ دێنێتـە دیو ئـەو خیانەتە ئەکات لە رەحمیا تێکەڵاو ئەکات ئینجا بناغەی نەوە کە دوای بونی بە منـاڵێك نازاندرێ هی مێردەکەیەتی یان هی ئەو کابرایە یە.

سزا بە رەجم لە هـیچ ئایـەتێکی قورئـان فـەرمانی پـێ نـەدراوە، لـە تەراتاکە هی جولەکەکانە فەرمانی پێدراوە. بەڵام لە کتێبەکانی حـەدیس

ریوایەت هەیە کە لە کاتی پێغەمبەر ﷺ مرۆڤێـك کـە نـاوی مـاعیزی کوڕی مالك بووە خاوەنی هاوسەر بوە، هەروەها ئافرەتێك کە بە غامیدییـە ناوبراوەو مێردار بوە، هەر یەکە گوناهی زینایان لـێ روداوەو هەر یەکە بە ئارەزوی خۆیان زوبانی بە هێنانەدی ئەو کارەی جولاندوەو ئیعترافی کـردوەو داوای کردوە سزای ڕەجمی بەسەرا بدرێت، ئینجا بـەپێی ئـەو داوا کردنـەی ویستی هاتۆتە دی.

لەوەی کە رامانبورد لەمەوپێش زانیمان کە زینا بە شـایەدی چـوار شایەدی راستگۆی خوداناس ئیسپات ئەبێت ئەگەر بەو شێوەیەی باسمان کرد شایەدی بدەن کە ئەو کارە هێنانەدییەیان بە چـاوی خۆیـان دیـوە. هەروەها دەرمان خست کە ئیسپات بوونی رووداني ئەو کارە بە شایەدی شایەد زۆر زەحمەتەو نایینە دی، چونکە هیچ ئافرەتێك‌و هیچ مرۆڤێکی مسوڵمان لە وڵاتێکی ئیسلامی هەر چەندێك بێ شەرم‌و بێ حەیاو بـێ ئابڕو بن ئەگەر روبکەنە هێنانەدی ئەوکارە زۆر بە دزی‌و بەنهێنی رووی تێئەکەن تا هیچ کەسێك ئاگـاداری نـەبێت‌و نـەی بینـێ‌و کارەکـەیان شایەدی لەسەر نەبێت.

ئەشێت یەکێك بڵێت ئەی کەوابێت ئەم سزایە بـۆ بڕیـار دراوە؟ لـە وەڵاما ئەوترێت بۆ ئەوەی باش بزاندرێت هێنانەدی ئەو کارە ڕووتێکردنی کارێکی زۆر خەراپە، لە لای خودا زۆر گەورەیەکە سزاکەی ئـەبێت ئـەم سزایەبێت کە خەڵکی لـێ ئەسڵەمێتەوەو خۆیانی لـێ لا ئەدەن.

ئنجا کەوابێت ڕەخنەی ئەو لە ئایین وەرگەڕاوانە ڕەخنـەیێکی پوچـی بێ جێیەو هیچ سەنگ‌و نرخێکی نیـە کـە ئەوانـە وائەیخەنـە بەرچـاو

ئەگەر کۆمەڵایەتی‌و وڵات بە پێی ئایینی ئیسلام بەڕێوە ببردرێت هەر جارەی چەند کەسێك ئەبێت توشی سزای رەجم ببێت.

ئەو لە ئایین وەرگەڕاوانەو خاوەن رەخنانە ئەگەر راست ئەکەن با لەو رۆژەی کە خودا ئادەمیزادی بە ئایینی ئیسلام شەرەفدار کردوە لە کاتی پێغەمبەر تا ئەوکاتەی پشت کراوەتە یاسای ئەم ئایینە – واتە لە نزیکەی چوارده چەرخ – یەك کردەوەمان بۆ دەر بخەن کە یەکێك – ناڵێم چەند کەسێك – بە شایەدی سزای رەجم رووی تێکردبێت، ئەوە مێژوو لەبەر دەستیانە با نمونەییکمان بۆ دیار بکەن.

ئێمە لە باسەکەی پێشو باسمان کرد زینایێك کە سزاکەی دارکاری بێت بە ئیعترافێکی دور لە خورتی لێکردن لای قازی ئیسپات ئەبێت، هەروەهاش زینایێك کە سزاکەی رەجم بێت بەم شێوەیە دەرئەکەوێت‌و ئاشکرا ئەبێت. ئەمەش زۆر زەحمەتە یەکێك ئەو کردەوەی خۆی لای قازی دەربخات‌و دەمی پیا بێنێت تا ئەو سزایە ڕووی تێبکات. ئەمە نەك هەر زەحمەتە بەڵکو رودانی لە مەزەنددا نیە.

پێشتر باسمان کرد کە ئایینی ئیسلام ئەیەوێت رودانی ئەو کارە تا بکرێت پەردەی بەسەرا بدرێت. ماعزی کوڕی مالك کە ئەو کارەی لێ ڕوداو لای پێغەمبەر دەمی پیاهێنا، پێغەمبەر ویستی ئیعترافەکەی زەدەی تێبکەوێت تا سزای رەجم رووی تێنەکات، پێی فەرمو ئەشێت ئەوکارەت نەکردبێت هەر دەست کورتیت کردبێت‌و یان هەر ماچت کردبێت سێ جار لەو جێیەی لێی بون ماعزی دورخستۆتەوە تا بەڵکو لە ئیعترافەکەی لابدات بەڵام ماعز هەر لەسەر قسەی خۆی سور بوە، ئنجا کە دەست کرا بە رەجمی، رایکرد، ئەوانەی رەجمیان ئەکرد دوای

کەوتن، پێغەمبەر فەرمووی ئەبوایە وازتان لێبهێنایە بەڵکو تۆبەی ئەکردو خودا تەوبەکەی لێوەرئەگرت.

ئافرەتی غامیدیە ناویش کە لای پێغەمبەر دەمی بەو کردەوە خەراپەی خۆی هێنا، پێغەمبەر ﷺ روگرژی نیشاندا پێی فەرمو بیر لە ئیعترافەکەت بکەرەوەو تۆبە بکەو رووت بە لای خوداوە وەرگێرە، بەلام ئافرەتەکە هەر سوور بو لەسەر ئیعترافەکەی وتی ئایە ئەتەوێت دورم بخەیتەوە هەروەکو ماعزی کوری مالکت دورخستەوە.

ئنجا لەبەر ئەم شەرعا ئەو کەسەی لە لای قازی ئیعتراف بەو کردەوە خەراپەی خۆی ئەکات ئەبێت چەند جارێك لە چەند دانیشتنێکی قازیا سوربێت لەسەر قسەی خۆیی‌و پەشیمانێیکی تێدانەبێت. قازی ئەبێت بە شێوەێیك بیدوێنێ کە هاندانی تیا بێت بۆ لادانی لە ئیعترافەکەي تا ئەو سزایە روونەدات .

ئەگەر هات ئەو کەسە، هەر رِشت بو لەسەر قسەو ئیعترافەکەی، قازیش حوکمی بە سزادانەکەدا کابرا بۆی هەیە دوای ئەوەش لە قسەکەی پەشیمان ببێتەوە بلێت ئیعترافەکەم راست نیەو درۆی تێدایە، قازی ئەبێت ئەوەی لێوەربگرێت‌و حوکمەکەی هەلبوەشێنێت‌و سزاکە روونەدات.

٤- سزای دزیکردن :

دزی کردن کارێك‌و کردەوەێیکی زۆر خەراپە، خەراپییەکەی روو ئەکاتە ئەو کەسەی دزیەکەی لێنەکرێت، هەروەهاش روو ئەکاتە کۆمەلایەتی ولات.

تەمەشا ئەکەیت یەکێك بە هەمو توانـاییکی روو ئەکاتـە ئیـشکردن و کاسبی بۆ ئەوەی ژیانی باش بـۆ خـۆیی‌و مـاڵ‌و منـداڵی بڕەخـسێنێ، بـەو هەوڵدانەی ماڵ و سامانێکی مناسب دەسگیر ئەکات‌و تفاقێکی جوان‌و ڕێك بۆ ماڵەکەی ئەڕەخسێنێ. کاتێك بەیانییك کە لەخـەو هەڵئەسـتێ تەماشـا ئەکات بە شەو یەکێك رووی کردۆتە ماڵەکەی‌و بـە شـێوەیێك توانیویـەتی دەرگای ماڵەکەی بکاتەوە، ئەوەی تیا بەنرخـەو دەسـتی گەیـشتبێتێ‌و بـۆی لوابێت لە پارەو خشڵی ئاڵتونی هاوسەرەکەی دەسی پیا هێناوەو دزیویـەتی، ئنجا چ بە تەنیا بوبێت یان شەریك و یارمەتی دەری بوبێت.

کابرای خاوەن ماڵ بەداخێکی زۆرەوە ئەبینێت ڕەنجـی کـاتێکی زۆری لەدەست چوەو دزە هەروا بە ئاسانی و بەبێ هـیچ مانـدوبونێك دەسـتی بەسەرا گرتوەو بردویەتی.

وابوە دزێك رووی کردۆتە ماڵێك تا ئـەوەی تیایـەتی‌و ئەیـەوێت بـە ئاسانی‌و بەبێ تەگەرە بکەوێتە ژێردەستی‌و، خاوەن ماڵەکەی کوشـتوە. واشبوە خاوەن ماڵەکە کە بەخەبەر هاتوە تەماشای کردوە توانای ئەوەی نیە بەرەنگاری دزە ببێت ئنجا ڕێی بۆ ڕەخساندوە تا چی ئەوێت ببات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا دزە دەستی کوشتنی بـۆ درێـژ کـردوەو هەناسـەی لـێ بڕیوە لەبەر ئەوەی نەبادا خاوەن مـاڵ بیناسـێت‌و دوایی خەبـەری لێبداو دزینەکەی دەربکەوێت.

دزی جگە لەوەی زیان‌و ناخۆشی بە خاوەنی ئەو ماڵـە ئەگـەیێنێ کە دزیەکەی تیا ئەکرێت، ناخۆشی‌و ئاشوب لە نـاو کۆمـەڵ پەیـدا ئەکات، چونکە هەمو کەسێکی تیا ئەخاتە ترس‌و دڵنارەحـەتی لـە

ترسی ئەوەی نەبادا دزێك زەفەر بە ماڵەكەی بەرێتو زیان بە خۆی یان بە ماڵەكەی بگەیێنێ.

ئایینی ئیسلام بۆ بەرامبەر وەستانی ئەم كارە خەراپە زیانو ترس بەخشە لە مەچەكەوە دەست بڕینی بۆ دزی داناوە.

خودا لە قورئانی پیرۆزا لە ئایەتی (٧) لە سورەتی (المائدة) ئەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا ....﴾، واتە: دز چ مرۆڤـ بێت یان ئافرەت بەرامبەر دزینیانو ئەم كردەوە خەراپە یان دەستیان ببڕن، تا ببێتە عیبرەت بۆ خەڵكی دیكە كە ئەیانەوێت ڕوو لەم پیشە خەراپە بكەن.

لە ئایین وەرگەڕاوەكان لێرەشا بە ڕەخنە تەماشای ئەم بڕیاردانە ئەكەنو ئەڵێن چ ڕەوایە دەستی دز ببڕدرێت؟ رووكردنە ئەم سزادانە ئازاری توندو زۆرو دڵرەقی تێدایە، یاسا نابێت بڕیاردانی ئەم شێوە سزایەی تێدابێت، هەروەها ئەڵێن: دز هەر ئەبێت حەبس بكرێت بۆ ماوەییك كە ڕێك بێت لەگەڵ ئەو دزیەی كەوا كردویەتی.

ئەوانە ئەم بڕیاردانەیان وەكو ئەوە وایە یەكێك بن هەردو چەنەگەی پەنمابێت پێویستی بە پەنسلین هەبێت، یەكێك خۆی بە دكتۆر بزانێتو بڵێت ئەمە بە حەبی ئەسپرین چاك ئەبێتەوە.

ئەوانەی لایانوایە سزای دزی ئەبێت هەر حەپس كردنبێت ئەگەر نەختێك بە باشی وردبینەوەو بە ڕێكی بیر بكەنەوە ئەبینن كە لە ڕاو تێگەیشتنیان بە هەڵەیا چوون. ئەوانە لە بەغدا ئەگەر تەماشای دەفتەری پۆلیس خانەكان بكەن كە روداوی ئەوانەی دزیانكردوە تیا دەرخراوەو ژماردراوە، ئەبینن هەر یەكە لەوانە چەند جارێك لەبەر دزی

کردن‌و گیرفانی خەڵك بڕین ڕوی پێکراوەتە حەپسخانەو ماوەیێك تیا ماوەتەوە، ئنجا کە بەردرابێ هەر هەڵی بۆ ڕێك کەوتبێت جارێکی دیکە ڕوی کردۆتەوە ئەو پیشەیەی خۆی، چونکە حەپسکردن هیچ جارێك ئازارێکی پێنەگەیاندوە تا ببێتە هۆی ئەوەی لەو پیشەیەی لایبدات، کە بەریش درابێت‌و سەرفراز کرابێت هیچ نیشانەیێکی پێوەنیە وەك دەست بڕین تا لەناو خەڵك‌و کۆمەڵا خەجاڵەتی بکات‌و شەرم بیگرێت‌و بۆی ببێتە عیبرەت تا جارێکی دیکە ڕووی بە لای ئەو کردەوە چڵکنە وەرنەگێڕێ.

هەروەهاش ببێتە عیبرەت بۆ کەسێکی دیکە کە بیەوێت ڕێی ئەو پیشەیە بگرێت. بۆیی ئەبینین دزی لە هەمو وڵاتەکان کارێکی بڵاوو روتێکراوە، ئنجا بۆ ئەو روتێکردنە چەندەها فێڵ و فێڵکاریان دۆزیوەتەوە تا بە باشی‌و بە مسۆگەری سەرکەوتنی ئەو روتێکردنەیان بێتە دەست.

بەڵام ئەگەر سزای دزی ئەو سزادانە بێت کە خودای بەرزی بێوێنە فەرمانی پێداوە ئەگەر دزی لەناو کۆمەڵ‌و وڵاتا بە تەواوی بنبڕ نەبێت، رووتێکردنەکەی زۆر کەم ئەبێت، چونکە زۆر لەوانەی ئەیانەوێت دزی بکەن لێی ئەسڵەمێنەوە، چونکە ئەزانن ئەگەر دزیەکەیان ئاشکرا بێت دەستیان لە کیس ئەچێت، لەگەڵ ئەمەشا ئەگەر یەکێك بەمە نەسڵەمێتەوەو ڕێی لێ نەیگرێت‌و دزی بکات‌و لێی دەربکەوێت‌و دەستی ببردرێت جارێکی دیکە ڕوو لەو ڕێیەناکات، خەڵکی دیکەش لەناو کۆمەڵا کە ئەوە ئەبینن، ئەوەی بیەوێت ئەو ڕێیە بگرێت چۆنها نەبێت خۆی لێ لائەدات، چونکە ئەزانێت دەستی خۆی لە کیس ئەچێت‌و لەناو خەڵکیشا بە چاوێکی نزم‌و کەم تەمەشا ئەکرێت.

وڵاتی حیجاز (سعودیە) پێش ئەوەی نەوتی تیا دەربکەوێت لە وڵاتە زۆر فەقیرەکان ئەژمێردرا، بەشی زۆری دانیشتوەکانی گەلێك هەژارو دەست کورت بون، لەگەڵ ئەمەشا دزی تیا زۆر کەم روی ئەدا، چونکە ئەوەی ویستنێکی دزی ببوایە لەبەر دەست بڕین خۆی بەلایەوە نە ئەبرد هەروەکو ئەمە ئێستاکە وایە.

ئەوانەی وا ئەزانن ئەگەر لەبەر دزی سزای دەست بڕین لە قانونی وڵاتا هەبێت و بڕیاری لەسەر بدرێت هەر ماوەییك و ماوەییك ئەبێت لە ناو کۆمەڵا چەند دەستێك لە مەچەکەوە ببڕدرێت و دەست براوانی بە زۆری تیا بدیترێت.

بەڵان وانیە چونکە ئایینی ئیسلام لەبەر دزی هەروا بە ئاسانی بڕیاری دەست بڕین نادات، ئێمە ئەگەر تەمەشای کتێبە شەرعیە درێژە پێدراوەکان بکەین ئەبینین نزیکەی بیست شەرت بۆ دەست بڕین هەیە، یەکێك لەو شەرتانە لارێیکی تیا رووبدات دەست نابڕدرێت.

ئیمامی ئیبنو حەجەر ئەڵێت: بە درێژایی حوکمی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلاما تەنیا لەبەر دزی شەش دەست بڕاوە.

ئەمە لەبەر چی وابوە؟ لەبەر دوشت، یەکەمیان: بڕیاردان بە دەست بڕین لە هەمو ئەو ماوەیە بۆتە هۆی ئەوەی دزی کەم رووبدات، دوەمیان: ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو دزیانەی ڕوویدابێت شەرتی دەست بڕینی تێدانەهاتۆتە دی تا دەست ببڕدرێت.

وتمان لە دزیا بۆ دەست بڕین نزیکەی بیست شەرت هەیە، ئەم شەرتانە هەندێکی پەیوەندی بە دزەوە هەیە هەندێکی دیکەی پەیوەندی بەو شتە هەیە کە ئەدزرێت، هەندێکی دیکەی پەیوەندی بەو

کەســەوە هەیــە کــە دزیەکــەی لــێ ئــەکرێت، هەنــدێکی دیکەشــی پەیوەندی بەو جێیە هەیە کە دزیەکەی تیا ئەکرێت.

ئێمە لێرە ناتوانین ئەم شەرتانە روون بکەینەوەو بیانخەینە بــەر چــاو تەنیا شەرتێکیان نەبێت، ئەمەش ئەوەیــە، ئەگــەر یــەکێك نــەبونی و برسیەتی هەڵی بگرێتە سەر ئەوەی دزی بکات سزای دەست بــڕین ڕووی تێناکات.

خودا لە ئایەتی (١٧٣) لە سورەتی (البقرة) ئەفــەرموێت: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ﴾، واتە: هەر کەسێك زەرورەت رووی تێبکاتە هێنانەدی کارێکی حەرام، گوناهێکی پێناگات .

لــەم رووەوە ڕووداوێکــی زۆر بــڵاو هەیــە کــە لــە گــەلێك کتێبــەکان باسکراوە، ئەمەش ئەوەیە کە لە کاتی خەلیفەی دادپەروەری دووەم جــەنابی عومەری کوڕی خەتتاب نەهاتیو گرانیێکی زۆر روویکردە وڵاتی حیجــازو برسیەتی رویدا، چەند کەسێك لە کۆیلەکانی حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە حوشترێکیان لە مرۆڤێکــی موزەینــەیی دزیو ســەریانبڕیو گۆشــتەکەیان خوارد، کە دزیەکەیان لــێ ئاشکرا بــو، لای جــەنابی عومــەر دانیــان بــە کردەوەکەی خۆیان هێنا، جەنابی عومەر بڕیاریدا دەستیان ببــڕدرێت، بەڵام کە زانی برسیەتی ئەو ڕێیەی پێیان گرتوەو شەرتی سزای دەست بڕینیان بە سەرا نەهاتۆتەدیو برســیەتی ئــەو کــارەی پــێکردوون، بڕیارەکــەی خــۆی وەستاند، ئنجا بە حاتەبی کوڕی ئــەبو بەلتەعــەی گــوت تــۆ ئەوانــە کــە نۆکەرتن باش نان نادەیتو برسیان ئەکەیت کە ئەوە وایکــردوە ئــەو دزیــە بکەن، سوێندم وابێت ئەبێت لە سزای ئەوە تۆ نرخی حوشترەکە دو چەندانە بدەیت. ئنجا ئەو نرخەی پێ بژارد.

ئەوانەی دەست بڕین لەبەر دزی کردن بە سزایەکی خەراپ ئەخەنە بەرچاوو سۆزیان ئەجولێ بەرامبەر ئەو دەستە بێنرخانەی لەبەر دزی ئەبڕدرێت، بیر لەوە ناکەنەوە کە دزی کردن ئەمن‌و ئاسایشی وڵات ئەشێوێنێ‌و زۆر خراپەی تری لێ ڕوئەدات لە کوشتن‌و بریندارکردن‌و داگیرکردنی ماڵ‌و سامانی ئەوانەی بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆیان‌و کاسبی ئەو ماڵ‌و سامانەیان پێك هێناوە.

ئایە کامە باشترە سزای دەست بڕین نەبێت‌و دز ترسی ئەوی لە دەست چونەی لا نەبێت‌و چۆنی ئەوێت وا ڕو لە دزین بکات‌و دەست بخاتە سەرماڵ‌و کاسبی خەڵك، یان ئەو سزایە لە قانونا هەبێت تا دز لە دزی کردن بڕەوێنێتەوەو لەناو کۆمەڵا هەمو کەسێك دڵنیا بێت لەوەی زیان بە خۆیی‌و ماڵ‌و سامانی ئەوانەی بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆیان‌و ڕوکردنە کاسبیان ئەو ماڵە ناگات بە دڵنیایی،کە شەوان سەر بخاتە سەر سەرێنەکەی بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت دزێك شەوێك لە شەوان ڕو ئەکاتە ماڵەکەیی‌و زیانی پێ ئەگەێنێ.

هەمومان ئەزانین کە لە کاتی حوکمی بەعس‌و حوکمی ڕەشی صەدام بە تایبەتی لە ساڵەکانی شەڕی عێراق‌و ئێران‌و دوای ئەو ساڵانە لە بەغدا پەتی ئەمن پچڕابوو دزێیکی زۆری تێدا بڵاو بوبۆوە، بە شێوەیێك کەس لە ماڵی خۆی ئەمین نەبو کە شەوێك دزێك یان چەند دزێك روبکەنە ماڵەکەیی‌و ئەوەی تیایەتی فەرهودی بکەن، هەندێك لەو دزانە دزییان کردبوە سەنعەت بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ گیرفانی خۆیان زیاتر پڕ بکەن.

هەندێك لەوانە پیشەیان ئۆتۆمبێل دزین بو تا پارچەی مەکینەکانی لە بازاڕی ڕەشا بفرۆشن، هەندێکی دیکەیان لە تاریکایی نیوە شەوا ڕوویان ئەکردە ماڵان، دەرگاکانیان بە فێڵێك ئەکردەوەو ئەوەی بە نرخ بوایەو بکەوتایەتە ژێر دەستیان تاڵانیان ئەکرد.

بەڵێ وابوە لەو کاتانە چەند دزێك گیراون‌و بۆ ماوەییێك حەپس کراون بەڵام کە بەردراون ڕوویان کردۆتەوە پیشەکەی خۆیان.

بەڵان ئەگەر بهاتایە لە یەکەم ڕۆژەوە دورودەست لە دەستی ئەو دزانە ببڕدرایەو ئەو بڕینەیان بە تەلەفزیۆن دو سێ جار نیشان بدایە لەسەدا هەشتای ئەو دزیانە روی نەئەداو هەمو خەڵك لە ماڵ‌و حاڵی خۆی دڵنیا ئەبو.

٥- سزای لە ئایین وەرگەڕان :

لە ئاین وەرگەڕاوەکان رەخنەییکی دیکەی کە لە ئایینی ئیسلام ئەگرن‌و دەم درێژ ئەکەن، ئەڵێن: هەمو کەسێك ئەبێت سەربەست بێت لە بیروباوەڕی خۆی، چۆنی ئەوێت باوا بڕوا بکات‌و تێبفکرێ، یەکێك ئەگەر پشتی کردە ئەو بیروباوەڕەی کە باوکی مسوڵمانی لەسەری بووەو پێیگەیشتوە بە راستی نەزانێ‌و بڕوای پێنەکات بۆ چ ئەبێت ئەم ئایینە بڕیار بە سزادانی بدات، ئایا چۆن ئەبێت مرۆڤ بە زۆرداریی بە بیروباوەڕێکی تایبەتی بەند بێت‌و نەتوانێت خۆی لێ جیا بکاتەوەو ڕوو بکاتە بیروباوەڕێکی دیکە، یان بێباوەڕی.

بەڵێ مرۆڤی مسوڵمان مسوڵمانیەتەکەی چ لە باوکیەوە پێگەیشتبێ، یان لەسەر ئاینێکی دیکە بوبێت‌و دوایی مسوڵمان بوبێت بۆی نیە خۆی لە مسوڵمانەتیەکەی لابدات‌و خۆی لێ

بتەکێنێتەوە، ئنجا چ ڕو بکاتە ئایینێکی دیکە یان هەر بەبێ ئـایینی بمێنێتەوە، ئەو مسوڵمانەی پشت بکاتە ئایینەکەیی و خۆی لـێ لابدات و پێی ئەوترێت لە ئایین وەرگەڕاو.

مرۆڤی مسوڵمان لە ئایین وەرگەڕانیو بونی بە کافر بە چەند شتێك ڕو ئەدات وەکو ئەوەی بڕوای بـە بـونی خـودا نـەبێت، یـان بـڕوای بـە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو پێغەمبـەرەکانی دیکـە نـەبێت -سـەلاوی خودایان لەسەر بێت- یان وابزانێت قورئان لە لایەن خوداوە نیـە، یـان بڕوا بە واجب بونی نوێژ ئەکاتو، هەروەها فەرزەکانی دیکـە، یـان بـە قسە یان بە نوسین یان بە وتار لە ئێزگەییکا بە گـژ ئـایینی ئیـسلاما بچێتو لاییکی بە خەراپ بخاتە بەرچاو و هەر شـتێکی دیکـەی وەکـو ئەمانە کە بۆنی کافربونی لـێ ڕوبدات.

بەڵان ئەبێت بزانین ڕەخنەگرتن لـە هەنـدێك قـسەی مامۆسـتایانی پێشوی ئایین هەرچەندێك پایەی زانیاریان بەرز بوبێت، کە دامـەزرابێت لەسەر ئیجتیهادو تێڕوانی خۆیـان شـتێکی دیکەیـەو دروسـتەو هـیچ گوناهێك نابەخشێ، هەروەها ئەبێت بزانین ئەوەی لەسەر ئایینێکی دیکە لەدایك بوبێت بڕوای چۆن بێت، کەیفی خۆیەتی، لە ئایین وەرگـەڕان ڕو لەو ناکات.

مرۆڤی مسوڵمان ئەگەر لە ئایینەکەی وەربگەڕێت، بـەو شـێوەیەی کە نەختێکی دیکە باسی ئەکـەم، سـزاکەی کوشـتنە. پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن بدَّل دینـه فـاقتلوه)، واتـە: هـەر مـسوڵمانێك لـە ئایینی خۆی لابداتو لێی وەربگەڕێت بیکوژن.

خودای بەرزی بێوێنە لە قورئانی پیرۆزا لە ئایەتی (٢١٧) لە سورەتی (البقرة) ئەفەرموێت: (وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ)، واتە: ئەی مسوڵمانینە هەر كەسێك لە ئێوە لە ئایینەكەی وەربگەڕێت بەبێ ئەوەی تۆبە بكاتو بگەڕێتەوەو بە كافری بمرێت، ئەوە هەمو كردەوەییكی، فەوتان ڕووی تێئەكاتو لە دونیاو لە دوارۆژ سودێكی لێوەر ناگرێت، ئەو كەسە لە دوارۆژا هاوڕێی ئاگری دۆزەخەو بە بێ كۆتایی تیا ئەمێنێتەوە.

- بەڵێ پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ئەو مسوڵمانەی لە ئایینەكەی وەرئەگەڕێت بیكوژن.

ئنجا با بزانین مەبەست لەم فەرمانە كێیەو لە ئایین وەرگەڕاوەكان كێ ئەگرێتەوە، هەروا بۆمان دەربكەوێت لە كاتی پێغەمبەرا چ شێوە لە ئایین وەرگەڕاوێك لەناو كۆمەڵا ڕویداوە، هەرواش بزانین پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەم فەرمانەی داوە.

لە ئاین وەرگەڕاوان لەسەر دو بەشن. بەشێكیان زیانی لە ئایین وەرگەڕاوەكەیان هەر بۆ خۆیانەو ڕوناكاتە كەسێكی دیكەو ئەو كۆمەڵەی تێدا ئەژین. ئەو بێبڕواییەی ڕویان تێكردوە بڵاوی ناكەنەوە چ بە قسەو وتار بێت یان بە قەڵەمو نوسین بێتو هیچ ڕەخنەییكیان لە ئایینی ئیسلام لێ نابیسترێتو مەزەندەی ئەوەیان لێناكرێت هیچ بەندایەتییكیان لەگەڵ بەشێك یان وڵاتێك هەبێت كە بە دوژمنایەتی تەمەشای مسوڵمانەكانو ئایینی ئیسلام ئەكەن. ئەم شێوە كەسانە بە هیچ خەلاپێیك رویان تێناكرێت، چونكە بێ زیانن.

بەڵان بەشێکی دیکەی لە ئاین وەرگەڕاوەکان زیانەکەیان وەنەبێت هەر بۆ خۆیان بێت، بەڵکو ڕوئەکاتە بیروباوەڕی مسوڵمانەکان‌و ئەیانەوێت ئەو بێباوەڕیەو لە ئایین وەرگەڕانە یان لەناو میللەتا بە قسەو وتارو قەڵەم‌و نوسین‌و نوسین کاری بڵاوبکەنەوەو ئایینی ئیسلام یان هەندێك لە فەرمان‌و فەرمایشتەکانی کە ڕاستیەکەی هیچ گومانێك ڕوی تێناکات بە غەڵەت بخەنە بەرچاوو بە گژیا بچن‌و ڕەخنە لە هەندێك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەرو رووتێکردنەکانی بدەن‌و بە بێئەدەبی دەمی بۆ درێژ بکەن.

ئەم شێوە لە ئاین وەرگەڕاوانە ئەبێت بەرامبەریان بوەسترێت‌و ڕێی وتارو کردەوەی خەراپیان لەناو کۆمەڵ‌و وڵاتا لێببڕدرێت، ئەوانە ئەو فەرمانەی پێغەمبەریان ﷺ بەسەرا بڕیار ئەدرێت، نەك بەشی یەکەمیان، چونکە ئەمانە لە ئاین وەرگەڕانەکەیان لە بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام‌و هەمو مسوڵمانەکان یاخی بونەو بە گژیا چونەو دوژمنایەتی نواندنە لەگەڵ قانون‌و دەستوری هەمو میللەتێکی مسوڵمان‌و گەورەترین خیانەتە بەرامبەریان‌و بەرامبەر ئایینی ئیسلام.

ئنجا ئایە چ میللەتێك و وڵاتێك و دەوڵەتێك بە خیانەتکردن لەگەڵ سیستەم‌و قانون‌و دەستوریا قایل ئەبێت‌و بەرامبەری زۆر بەتوندی ناوەستێت؟

قانونی هەمو وڵاتێك لە عالەما هەر کەسێك بەرەو ڕوی قانون‌و دەستوریا بوەستێت بڕیاری ئیعدام کردنی ئەدات، چونکە ڕووتێکردنی گەورەترین خیانەت دا ئەندرێت.

بونی ئەم بەشە لە ئایین وەرگەڕاوانەکە دوژمنی ئایینی ئیسلامن ڕێپێدانیان‌و ڕێ لێنەگرتنیان کارێکی زیان بەخشە، ئەوانە هیوایان تیا

ئەبێت کە بە نهێنی بەندایەتی لەگەڵ وڵاتێکی دوژمنی غەیرە ئاین پەیدا بکەن‌و کاری شاردراوەی وڵاتی خۆیانیان بۆ دەربخەن.

ئەمە ئێستاکە لە فەڵەستینا ڕوودەدات، هەندێك لەو لە ئایین وەرگەڕاوانە تیا بۆ ئیسرائیل جاسوسی ئەکەن، چاویان لە شارەکانا بەسەر ئەوانەوەیە کە پێشەوان‌و دەوڵەتی عیبری ئەیەوێت لەناویان بەرێت، ئنجا وائەبێت یەکێك یان چەند کەسێك لەو پێشەوانە کە بە ئۆتۆمبێل ڕووئەکەنە شوێنێك یەکێك لەو لە ئایین وەرگەڕاوانە بە تەلەفۆنی مۆبایل بە چاپوکی ئەمە بە جێیی تایبەتی ئیسرائیل ئەگەیەنێ، ئنجا بەبێ دواکەوتن فڕۆکەیەك دێت‌و ئەو ئۆتۆمبێلە بەر ساروخ ئەدات‌و ئەوەی تیایەتی ئەیسوتێنێ. ئنجا ئایە ئەم شێوە لە ئایین وەرگەڕاوە کوشتنی بۆکەم نیە؟

وابوە کە ئایینی ئیسلام سێبەری بەسەر وڵاتەکانیا بووەو دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەتێکی غەیرە ئایین بوە، یەکێك لەم شێوە لە ئایین وەرگەڕاوانە پێش ئەوەی هەستی پێبکرێت‌و دەستی دادگای بۆ درێژ بکرێت ڕای کردوەو چۆتە لای ئەو دەوڵەتە دوژمنەو هەر کارێکی نهێنی مسوڵمانەکانی لابوبێت بە وانی گەیاندوە.

لە کاتی پێغەمبەر ﷺ یەك دوکـــــــاری وا رویداوە، یەکێك لە مسوڵمانەکانی مەدینە کە چرای ئیمان لە دڵیا کزبووەو ڕوو لە کوژانەوە بووە یەکێکی کوشتوەو لە ئایین وەرگەڕاوەو رایکردۆتە ناو بت پەرستەکانی مەککە کە دوژمنی ئایینی ئیسلام‌و پێغەمبەرو مسوڵمانەکان بون، ئنجا بێگومان چی لابوبێت دەربارەی هێزو توانای مسوڵمانەکان‌و کاری

دیکەیان بە وانی گەیاندوە. ئنجا بۆیی ئەبینین پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە کوشتنی ئەم شێوە لە ئاین وەرگەڕاوانەی داوە.

ئیمامی نەخەعیو ئیمامی سوفیانی سەوری ڕایان وایە کە لە ئایین وەرگەڕاو ناکوژرێت بەڵام حەپس ئەکرێت. ئەشێت مەبەستی ئەم دوئیمامە ئەو لە ئایین وەرگەڕاوانە بێت کە خاوەنی زیانی زۆر نەبنو لەوانە بن بتوانن زەدە بە بیروباوەڕی خەڵك بگەیێنن. هەروەکو ئیمامی ئەبو حەنیفە لای وایە ئافرەتێکی مسوڵمان ئەگەر لە ئایینەکەی وەربگەڕێت ناکوژرێت بەڵام حەبس ئەکرێت تا تۆبە ئەکاتو لەو وەرگەڕاوییەی وەرئەگەڕێتەوەو ڕووئەکاتە ئایینەکەی، ئەڵێت: چونکە لە ئایین وەرگەڕانەکەی زیانێکی وای نابێت تا پێویستی بە کوشتن ببێتو ترسی ئەوەی لێناگرێت ڕووی بە لای دوژمنەوە بە ڕێتو دوژمن سودێکی لێ وەربگرێت.

خەلیفەی دووەمی دادپەروەر عومەری کوڕی خەتاب لای وایە لە ئایین وەرگەڕاو سزاکەی بە پێی زۆریو کەمی ئەو زیانەیە کە لێی ڕوئەدات بڕیارئەدرێت، هەروەکو خاوەنی تەفسیری (المحرر الوجيز) ئیبنو عەطیە لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەی کە لە سەرەتای ئەم باسە خستمانە بەرچاو ئەڵێت.

پێش ئەوەی دەست لەم باسە بەربدەم، پێویستە چەند خاڵێك بخەمە بەرچاوو بە کورتی لێیان بدوێم.

١- لە ئایین وەرگەڕاو ئەگەر پێویست بو بکوژرێت هیچ کەسێك ئەو هەقەی نیە، تەنیا سەرۆکی وڵات نەبێتو ئەوەی لە پایە دوای ئەو دێت، ئەبێت یەکێك لەم دوانە فەرمان بە کوشتنی بدات.

ئنجا ئەگەر یەکێك بەبێ فەرمانی فەرمانبەر ڕووی لەو کوشتنە کرد بە تاوانبار ئەژمێردرێت، بەڵام لەباتی ئەو کەسە ناکوژرێت، ئەبێت سزایێکی دیکەی بۆ بڕیار بدرێت، چونکە ڕووی لە کارێك کردوە کە هەقی ئەو نییەو هەقی کاربەدەستی وڵاتە.

٢- لە ئایین وەرگەڕاو پێش ئەوەی سزا بدرێت ئەبێت داوای لێبکرێت تۆبە بکاتو لە ئایین وەرگەڕانەکەی وەربگەڕێتەوە، ئنجا ئەگەر پەشیمانی نواندو ڕووی کردەوە ئایینەکەی نابێت هیچ سزایێك ڕووی تێبکرێت.

٣- هەر مسوڵمانێك لە ئایین وەربگەڕێت بێبەش ئەبێت لە میراتی خزمەکانی چونکە میرات وەرگرتن لە بەینی خزمان لەسەر بناغەی یەکبونی ئایینو یەکبونی بیروباوەڕ دامەزراوە، ئەوەی لە ئاینەکەی وەربگەڕێت بەینی لەگەڵ ئەو بناغەیە ئەپچڕێت کە میرات وەرگرتنی پێوە بەندە.

٤- مرۆڤی مسوڵمانی لە ئایین وەرگەڕاو بەینی لەگەڵ هاوسەرە مسوڵمانەکەی ئەپچڕێتو لەیەك حەرام ئەبن، چونکە یەکگرتنیانو حەڵاڵ بونیان بۆ یەکتری بە پێی ڕێدانی ئایینەکەیان بووە، جیابونەوەی مێردە لە ئاینەکەی ئەو یەکگرتنە هەڵئەوەشێنێو ئەیڕوخێنێو هاوسەرەکە بە تەڵاقدراوێکی سێ بە سێ ئەژمێردرێت، دوای تەواوبونی عیدەی ئەتوانێت شو بە یەکێکی دیکە بکات.

ئنجا هەر ئافرەتێکی مسوڵمان ئەگەر لە خودا بترسێت کە زانی مێردەکەی لە ئایین وەرگەڕاوە ئەبێت لێی جیاببێتەوەو بەینی یەکگرتنو جوتبونی لەگەڵیا نەمێنێت، وەگەرنا جوت بونەکەیان بە زینا دائەندرێتو سزادانی خودای بە دواوەیە.

تێڕوانینـی ئیسـلام دەربـارەی ئافـرەت

لە ئایین وەرگەڕاوەكان ڕەخنەیێكی كەیان لە ئایینی ئیسلام ئەوەیـە كە ئەڵێن ئەم ئایینە مـاف بۆ ئافرەت بڕیار نادات‌و بـە چـاوێكی كـەم تەمـاشای ئافرەت ئەكات. ئەم ڕەخنەیان لە چەند ڕوویێكەوەیە.

(١) ئەڵێن لە شایەدییان لەسەر هەندێك كار دوانیان بـە مرۆڤێـك دائەندرێت.

(٢) لە كوشتنا شایەدییان وەرناگیرێت‌و بڕوایان پێ‌ناكرێت.

(٣) لە میراتا نیوەی بەشی پیاوی بۆ هەیە.

(٤) تەلاق بە دەست پیاوەو بە دەست ئافرەت نیە.

(٥) ڕێی ئافرەت نادات ببێتە ئەندامی پەرلـەمـان‌و ببێتـە وەزیـر، هەروەها لای دروست نیە ببێتە سەرۆكی وڵات.

ئەم ڕەخنانەیان وەكـو ئـەو ڕەخنانـەی كـە لەمـەوپێش پوچـەڵیمان دەرخست ئەوا یەك بە یەك پوچەڵی‌و بێ‌نرخیان دەردەخـەین‌و دەیخەینـە بەرچاو دوای ئەم چەند قسەیەی كەوا ئەمەوێت پێشی بخەم.

پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام بێت ئافرەت لە هەمو لایێكی جیهانا بە چاوێكی زۆر كەم تەماشا ئەكرا، لەبەرچاوو بە زانا ناسراو لە هەنـدێك وڵاتا گومانداربون لەوەی كە ئافرەت وەكو گیانی مرۆڤ خـاوەنی گیـان بێت، وای بۆ ئەچون كە گیانی ئەو وەكو گیانی ئاژەڵەكانە.

بەشێك لە عەرەبەكان ئەگـەر كـچیان ببوایـە زۆر پێـی دڵتـەنگ‌و عـاجز ئەبون. لەم ڕووەوە خودای بەرزی بێوێنە لە ئایەتی (٥٨، ٥٩) لـە سورەتی (النحل) ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ۞ يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى

هُون أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ...﴾، واتە ئەگەر یەکێك لەوانە پێیان بوترایە خێزانەکەت کچی بوە لە شەرما دەموچاوی گرژ ئەبوو تورەیی‌و ناخۆشی روی تێئەکردو لەبەر ئەم خەبەرپێدانە لە شەرما خۆی لە خەڵك دوور ئەخستەوەو نەیئەزانی چیبکات، ئایە بەسەر شۆڕی کچەکە بهێڵێتەوەو بەخێوی بکات، یاخود زیندە بە چاڵی بکات.

خودا دەربارەی خەراپی کردەوەی ئەوانەی کچەکانیان زیندە بەچاڵ ئەکرد لە ئایەتی(٨، ٩) لە سورەتی(التکویر) ئەفەرمویت: ﴿وَإِذَا الْمَوْؤُدَةُ سُئِلَتْ ۞ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾، واتە: ئەو کچانەی زیندە بەچاڵکراون باوکەکانیان لە دوارۆژدا ئەخرێنە ژێر پرسیار لێکردن، ئایە لەبەر چ گوناهێك ئەوانەتان زیندە بەچاڵ کردوە، واتە سزادان ڕوویان تیَ‌ئەکات.

بەشێك لە عەرەبەکان ئەگەر یەکێکیان بمردایە ژنەکەی بە میرات ئەکەوتە دەست کەسوکارەکەی، نزیکترین کەسی ئەو مردوە بۆی هەبو ژنەکەی لە خۆی مارە بکات، ژنە بیویستایە یان نا، هەروەها بۆی هەبو ئەو ژنە بە مێرد بدات‌و مارەییەکەی بۆ خۆی وەربگرێ.

هەندێك لەو عەرەبانە ئەگەر یەکێکیان بمردایە کوڕەکەی لە ژنێکی دیکەی بۆی هەبو ئەو ژنە مارە بکات، ئەمە پێی ئەوترا (نکاح المقت).

ئایینی ئیسلام کە هات بە یەك چاو تەماشای پیاو و ئافرەتی کرد. خودای بەرزی بێوێنە لە چەند ئایەتێك ئەفەرموێت: ئافرەتمان لەو شتە هێناوەتەدی کە پیاومان لێی دروستکردوە، بەبێ جیاوازی لە بەینیان، وەکو فەرمایشتی لە یەکەمین ئایەت لە سورەتی (النساء) کە ئەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾، واتە: ئەی خەڵکینە خۆتان لە نارەزامەندی‌و غەزەبی خودا بپارێزن بە دواکەوتنی فەرمان‌و قانون‌و ڕێکێشانی کە

ئێوەی لە نەبونەوە بە نێرو بە مێ لە یەك شتو یەك گیان هێناوەتە دی.

لە ئایەتی (٢١) لە سورەتی (الروم) ئەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾، واتە: شایەدێك لەسەر بونو توانای بێئەندازەی خودا ئەوەیە کە لە جنسی خۆتان هاوسەرو ئافرەتی بۆتان هێناوەتەدی تا پاڵیان پێوەبدەن، خۆشەویستی و رەحمی خستۆتە بەینتان، ئەمەکە شایەدێکی دیکەی بونی خودایە لای ئەوانەی بیر ئەکەنەوەو بە باشی تێئەفکرن.

لە ئایەتی (١٩٥) لە سورەتی (آل عمران) ئەفەرموێت: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ...﴾، واتە: خودا بڕیاری داوەو فەرمویەتی من کردەوەو چاکەی کەس بزرناکم چ نێربێت یان مێ، بەبێ جیاوازی لەبەینیان، هەر یەکە لە دوارۆژا کردەوەی خۆی بە باشی دەسگیر ئەبێت.

خودا لە قورئانی پیرۆزا لە گەلێك جێ ناوی ئافرەت لەگەڵ ناوی پیاو پێکەوە دێنێتو کردەوەیان پێکەوە ئەخاتە بەرچاوو جەزایان چی بێت وەکویەك بڕیاری لەسەر ئەدات.

تەماشا کە لە ئایەتی (٣٥) لە سورەتی (الأحزاب) ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾، واتە: بە راستی ئەو مرۆڤانەو ئەو ئافرەتانەی کە مسوڵمانو خاوەن بڕواو خاوەن ئیمانو بە باشی بۆ خودا لاوانو بە باشی ئەپەرستنو لە

وتاریانا ڕاستگۆن‌و لە کاتی ناخۆشیا خۆیان ئەگرن‌و هەراسان نابن‌و بەرامبەر خودا ملکەچن‌و خێرخواهن‌و دەست بۆ هەژاران درێژ ئەکەن‌و بەڕۆژو ئەبن‌و خۆیان لە دامێن پیسی لائەدەن‌و بەزۆری ناوی خودا دێنن، ئەوانە هەموویان خودا ڕەزامەندی‌و پاداشتی گەورەی بۆیان ئامادەکردوە.

تەماشای ئایەتەکە بکەو سەرنج بدە، بزانە خودا چۆن ناوی ئافرەت لە تەك ناوی پیاو جووت ئەکات‌و دوبارەی ئەکاتەوەو بۆ هەردوولا یەك ڕەزامەندی‌و یەك پاداشتی بۆیانی بڕیارداوە بێ جیاوازی لە بەینیان.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي)، واتە: باشترینتان باشترین کەستانە بۆ هاوسەرەکەی، منیش باشترینتانم بۆ هاوسەرەکانم. لە فەرمایشتێکی دیکەیا فەرمویەتی: ئەوەی بێ‌نرخ‌و دڵ کینەدار نەبێت بەسووکی تەماشای ئافرەت ناکات، لە فەرمایشتێکی دیکەیا فەرمویەتی: بەهەشت لەژێر پێی دایکان ڕازاندراوەتەوە.

لەساڵی دەیەمی کۆچی پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ بەشێك لە یارەکانی کە چوو بۆ حەج کە پێی ئەوترێت (حجة الوداع) واتە حەجی دوعاخوازی، لە دامێن کێوی عەرەفە بە فەرمان‌و وتارێك ڕوی کردە یارەکانی، لە لایێکی وتارەکەیا فەرموی: خۆتان لە نارەزامەندی خودا بپارێزن، بە باشی‌و بە چاکی ڕووکردنە ئافرەتەکانتان، ئەوانە ئەمانەتی خودان لە لای ئێوە، ئەبێت بەو پێیە تەماشایان بکەن، هەروەکو ئێوە هەقتان بەسەر ئەوانا هەیە، ئەوانیش هەقیان بەسەر ئێوەدا هەیە.

خودای بەرزی بێوێنە — هەروەکو وتمان — پیاوو ئافرەتی لە یەکیان هێناوەتەدی، واتە: ئەو گیانەی یەکەم مرۆڤی لێهێناوەتەدی هەر لەوگیانە ئافرەتیشی هێناوەتەدی‌و دروستی کردوە، واتە پیاو ئافرەت لە ئادەمیزادیا، وەکو یەکن بەبێ هیچ جیاوازی لە نێوانیان.

بەڵان ئەگەر تەماشای دارشتنی بناغەی جەستەی ئافرەت‌و پیاو

بکەین ئەبینین جیاوازی لە بەینا هەیە، جیاوازیان لە ڕەنگو ڕوو لە دەنگی قسەو وتارو لە دارشتنی بەدەنیان هەیە.

ئەم جیاوازیە لە بەدەنیان خودا لە ئافرەتا وای هێناوەتە دی کە دوای یەکگرتنی لەگەڵ پیاو ئافرەت ببێتە گەورەترینو عەجایەب ترین کارگە لەم گێتیەدا بۆ بەرهەمهێنانی گیانی خاوەن بیرو هۆشو تێفکرینو زوبانو قسەو وتارو نوسینو نوسینکاری تا ئادەمیزاد لە ژیانیا بەردەوام بێت تا کۆتایی بەم گێتیەیا دێت.

ئافرەت وەکو پیاو لە گەڵێك ڕووەوە ئەو کارانە، کە پێویستە پیاو لە ژیانا بیهێنێتە دی پێویستی هێنانەدیەکەی ئاڕاستەی ئافرەتیش کراوە. هەروەها ئەوەی بۆ ئەو بڕیار دراوە، بڕیار دراوەکە ئەمیش ئەگرێتەوە، ئەمە کە بە عەرەبی بەم شێوەیە (لها ماله، وعليها ما عليه) هۆندراوەتەوە، واتە: ئەوەی بۆ ئەو هەیە بۆ ئەمیش هەیەو وە ئەوەی لەسەر ئەو پێویستە لەسەر ئەویش پێویستە.

ئەگەر ئێمە تەماشای توانای مرۆڤ بکەینو بەراوردی بکەین لەگەڵ توانای ئافرەت، ئەبینین خودا ئافرەتی تواناادار کردوە بەسەر هەندێك کارا کە پیاوی تیا تواناادار نیەو بۆی نالوێت، بەرامبەر ئەمە پیاوی تواناادار کردوە بۆ ڕوکردنە هەندێك کار کە ئافرەتی تیا تواناادار نەکردوە بۆ ئەوەی هەر یەکە لە پیاو و ئافرەت لە ژیانیا دەوری خۆی بە باشی بێنێتەدی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی کە پێویستەو هەر یەکە بەو توانایەی کەوا هەیەتی بەشدار بێت لە دامەزراندنی شارستانیەتو پێش کەوتنی.

ئنجا دوای ئەم پێشەکیەی کەوا خستمانە بەرچاو با لەوەی کەوا دێت ڕوو بکەینە ڕەخنەی لە ئایین وەرگەڕاوەکان تا یەك بە یەك پوخەڵیو بێنرخیو بێسەنگیەکانی دەربخەین.

شـــایەدی ئافرەت لە كڕین و فرۆشـــتن و قەرزا

خودای بەرزی بێوێنــە لــە ئایــەتی (٢٨٢) لــە ســورەتی (البقــرة) دەربارەی قەرزو دەرخستنی ئەفەرموێت: ﴿...وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى ...﴾، واتە: ئەگــەر قــەرزكردن و قەردپێدان لە بەینتانا ڕوویدا دوو پیاو بە شایەد لەسەر قەرزەكە بگرن، ئەگەر پیاو نەبوو پیاوێك و دوو ئافرەت بێت تا ئەگــەر یــەكێكیان كــە شایەدی ئەدات شتێكی دەربارەی شــایەدییەكە لەبیــر كــرد ئەوەكــەی دیكە بە بیری بخاتەوە، وەكو ئەوەی قەرزەكە هەزارو ســەدو پــەنجا دینــار بێت ئەو لە شایەدییەكەیا بڵێت هەزارو سەد دینارە پەنجاكــەی لــە بــیر بچێت، ئنجا ئەوەكەی تریان پەنجاكەی بە بیر بخاتەوە بڵێــت نــا هــەزارو سەدو پەنجا دینارە.

یان قەرزەكە بــۆ مــاوەی شــەش مــانگ و پــازدە ڕۆژ بێــت ئــەو لــە شایەدییەكە بڵێت بۆ ماوەی پێنج مانگ و پازدە ڕۆژە، ئەوەكــەی تریــان ماوەكەی بە بیربخاتەوە بڵێت نا پێنج مانگ نیە شەش مانگە.

واتا مەبەست لە بونی ئەو دو ئافرەتە ئەوەنیە كە هەر یەكــەیان بــە تایبەتی شایەدی بدات. ئنجا ئەگەر ئــەوەی كــە شــایەدییەكە ئــەدات شایەدییەكەی بە تەواوەتی داو هیچی لــێ لەبیــر نەكرد ئەوەكەی تریان هیچ قسەێیكی بۆ نیەو بەبێ قسە ئەوەستێت.

مەبەست لە وشەی (تضل) لەبیركردنە نەك مەبەست پێی لە هــەق لادانەو شاردنەوەی شتێك لە شایەدییەكەیە.

ئنجا با بزانین لە شایەدیدان لەسەر قەرزو هەر مامەڵەکردنێکی دیکە یا وەکو کڕینو فرۆشتن ئەگەر شایەد لەسەر گرتنی پێویست بو، بۆ چ خودا لە باتی شایەدی پیاوێك دوو ئافرەتی بڕیارداوە.

قەرزکردنو قەرزپێدانو هەر مامەلەیێکی دیکەی وەکو ئەم کە لە بەینی ئەو کەسەی قەرز ئەداتو ئەوکەسەی قەرز ئەکاتو ئەو مەرجانە کە لە بەینیان ڕوئەدات بە قسەو قسەکاری پێك دێت، شایەد چ پیاو بێت یان ئافرەت چۆنی قەردەکەیان بە بیستن بۆ دەرئەکەوێت، ئنجا هەر ڕووداوێك کە بە بیستن لای پیاو یان لای ئافرەت دەربکەوێت لەوانەیە پاشی ماوەیێك لەبیرچون ڕووبکاتە بەشێکی ئەو ڕووداوە.

هۆکاری لە بیرکردن زیاتر ڕوو ئەکاتە ئافرەت لەوەی ڕوو ئەکاتە پیاو چونکە خودا ئافرەتی وا هێناوەتەدی کە مانگی جارێك حەیزی پیا بێتو زگپڕبوون بە منالْ ڕووی تێبکات، دوای مندالْ بون شیر بە مندالّەکەی بداتو شەوان خەو لە خۆی حەرام بکات بۆ ئاگا لێبونیو پاك کردنەوەی، جگە لەمە ئەبێت کاتێکی تەواو لە ژیانیا ڕووی پێبکاتە سەرپەرشتی مندالّەکانی تری تا ئەگەنە تەمەنێکی چەند سالّیو کاروباری ناومالْ هەلْ بسوڕێنیو بۆ ئیش کردن ڕوو بکاتە دەرەوە ئەگەر پێویستی بە ئیش کردن هەبێت.

ئەم سەرقالّیانە ئافرەت وا لێئەکات کە زۆر ماندو ببێتو بیری بە گەلێك لایە پەرتو بلاو ببێت لەبیرچون لە پیاو زیاتر ڕووی تێبکات. ئنجا ئەگەر لەسەر کارێك ببێت بە شایەد لەوانەیە لەبەر زۆر سەرقالّی پاشی ماوەیەك چۆنیەتی لایەکی شایەدیەکەی لا بزر ببێتو لەبیری بکات، ئنجا بۆیە پێویستە بۆ ئیحتیات لەبیرخەرەوەیێکی لەگەلا بێت تا ئەگەر شتێکی لەبیرچوو ئەو بەبیری بخاتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەت بە زۆری لەلایەن مامەڵەو مامەڵە کردنی ناو بازاڕو کاسبی کردن ئاگای لە عورفو عادەتی ناو کاسبکاران کەمەو زانیاری تیا زۆر نیە. شایەدیش ئەوەیە تۆ لە هەر وڵاتێکا ئەگەر ڕوو بکەیتە جێگای بۆرسە چۆنها ئەبێت ئافرەتێکی تیا نابینیت.

ئنجا بەوەی خستمانە بەرچاو بۆمان دەرئەکەوێت کە دوو ئافرەت بڕیاردان لە شایەدیا لە باتی پیاوێك وەنەبێت بەکەم دانانێك بێت بۆ ئافرەتو بڕوای پێ نەکرێت بەڵکو مەبەست پێی یارمەتیدانیەتی بۆ ئەوەی شایەدیەکەی زەدەی تێنەکەوێتو بە باشی جێی خۆی بگرێت.

دوای ئەوەی خستمانە بەرچاو با دەربارەی شایەدی ئافرەت ڕای چەند کەسێك لە مامۆستایانی قانون دەربخەین تا بزانین رای ئایین گەلێك ڕێكو پەسەند ترە.

محامی بەناوبانگی فەرەنسی (جیلەر) ئەڵێت: درۆزنی ئافرەت زۆرجار بێگوناهان ئەخاتە ریزی گوناهباران.

پرۆفیسۆر لە عیلمی جینائی (فوئاد عبدالمجید) ئەڵێت: ئافرەت بە زۆری ڕوو لە درۆ ئەکات، بێتوانایی خۆی بە مەکرو فێڵو بە دەم پێکەنین بەهێز ئەکات.

پرۆفیسۆر لە عیلمی جینائی (مەحمود حەسەن) ئەڵێت: ئافرەت بە تایبەتی نەخۆشی نەفسی داریان زوو بە هەڵە ئەچن، لە گەلێك ڕووداوە بە شایەدی ئەوان گەلێك بێگوناه تووشی ستەم هاتوە.

پرۆفیسۆر لە عیلمی جینائی دکتۆر (احمد کامل) ئەڵێت: ئافرەت کە شایەدی ئەدات شایەدیەکەی بە پێی خەیاڵاتیەتی یان بە پێی کارێکە کە هەڵی ئەگرێتە سەر ئەوەی شایەدی لەسەر ئەدات، یان بە پێی ئەوەیە کە لەلایەن یەکێکەوە کە پێی ئەڵێت چۆن شایەدی بدات،

لەبەر ئەمە زۆرجار نابێت شایەدی منداڵو ئافرەت بسەلمێندرێت، هەروەها پرۆفیسۆر (فیری) ئەلێت: دوای لێکۆڵینەوەی ئەو باسانەی مامۆستایانی مەدرەسەی تازەی ئیتالی دایانناوە دە خاڵی ڕوون کردۆتەوە یەکێك لەو خاڵانە ئەوەیە کە شایەدی منداڵو شایەدی پیاوی زۆر پیرو شایەدی ئافرەت گەلێك کات دورە لە ڕاستی حاکم ئەبێت خۆی لێ بپارێزێ و بڕوای پێنەکات[1].

ئنجا یا ئەو رایانە لەگەڵ ڕای ئایینو مامۆستایانی پێشووی ئایین بەراورد بکەین ئەبینین ئایینو مامۆستایانی ئایین وەکو ئەوان نەیانوتوە ئافرەت بە زۆری ڕووی لە درۆیەو ئەبێت گومانمان لە شایەدییەکەی هەبێت، بەڵکو وتویانە لە شایەدی دانیان لە مامەڵەیێك لەوانە شتێکی تیا لەبیر بچێت.

ئیبن حەزمی ئەندەلوسی کە زانایێکی بەرزی گەورەیەو خاوەنی کتێبی (المحلي)یە کە نزیکەی دە بەرگی گەورەیە، ئەلێت جیاوازی نیە لە بەینی پیاوو ئافرەتا لە ڕووکردنە درۆ، واتا هەروەکو درۆ لە پیاو ڕوئەدات هەر بەو شێوەیە لە ئافرەتیش ڕوئەدات[2].

ئیبن القەییم کە زانایێکی بەرزەو خاوەنی چەند کتێبێکی زۆر بە نرخە ئەلێت: ئافرەتی دادپەروەر ڕاستگۆییا وەکو مرۆڤ وایە جیاوازی لە بەینیان نیە[3].

---

١) بۆ گەڕانەوەی سەر ئەو قانونیانە تەماشای ئەم کتێبانە بکە: (١) السر في خطأ القضاء، ١٥٦، (٢) التحقيق الجنائي (القسم العملي)، ٢٣٨,٢٣٩ (٣) التحقيق الجنائي العملي والفني، ١٧٧ (٤) علم النفس القضائي، ٢٣، ٢٤، ١٢٨,١٣٠.

٢) المحلي ،ج ٤٩٢/٩

٣) الطرق الحكيمة، ١٦١.

شایەدی ئافـرەت لەسـەر جەریمەی کوشـتن

بەڵێ مامۆستایانی ئایین لە حەنەفیەکانو مالکیەکانو شـافعیەکانو حەنبەلیەکانو زەیدیـەکانو شـیعەکان لایانوایـە لـە جەریـمـەی کوشـتنا شایەدی ئافرەت وەرناگیرێ، بەڵام هەند لـە مامۆسـتایانی دیکـەی زانـای پێشو وەکو ئەوزاعیو زوهریو حەمادو طـاوس عطـاء و سـوفیانو ئیبنـو حەزمی ئەندەلوسی لایان وایە شایەدی ئافرەت وەر ئەگیرێت بەمەرجێك دو کەس بن لەگەڵ پیاوێك هەروەکو لەمەوپێش لە شـایەدی لەسـەر قـەردو کڕینو فرۆشتن کەوتە بەرچاومان.

من لە کاتی خۆی - لـە سـاڵی ١٩٦٥ - کـە خـەریکی نوسـینی کتێبی (جناية القتل العمد في الشريعة الاسلامية والقانون الوضـعي) بوم بۆ شەهادەی ماجستێر لە زانکۆی بەغدا نەختێك بـەوردی سـەرنجم لەم باسەدا تا بزانم قسەی ئەو مامۆستا بەرزانە کـە وتویانـە شـایەدی ئافرەت لە جەریمەی کوشـتن وەرناگیرێـت ئایـە هـیچ بەڵگـەیێکی لـە فەرمایشتی خودا، یان لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ هەیە؟ تەماشـام کرد ئەوەی کە ئەوان بە بەڵگەی دائەنێن نابێتە بەڵگەی ڕاستو نابێتە شایەد لەسەر ئەو ڕایەیان.

من نامەوێت ئـەوەی کـەوا لـەو کتێبـەم نوسـیومە دەربـارەی ئـەو بەڵگانەو ڕەدکردنەوەیان لێرە یەك بەیەك بیخەمە بەرچاو، چونکە ئـەوە درێژە پێدانی ئەوێت، ئێرە ئەوە هەڵناگرێت. من ئـەم باسـەم کـە لـەو کتێبەما نوسیومە کەمێك زیاتر لێی دواومو کردومە بە باسـێك لـە باسەکانی کتێبێکم کە ئەم ناوەی بە سـەرەوەیە (دراسـات في العقيـدة

والتفسير والفقه) ئەم ساڵ (٢٠٠٧) لە چاپدراوەو ئێستاکە کە لە هەندێك کتێبخانەکاندا هەیە، ئەوەی ئەیەوێت بە درێژی ئاگای بە سەرباساکەیا هەبێت با لەو کتێبە تەمەشا بکات.

بەڵام ئەوەی ئەمەوێت لێرە بیڵێم ئەوەیە: کە لەکاتی خۆی کە لە باسەکە ورد بومەوەو بیرم لێکردەوە وام بۆ دەرکەوت و وای بۆچوم کە ئەگەر بۆ شایەدی لەسەر قەردو کڕین و فرۆشتن پێویستی بە دوو پیاو یان پیاوێك و دوو ئافرەت هەبێت، جەریمەی کوشتن هەروەکو بە شایەدی دوو پیاو دەرئەکەوێت بە شایەدی دوو ئافرەتی تەنیاش دەرئەکەوێت بەبێ ئەوەی پیاوێکیان لەگەڵا بێت.

دەربارەی ڕای بەشی یەکەمی مامۆستایان وتمان نە لە فەرمایشتی خوداو نە لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەیێکی لەسەر نیە، ڕاش بەبێ بەڵگە لەسەربون هەروا بە ئاسانی وەرناگیرێت.

ڕای بەشی دوەمی مامۆستایان دامەزراوە لەسەر قیاس، قیاس لەسەر شایەدی پیاوێك و دوو ئافرەت کە قەردو کڕین و فرۆشتنی پێی ئیسپات ئەبێت، بەڵام ئەگەر باش تەماشا بکەین ئەبینین ئەم قیاسە قیاسێکی لەنگەو تەواو نیە، چونکە هەروەکو کەمێك لەمەوپێش وتمان شایەد چۆنیەتی مامەڵەی قەردو کڕین و فرۆشتنی بە بیستن و قسە بۆ دەرئەکەوێت، شایەدیش ئەوەی ئەیبیستێت لەوانەیە پاشی ماوەیێك هەموی یا لایێکی لە چۆنیەکەی لەبیر بکات، ئنجا هەروەکو وتمان ئافرەت لەبەر زۆر سەرقاڵی و زۆر ئەرك و زۆر ماندوبونی لەوانەیە لایێك لە چۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکە لەبیر بکات، بۆیی بۆ ئیحتیات دوو ئافرەت لە باتی مرۆڤێك پێویست بوو.

بەڵام لە جەریمەی کوشتنا دەرکەوتنی بە بیستن نیە بەڵکو بە دیتنی چاوە، ئەوەی بە چاو ئەدیترێت لە کۆمپیوتەری مێشکا نەقش ئەکرێت و زۆر زەحمەتە لەبیرکردن ڕوی تێبکات، خاوەنەکەی چ پیاو بێت یان ئافرەت.

ئەمە کارێکی دیارو ئاشکرایە، هەموکەسێك هەست ئەکات ئەوەی کە بیستویەتی پاشی ماوەیێك هەموی نایێتەوە بیری، ئەبینێت هەموی یان بەشێکی لەبیرکردوە، بەڵام ئەو کارەی کە چەند ساڵێك بەسەر دیتنەکەی ڕابردوە چۆنییەکەی لەبەر چاویەتیو هیچی لێ بزر نەبوە.

ئنجا کوشتن کە کارێکە بە چاو ئەدیترێت چۆنیەکەی لە مێشکا جێگیر ئەبێتو نەقش ئەکرێت زۆر زەحمەتە بسڕدرێتەوە، مێشك چ مێشکی پیاو بێت یان مێشکی ئافرەت.

ئنجا ئەگەر دوو ئافرەتی هۆشداری ڕاستگۆی لە خواترس لەبەر چاویان کوشتنێك ڕویداو شایەدیان لەسەردا شایەدییەکەیان وەکو شایەدی دوو پیاو دێتەدی بەبێ ئەوەی مەزەندە هەبێت کە لەبیرکردنێك ڕوی لە لایێکی کارەکە کردبێت، لەبەر ئەمە شایەدییەکەیان وەرئەگیرێتو جەریمەی کوشتنەکە ئیسپات ئەبێت.

ئبنو لقەییم لە لاپەڕەی (١٥٠، ١٥١) لە کتێبەکەی (الطرق الحکمیة) ئەڵێت: ئیبنو تەیمییە وتویەتی: ئەو کارانەی بۆ دەرکەوتنی پێویستی بە شایەدی دو ئافرەت هەیە لەباتی پیاوێك ئەو کارانەیە کە عادەتەن لەبیرکردن ڕوی تێئەکات، بەڵام ئەگەر کارەکە لەوانە نەبو کە لەبیرکردن رووی تێبکات، وەکو ئەوەی بە چاو ئەدیترێت، یا لەوانە بە دەستی لێبدرێت شایەدی دوو ئافرەتی لەباتی پیاوێك پێویست نیە، واتە شایەدییەکە بە پیاوێكو ئافرەتێك دێتەدی.

ئنجا ئایە ئەو مامۆستا گەورانەی پێشو – ڕەحمەتی خودایان لە سەر بێت – بۆ چ لایان وابوە کە شایەدی ئافرەت لە جەریمەی کوشتن وەرناگیرێت مادام فەرمایشتێکی پێغەمبەری لەسەر نیە تا ببێتە بەڵگە لەسەر ئەو رایەیان.

ئەتوانین بڵێین ئەو ڕایەیان لە کاتی خۆی دامەزراوە لەسەر ئەو زوروفەی کە تیا ژیاون‌و ئەو عورف‌و عادەتەی کە لەو کاتەیا بوە.

ئافرەتان لەو کاتانەدا – بە پێچەوانە ئێستاکە تێکەڵاویان لەگەڵ گردبونەوەی پیاوان نە ئەبو، ئیش‌و کاری دەرەوەیان کەم بوو، هەموو ئیش‌و کارێکیان لە ماڵەکانیان ئەهێنایە دی، ئەگەر یەکێکیان بۆ هێنانە دی کارێك ڕوی بکردایەتە دەرەوە ڕووی لە کارەکەی ئەکردو بە پەلە بۆ ماڵەکەی ئەگەڕایەوە بەبێ ئەوەی نزیکی کێشەو بەرەیێك ببێت کە لە بەینی دو کەس ڕووی ئەدا، یان ڕابوەستێت تا بزانێت داهاتوی دووکەس کە بەرەنگاری یەکتربوون‌و یەخەی یەکتریان گرتوە بەچی ئەگات، یان بتوانێت بوەستێت ئەو ناخۆشیە ببینێت کە خوێنی تیا ئەڕژا.

ئەگەر ڕێك بکەوتایە بیدیتایە ئەوا یەکێك دەستی کوشتن بۆ یەکێك درێژ ئەکات ترس‌و لەرزین ڕووی تێئەکردو بە تاڵۆکە خۆی لەو جێیە دور ئەخستەوە چونکە تواناى دیتنی خوێن ڕشتنی نەبو.

ئەگەر شایەد لەبەرچاوی، خوێن ڕشتنێك ڕووی بدایە سەری لێ ئەشێواو ترس دایئەگرتو بینینی ڕووداوەکەی بە شێوەیێك نە ئەدی کە بتوانێت لەسەر چۆنیەتی ڕوداوەکە ببێتە شایەد، ئایا ئەو کەسەی کوشتنەکەی لێ‌ڕودا بەو کوشتنە خۆی پاراست لەوەی کوژراو، کە دەستی کوشتنی بۆ درێژ بکات‌و بیکوژێت یان نا؟ ئیتر چۆن ئەتوانی

شایەدییەکەی بە باشی بدات و چۆن ئەکرا شایەدی لێ وەبگیرێت و لەسەر جەریمەی کوشتن ببێت بە شایەد.

کەوا بێت ڕای بەشی یەکەمی ئەو مامۆستایە بەرزانەی پێشو ڕاێیکی ڕاست تەواو بوە دامەزراوەو بڕیاری لەسەر دراوە بە پێی ئەو زروف و کاتانەی کە تیای بوون.

بە پێچەوانەی زروف و کاتی ئەم چەرخە کە ئافرەت چاوی کراوەتەوەو لەناو کۆمەڵا ڕوو لە هەموو شوێنێك ئەکات ئەوەی تیا ڕووئەدات و ئەیبینێت ئەیەوێت بزانێت چی‌یەو بۆ وا ڕویدا، ئنجا ئەگەر دیتی یەکێك یەکێکی کوشت ئەگەر بو بە شایەد شایەدی دییەکەی بەو پێیەی ڕویداوە دێتەدی ئەگەر لەخواترس و ڕاستگۆو خاوەنی هۆش بو بێت.

میـراتی ئافـــرەت

عەرەبەکان پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام بێت ئافرەتیـان بـە میراتگـیر دانەئەناو لە میراتیان بێبەش ئەکرد هەروەکو منداڵیان تێـدا بێبـەش ئەکرد، میرات تەرخان کرابـو بـۆ ئەوانـەی چـەکیان هەڵئـەگرتو لـە شەڕکردنا بەشدار ئەبون.

لە کاتی پێغەمبەر ﷺ لە شـەڕی ئوحـودا سـەعدی کـوڕی ڕەبیـع شەهید کرا، براکەی هات دەستی خستە سەر هەمو ماڵەکەی، خێزانـی سەعد لەگەڵ ئەو دوو کچەی کەوا هەیبو چـووە لای پێغەمبـەر، وتـی ئەزانی سەعد لەگەڵتان بەشدار بو لە شەڕاو شـەهید کـرا، برایەکـەی هات دەستی خستە هەمو ماڵەکەی ئێمەی تیا بێبەش کرد.

پێغەمبەر ﷺ تا ئەوکاتە دەربارەی میرات لە لایەن خـوداوە هیـچی بۆ نەهاتبوە خوارەوە، بەڵام دوای شکایەتی ئەم ئافرەتـە خـودا ئایـەتی (١١، ١٢) لە سوڕەتی (النساء) دەربـارەی مـیرات نـاردە خـوارەوە کـە بەشی زۆر بەی میراتگیری تیانا دەرخست، ئنجا پێغەمبـەر ﷺ بـانگی برای سەعدی کرد پێی فەرموو ماڵی سەعد هی تـۆ نیـە، دوو بەشـی ماڵەکەی هی دوو کـچەکەیەتی، هەشـت یەکەکـەی هـی ژنەکەیـەتی ئەوەی لەوان ئەمێنێتەوە هی تۆیە.

خودا لە ئایەتی یازدەی سوڕەتەکە ئەفـەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ﴾، واتـە: خـودا بڕیـاری خـۆی پێتـان ئەگەیەنێتو فەرمانتان ئەداتێ کە لە میراتـی منـاڵی نێرینـەتان دوو بەشی مێینەیان هەیە.

لە ئایین وەرگەڕاوەکان لێرەشا جووتی خۆیان ئەوەشێنن‌و ڕەخنە ئەگرن‌و ئەڵێن ئایینی ئیسلام بە چاوێکی نزم تەماشای ئافرەت ئەکات‌و جیاوازی ئەخاتە بەینی نێرینەو مێینە، نابینی مێینە بەشی لە میراتا نیوەی بەشی نێرینەیە، ئەمە کارێکە لەگەڵ عەدالەتدا ناگونجێ‌و ڕاست نیە، لەبەر ئەمە ئەبێت لە دانانی قانونا ئەم جیاوازیە لە میراتا هەبێت، بەشی پیاو و ئافرەت وەکو یەك وابێت.

ئێمە پێش ئەوەی لە هۆکاری ئەم جیاوازیە بدوێین‌و ئەوەی ڕاست‌و تەواوە دەری بخەین، ئەبێت بزانین لە هەمو دابەشکردنێکی میراتا پیاو دوو بەشی ئافرەتی بۆ نیە بەڵکو بەشی وەکو بەشی ئافرەتە بەبێ جیاوازی لە بەینیان، ئەمە بەم چەند خاڵەی کەوا ئەیخەمە بەرچاو دەرئەکەوێت:

١- ئەگەر یەکێك بمرێت‌و لە دوای خۆی باوك‌و دایك‌و کوڕێك‌و ژنێکی لەدوا بهێنێت، لێرە هەر یەکە لە باوکەکەو لە دایکەکە شەش یەکی میرات وەرئەگرن، بە جیاوازی لە بەینیان ژنەکەشی هەشت یەك وەردەگرێت ئەوەی ئەمێنێتەوە بۆ کوڕەکە ئەبێت.

٢- ئەگەر یەکێك دوای خۆی باپیرێك‌و داپیرێك‌و کوڕی کوڕی لە دوای بهێنێت لێرە هەر یەکە لە باپیرو لە داپیر شەش یەکی ماڵەکەیان بۆ هەیە بەبێ جیاوازی لە بەینیان، ئەوەی لە مان ئەمێنێتەوە بۆ کوڕی کوڕەکەی ئەبێت.

٣- ئەگەر ئافرەتێك دوای خۆی باوك‌و دایك‌و کچێك‌و مێردەکەی بە جێی هێشت، باوکەکەو دایکەکە هەر یەکە وەك یەك شەش یەك لە میراتەکەی وەرئەگرن بەبێ زیادی‌و کەمی لە بەینیان، کچەکە نیوەی

ماڵەكەی بۆ هەیە مێردەكەشی چوار یەكی، كچە لێرە بەشی لە هەموان زیاتر ئەبێت.

٤- ئافرەتێك ئەگەر بمرێتو وەرەسەكانی براێیكی دایكیو خوشكێكی باوكیو خوشكێكی باوكیو دایكیو دایكی بو، لێرە برای دایكیو خوشكی باوكی هەر یەكەو شەش یەك وەرئەگرن دایكشی شەش یەك وەرئەگرێتو خوشكی دایكو باوكی نیوەی ماڵەكە ئەبێتە بەشیان، لێرە براو خوشكی یەكەم هەر یەكە بەشیان وەكو یەكە بەبێ جیاوازی لە بەینیان، بەڵام خوشكە باوكو دایكەكە بەشی هەمو ماڵەكە واتە بەقەد هەمو میراتگرەكانی دیكەیە.

٥- ئەگەر میراتگری یەكێك بریتی بو لە براێكی دایكیو خوشكێكی دایكیو مێردەكەیو داپیری، لێرە براو خوشكە دایكەكە هەردوكیان سێیەكی میراتەكەیان بەر ئەكەوێت لە بەینی خۆیان ئەیكەنە دوو بەش، هەر یەكە بەشێك وەرئەگرێ وەكو یەك بەبێ جیاوازی لە بەینی نێرو مێییان، مێردە نیوەی میراتەكە وەرئەگرێتو داپیرەكەش شەش یەكی.

كەواتە بۆمان دەركەوت كە لە هەمو میراتێكا وە نەبێت ئافرەت نیوەی بەشی پیاوی هەبێت، زۆرجار وا ئەبێت بەشی هەردو لایان وەكو یەك ئەبێت، هەندێك جاریش بەشی ئەم پتر ئەبێت لە نێرینەی برای، وەكو ئەوەی میراتگیری سێ برای دایكیبن لەگەڵ خوشكێكی دایكیو باوكی لەگەڵ دایكیان، لێرە هەر سێ براكە سێیەكی میراتیان بەرئەكەوێت، خوشكەكە نیوەو دایكە شەش یەك، واتە ئەگەر میراتەكە شەش هەزار دینار بێت سێ براكە هەرسێكیان دو هەزار

دیناریان بەرئەکەوێت، خوشکەکە سێ هەزاری بەرئەکەوێت دایکەش بەشی هەزار دینار ئەبێت.

بەڵام بەشی براو خوشکی باوكو دایکی ئەبێت بە فەرمانی ئایەتەکە بێت واتە لە میراتا کوڕ دو بەشی کچی بەرئەکەوێت. ئەمە هیچ کێشەو بەرەنێیك هەڵناگرێت، چونکە بڕیاردانی خودایە، ئەوەی مسوڵمانەو خاوەنی ئیمانە بەرامبەر فەرمانی خودا ئەبێت ملکەچ بێتو پێی قایل بێت، ئەبێت بزانێت ئەوەی خودا بڕیاری لەسەر ئەدات خاڵی نیە لە مەبەستو حیکمەت چ ئەو مەبەستو حیکمەتەمان بۆ دەربکەوێت یان نا.

بەڵام ئێمە ئەگەر کەمێك لەم بڕیاردانەی خودا وردببینەوە ئەبینین پڕە لە حیکمەتو ڕێكو تەواوە لەگەڵ عەدالەت، ئەگەر یەکێك بمرێت لەگەڵ میراتگیریەکان کوڕێكو کچێکی لەدوا بمێنێ ئەبینین کوڕەکەی زۆر زیاتر لە کچەکەی پێویستی بە ماڵو خەرجیو دەرامەت هەیە، چونکە ئەگەر ڕەبەن بێت پێویستی بە ژن هێنان هەیە، ژن هێنانیش هەروەکو ئەزانین پێویستی بە مەسرەفێکی زۆر هەیە، وەکو مارەیی ئافرەتو خەرجی گواستنەوەو تفاقی ناوماڵ ئامادەکردنو خانو کڕین یان بە کرێ گرتن، ئەمە هەموی وا ئەکات کە باری کوڕ زۆر قورس بێتو پێویستی بە ماڵو پارەو ماڵێکی زۆر هەبێت، وە ئەگەر نا ناتوانێت خێزاندارێك بۆ خۆی پێك بێنێت.

کوڕەکە ئەگەر شایەد ڕەبەن نەبوو خاوەنی خێزانو ماڵو منداڵ بوو لێرەشا کوڕ پێویستی بە ماڵو خەرجی زۆر ئەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت گوزەران بۆ ماڵو منداڵەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ بڕەخسێنێو ئیدارەیان بە

شێوەیەکی گونجاو بێنێتە دی، بەڵام خوشکەکەی کە شو ئەکات پێویستی بە هیچ خەرجیەك نیە، وە هیچ مەسروفێك ڕوی تێناکات، کە شو ئەکات مارەیی وەرئەگرێت بە پێچەوانەی براکەی کە ژن دێنێت ئەبێت مارەیی بدات، ئنجا کە ئەکەوێتە ماڵی مێردەکەی، ئەو مێردە ئەبێت هەموو پێویستیەکی ژیانی بۆ بڕەخسێنێت لە جلو بەرگو خواردنو خواردنەوەو هەمو مەسروفێکی تری، وەکو بردنە لای دکتۆرو کڕینی دەرمانو خەرجی سەفەر. کە مناڵیشی ئەبێت هەرچی پێویست بێت بۆ بەخێوکردنی لە لایەن مەسروفەوە ئەکەوێتە سەر شانی مێردەکەی، هیچ خەرج کردنێك ڕوو ناکاتە ئەو.

ئنجا ئەگەر بە باشی سەرنج بدەین ئەبینی ئاینی ئیسلام زۆرتر لایەنگری ئافرەتی کردوە بەو بەشەی کە لە میرات بۆی بڕیار داوە.

شتێکی دیکەش جێی ئەوەیە ئاماژەی بۆ بکرێت کە ئەبێتە هۆی ئەوەی لە میراتا بەشی کوڕ زیاتر بێت لە بەشی کچ. زۆرجار ئەدیترێت- بە تایبەتی لە لادێیەکانا – ئەو ماڵو سامانەی کە باوك دوای خۆی بەجێی دێڵێت پەیاکردنی یارمەتیدانی کوڕەکەی تێدا هەیە هەر جۆرە یارمەتیەك بێت، چ زۆر بێت یان کەم، وەکو ئەوەی لەگەڵ باوکی ئیشی کردبێ یان بەراو ئەدبیر یارمەتی دابێت. ئەمەش وا ئەخوازێت کە ئەبێت لە میراتا بەشی لە بەشی خوشکەکەی زیاتر بێت.

تــەڵاق بە دەســت كێیــە؟

لە ئایین وەرگەڕاوەكان ڕەخنەیەكی دیكەیان ئەوەیە ئەڵێن: تەڵاق دان بۆچی ئەبێت هەر بەدەست پیاو بێــت؟ بــۆ چ ئــافرەت بەشــداری تێــدا نەبێتو نەتوانێت خۆی لە بەندایەتی مێرد ڕزگار بكات؟

ئنجا با ڕووبكەینە ئەم باسەو نەختێكی لێ بدوێین تــا بــزانین ئــەم ڕەخنەی ئەو لە ئایین وەرگەڕاوانە سەنگێكی هەیە یان وەكو ڕەخنەكانی دیكەیان بێبەڵگەو پوچەڵە.

خودای بەرزی بێوێنە بەردەوامبونی ژیانی ئادەمیزادی لەم گێتیەدا بەنــد كردوە بە یەك گرتنی پیــاو و ئــافرەت، ئــەم یــەك گرتنــە ئــەبێت بــە پێــی ڕێكێشانی شەرع و ئاین بێت كە بە مارە كردن ڕوو ئەدات و دێتە دی.

ئەم دەستی یەك گرتنە نابێت بۆ كاتێكی تایبەتی ئــەبێت بــەردەوام بێتو پچڕان ڕوی تێنەكات بە مردنی یەكێكیان نــەبێت. ئــەم دەســتی یەكگرتنە خودای بەرزی بێوێنــە لــە ســورەتی (النــساء) لــە ئایــەتی بیستەما بە ﴿میثاقاً غليظاً﴾ ناوی ئەبات واتە بەند بون بە بەندبونێكی ئەستوری قایم كە نابێت هەر وا بە ئاسانی لێكردنەوە ڕوی تێبكات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم یەكگرتنە ئەبێت بەردەوام بێتو دابــڕان ڕوی تێنەكات وا ئەبێت پیاوێكو ئافرەتێك دوای دەستی یــەك گرتنیــان بــە ماوەیەك، هەر یەكەیان ناڕەزایی لە كردەوەو ڕەوشــتی ئەوەكــەی تریــان دەرئەخاتو ساردیو ناخۆشی ئەكەوێتە بەینیان بەشێوەیەك كە لایەكی دەرگای جیابونەوەیان بۆ ئەكرێتەوە، ئەو جیابونەوەیــەش بــە تــەڵاق دان دێتە دی، ئەو تەڵاقدانەش دراوەتە دەست پیــاو نــەك دەســتی ئــافرەت،

پیاوو ئافرەت هەردولا خاوەنی بیرو هۆشن، هەروەها هەردولا خاوەنی عاتیفەن، بەڵام بیرو هۆش لای پیاو زاڵە بەسەر عاتیفەکەیا، بە پێچەوانەی ئافرەت کە عاتیفەکەی بەسەر بیرو هۆشیا زاڵە.

ئەمە شتێکی دیارو ئاشکرایە کێشەو بەرە هەڵناگرێت، ئەبینی ئافرەت لەبەر ڕوداوێکی نەختێك ناخۆش کە ڕوی تێئەکات خۆی ناگرێتو گریانو فرمێسك ڕژاندن داگیری ئەکاتو ڕۆژی لێ تاریك ئەبێت بە پێچەوانەی پیاو کە بەرامبەر هەر ڕوداوێکی ناخۆش خۆی ئەگرێتو عاتیفەی لە مەندایەتی خۆی لای نادات.

بەهێزبونی عاتیفە لای ئافرەتو زاڵ بونی بەسەر بیرو هۆشیەوە نەبێت کەمێیك بێت بۆی، بەڵکو ئەمە ئەبێت لە ئافرەت وابێت، ئەگەر یەکێکیان وانەبێت ئەبێت زەدەیەك لە هەستو عاتیفەیو هۆشو بیریا هەبێت، چونکە خودا بناغەی لەشو هەستو دڵ نەرمی ئافرەتی وا دارشتوە کە ببێت بە دایكو منداڵەکانی بخاتە ژێر باڵی عاتیفەییو دڵسۆزیا، وە گەر نا نەیئەتوانی منداڵێك شیر بداتو بەخێوی بکات. نابینیت ئافرەتێك ئەگەر منداڵەکەی نەخۆش بکەوێت دونیای لەبەرچاو تاریك ئەبێت شەوان خەو لە خۆی حەرام ئەکاتو بە دیارییەوە دائەنیشێتو ناوەناوە فرمێسك لەسەر چاوی لائەبات، لەکاتێکا باوکی منداڵەکە لە خەوا ئەپرخێنێ.

ئنجا بەم شێوە نەفسیەی کە ئافرەت لەسەریەتی ئەگەر تەڵاق دانی بەدەست بێت ئەگەر ناخۆشیەکی کەم لەگەڵ مێردەکەی ڕووبدات هەڵچون داگیری ئەکاتو ڕوو لە تەڵاقدان ئەکات بەبێ ئەوەی بیرو هۆشی بەکار بێنێت کە تەڵاقدانەکەی چ ناخۆشیەكو تاڵیەکی

بەدواوە دێت، بەڵام کە سارد ئەبێتەوە پەشیمانی ڕوی تێ ئەکاتو بە هەردوو دەست لە چۆکی خۆی ئەدات کە چۆن ماڵی خۆی وێران کرد بەبێ ئەوەی پەشیمانیەکەی سوودێکی پێ ببەخشێ.

بەڵان پیاو کە تەڵاقی بەدەستە چونکە بیرو هۆشی بەسەر عاتفەکەیا سوارە چۆنها نەبێت لەسەر ناخۆشیەکی هاکەزایی لەگەڵ هاوسەرەکەیا زو هەڵەناکاتو ڕوو ناکاتە تەڵاقدان، چونکە بیرئەکاتەوە ئەگەر تەڵاق بدات مندالەکانی پەراگەندە ئەبنو ئەبێت مارەیی دوایی هاوسەرەکەی بداتو نەفەقەی سێ مانگی بۆ بژمێرێت، دوایش هەروا بە ئاسانی ناتوانێت ژنێکی دیکە مارە بکات چونکە پێویستی بە پارەو خەرجیەکی زۆر هەیە.

ئەمە جگە لەوەی ئەگەر خاوەنی بیرو بڕواو ئیمان بێتو ترسی خودا ڕوی تێنەکات کە نابێت لەسەر ناخۆشیەکی کەم ئەو پەیمانە بەهێزەی کە بە ڕێکێشانی خودا لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتۆتە دی هەروەها بە ئاسانی بیپچڕێتو ئەو ئافرەتە ماڵ وێران بکات جگە لەوەی کە ئەزانێت پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (أبغض الحلال الى الله الطلاق)، واتە: پێناخۆشترین شت لای خودا کە دروستە تەڵاق دانە.

بەڵێ، زۆربەی مامۆستایانی مەزهەبەکان لایان وایە کە تەڵاق دان بە دەست مێردە نەك بەدەست هاوسەرەکەی، بەڵام مامۆستایانی حەنەفی لایان وایە ئافرەت کە شوو ئەکات لە کاتی مارەکردنی مارەکردنەکەی بە مەرجێك بێت هەر کاتێك ویستی خۆی تەڵاق بدات، ئنجا ئەگەر ئەو کەسەی مارەکردنەکەی لەگەڵ ئەبەستێت بەم مەرجە قایل بو

مارەکردنەکە دێتەدیو ژنەکە هەر کاتێك ناخۆشییەکی لە مێردەکەی دیت ئەتوانێت خۆی تەڵاق بداتو لە مێردەکەی جیا ببێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەت ئەتوانێت لای قازی لە مێردەکەی داوای جیابونەوە بکات، لەبەر چەند شتێك کە ئێرە جێی درێژە پێدانی نیەو مەزهەبەکان درێژەیان پێداوە.

مافـــی ئافرەتـــان

ئایا ئـاینی ئیـسلام مـافی ئـافرەتی نـەداوە هـەروەکو لـە ئـاین وەرگەڕاوەکان ئەڵێن، یـان وانیـەو ئـەم ئاینـە هـەموو مـافێکی بـۆ بڕیارداوە کە مافی تەواو و ڕاستەقینەیەتی.

لە باسی (تێڕوانینی ئیسلام دەربارەی ئافرەت) کە پێشتر هەنـدێکی لـێ دواین، وتمان ئایینی ئیسلام بە یەك چاو تەماشای پیاو و ئـافرەت ئەکات ئەوەی بۆ پیاوی بڕیار داوە بۆ ئەویشی بڕیار داوە، ئەوەی لەسەری بە پێویست داناوە هێنانە دیەکەی لەسەر ئەویش بە پێویستی دانراوە.

لەوێ چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەرمان ﷺ لەسەر ئەوەی وتمان بە بەڵگە خستنە بەرچاو، هەروەهاش چەند ئایەتێکی قورئـانی پیرۆزیـش، لەو فەرمایشتانە بۆمان دەرکەوت کە ئایینی ئیسلام نێرو مێ پێکـەوە ناو ئەبات و بەیـەك تەمەشـاکردن تەماشـایان ئـەکات، هـەروەکو لـە ئایـەتی (٩٧)تـیش لـە سـورەتی (النحـل) بۆمـان دەرئەکـەوێت کـە ئەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾، واتـە: ئـەوەی رووی کردبێتە هێنانەدی کاری چاکەو خاوەنی بـڕواو ئیمـان بێـت چ نێرینـە بێت، یان مێیینە لە دوارۆژا وەکـو یـەك بـەژیانێکی خـۆش و ئاسـوودە زینـدووی ئەکەینـەوەو گـەلێك باشـتر لـەوەی لـە ژیانیـا کردویـەتی و هێناویەتە دی.

ئەم ئایەتەش شایەدێکی دیکەیە کە خودا جیاوازی نەخستۆتە بەینی پیاوو ئافرەت، ئینجا هەر بەو پێیە لەم ژیانەیا ئەو مافەی بۆ ئەوی بڕیار داوە بۆ ئەمیشی قەرار داوە کە مافی تەواوو ڕاستیەتی. ئەم مافانەی کە ئافرەتان لە ئەورووپا تا دوانزە چەرخ زیاتر دوای هاتنی ئایینی ئیسلام دەستی نەکەوتبو، ئنجا با هەندێك لەم مافانە بخەینە بەرچاو:

١- لە باسێکی کە لەمە پێشتر باسم کرد کە جەنابی (عومەری کوری خەتتاب) ڕۆژێك هاوسەرەکەی لەسەر کارێك لەگەڵی ئەکەوێتە کێشەو بەرە، جەنابی عومەر پێی ئەڵێت: ئەی ئافرەت ئێوە پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام بێت هیچ نرخێکتان نەبوو، ئەم ئایینە کەهات ئێوەی لەگەڵ پیاوان یەکسان کردوو نرخی تەواوی پێدا، ئەمە ئەبێت وات لێ بکات بەرامبەرم بوەستیت‌و بەم شێوەیە لەگەڵم بدوێیت؟ ئافرەت وتی بۆچ نا، کچەکەت (حەفصە) کە خێزانی پێغەمبەرە هەندێك جار بەرامبەری ئەوەستێت‌و لەگەڵی ئەکەوێتە مشتومڕ بە شێوەیێك پێغەمبەر ﷺ بە درێژایی ڕۆژەکە دڵ شکست ئەبێت.

٢- ئاینی ئیسلام خوێندن‌و خوێندەواری لەسەر پیاوو ئافرەت بە پێویست داناوە، ئافرەت بۆی هەیەو زۆر پەسندە تا ئەتوانێت پلەی خوێندن‌و زانستی خۆی بەرز بکاتەوە.

٣- ئافرەت وەکو پیاو ئەتوانێت خاوەنی ماڵ‌و سامان بێت‌و بازرگانی‌و کاسپی تێدا بکات، بەبێ ئەوەی خزمێکی یان مێردەکەی هەقی ڕێ لێگرتنی هەبێت.

٤- ئەتوانێت بە پێی ئارەزووی خۆی شوو بەو کەسە بکات کە ئەیەوێت، هیچ کەسێك لە خزمانی ئەگەر چی باوکیشی بێت بۆی نیە بە خورتی لە یەکێکی مارە بکات، ئینجا ئەگەر بیکات مارەییەکە ناییێتو دروست نیە.

ئەوەی لەناو کوردەواریا لەم ڕووەوە ڕووی تێئەکرێ ئایین ڕێی پێنادات‌و دروست نیە، ئەگەر چی هەندێك لە مامۆستایان فتوای پێئەدەن.

من ئەمەم لە باسێکی کتێبەکەم کە ناوی (دراسات في العقیدة والتفسیر والفقة) بە درێژی ڕوون کردۆتەوەو ئەوەی لەوەو پێش لەسەر دوست بوونی لەلایەن مامۆستایان بە بەڵگە داندراوە بەڵگە نەبوونەکەیم دەر خستوە.

٥- ئافرەت کە شوو ئەکات ئەو مارەییەی بۆی بڕیار ئەدرێت هەقی خۆیەتی هیچ کەسێك لە خزمانی حەقی ئەوەی نیە دەست بۆ پولێکی درێژ بکات، خۆی چۆنی بوێت ئەوها خەرجی ئەکات.

٦- کە شوو ئەکات هیچ شێوە مەسرەفێك نە بۆخۆی نە بۆ منداڵەکانی ڕووی تێناکات هەر چەندێك تواناداڕو هەبوو بێت. ئەبێت مێرد بە هەموو مەسرەفێك‌و خەرجییەك هەڵبستێت، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە بە ئارەزوی خۆی لە مەسرەفا یارمەتیدەر بێت ئەوە چاکەییکە بە هەوەسی خۆی ڕووی تێئەکات.

٧- ئافرەت بەپێی ئەو توانا‌و خوێندەوارییەو شەهادەیەی دەسگیری ئەکات هەقی ئەوەی هەیە لە دائیرەکانی حکومەت یان لە

شەریکەیەکا دابمەزرێتو ببێت بە مووچەخۆر، بە تایبەتی لە نەخۆشخانەکانو لە هەموو پلەیێکی قوتابخانەکانا.

٨- ئەتوانێت بە پێی ئەو خوێندەوارییەی هەیەتی خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێك لە ئەندامەکانی پەرلەمانو مافی ئەوەی هەیە لە هەموو کێشەو بەرەیەك کە تیا ڕوو ئەدات بەشدار بێتو ڕای خۆی دەربخات لەو سنوورەی کە ئایین دایناوە.

٩- مافی ئەوەی هەیە لەناو کۆمەڵگا ئەندامێك بێت لەو پارتانەی کە بەرنامەیان ئیسلامەو یاسای ئیسلام پەیڕەو دەکەن، تێدا خاوەنی ڕاو قسەو وتەو بیر بێت.

١٠- هەروەکو مافی ئەوەی هەیە لە پەرلەمانا ببێت بە ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئاواش مافی ئەوەی هەیە بە پێی ئەو خوێندەوارییەو شەهادەیەی هەیەتی لە وەزارەتێکا ببێت بە وەزیر، هەر چەندێك ئەو مرۆڤانەی تیا موچەخۆرن هەموو پیاوبن، ئەوەی لە ئارادایە ئەبێت دانایيو تواناداری ڕاپەراندنيو هێنانەدی کاری ئەو جێگەیەی هەبێ، کە ئەو سەرۆکیەتی.

١١- ئیبن حەزمی ئەندەلوسی کە مامۆستایێکی زۆر بەرزەو خاوەنی چەند کتێبێکە کە گەورەتریان (المحلّى)یە کە نزیکەی دە بەرگی گەورەیە، ئەڵێت: ئایینی ئیسلام دەست بەسەرگرتنی هیچ کارێکی لە دەوڵەتا لە ئافرەت قەدەغە نەکردوە تەنیا پلەی سەرۆکایەتی وڵات نەبێت.

١٢- ئافرەت مافی ئەوەی هەیە لە دەرەوەی ماڵ ڕوو لەو کارانە بکات کە باسمان کرد، هەروەها کارانی دیکەش کە لە توانایا بێت بە دوو مەرج:

أ- ئیشی دەرەوەی نابێت کاری ناو ماڵی خۆی پێی لەبیر بکات، ناو ماڵ بەدەستی خاتوونی خاوەن ماڵ نەبێت ناڕازێندرێتەوەو نەشئەی خۆی وەرناگرێت، ئەو ئاگا لێبونەی کە پێویستە بۆ منالّی ساوا نابێت لێی دوا بکەوێت و هەموی بداتە دەست دایەن، چونکە باوەشی دایك نەبێت خۆشی و گەشایەتی بەگیانی منداڵ ناگەیەنێ.

ب- کە ڕو ئەکاتە دەرەوە بۆ هەر کارێکی بێت ئەبێت جلـــوبەرگی پۆشتەو داپۆشـــەر لەبەر بکات و لە قســـەو وتاریا ئەبێت گران و سەنگین بێت، نەك لەوانە بێت کە دێتە دەرەوە بارێك بۆن لەخۆیان ئەدەن و خۆیان ئەرازێنەوەو پێڵوی سەرچاویان بە ڕەنگی ئەو جلەی لەبەری ئەکەن لە سوورو مۆر سەوز ڕەنگ ئەکەن و سنگیان بەرەڵا ئەکەن و جلی تەسك و تروسك لەبەر ئەکەن، ئنجا کە دائەنیشن قاچ لەسەر قاچ دائەنێن و قاچیان تاسەر چۆکیان دەر ئەخەن.

ئەمە ماف نیە بۆ ئافرەت، ئەمە لە سنووری حەیاو حورمەت لادانەو لە شورەی راســـت دەرچونەو مێیەتی خۆ دەرخســـتنەو بە غەریزەی جنســـــی یاری کردنەو جولە پێی دانیەتی و ڕەوشتی ڕێك راست لەناو کۆمەڵا تێك دانەو بەلای خراپە بردنیەتی.

١٣- ئنجا با باسەکەم بەم خالەی سێنزەما کۆتایی بێنین و بزانین ئایە ئافرەت مافی ئەوەی هەیە ببێتە سەرۆکی وڵات، چ جەمهوری بێت یان مەلەکی، هەروەها ئایە ئاینی ئیسلام ئەم مافەی بۆ بریار ئەدات یان نا؟

ئێمە با بەشێوەیەکی دیکە تەماشای ئەم باسە بکەین و بیخەینە بەرچاو تا ئەم دروست بونە یان دروست نەبونەمان بۆ دەرئەکەوێت، بەبێ ڕوکردنە ڕای زۆربەی مامۆستایانی کۆن و تازەی ئاین کە ئەڵێن: دروست

نیە، لەگەڵ ڕای ئەم مامۆستا دانایانەی زۆر کەمەی ئێستای ئاین کە ئەڵێن دروستە.

مەلیك ئێستاکە هەروەها سەرۆکی جمهوری لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا یان پیاوە یان ئافرەتە بەڵام هەڵسوراندنی کاروباری وڵاتەکەی هیچی بەدەست نیە هەروەکو ئەمە دیارو ئاشکرایە لە سویدو دانیمارك‌و نەرویج‌و بەریتانیا، هەروەها لە تورکیاو لە ئیسرائیل وڵاتانی دیکەش.

سەرۆکایەتی بەپێی ئاینی ئیسلام نابێت وابێت چ ناوی مەلیك بێت یان خەلیفە یان سەرۆکی جمهوری. سەرۆك ئەبێت دەستێکی باڵای هەبێت لە هەڵسوڕاندنی سیاسەتی وڵاتەکەی چ پەیوەندی بە دەرەوەی وڵات بێت یان بەناویەوە، ئەبێت بە شێوەیەکی تەواو خاوەنی ڕاو قسەو تەکبیر بێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات‌و میللەت، ئەبێت دوای لێکۆڵینەوەو موشاوەرە خاوەنی قسەی خۆی بێت‌و لێ لانەدات‌و کزی ڕوی تێنەکات بەرامبەر وەستان ئەو کارە گرنگانەی کە پێویستی بە ڕشت بون‌و توندی هەیەو دو دڵی هەڵناگرێت.

سەرۆك ئەبێت زۆربەی کاتی ڕۆژەکانی تەرخان بکات بۆ سەرپەرشتی کارو باری وڵاتەکەی و دانیشتوەکانی‌و خاوەن و هەلگری باری گەورە بێت.

مەبەستم ئەوە نیە کە لە وڵاتەکەیا دیکتاتۆرو شێوە درەندەیێك بێت، بە پێی ئارەزووی خۆی وڵات بەڕێوەبەرێت، هەروەکو ئەمە پیشەی بەشێکی زۆری سەرۆکی وڵاتەکانی عەرەبە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەبێت ئاگاداری بەسەر هەمو کاروبارێکی وڵاتەکەدا هەبێت، ئەگەر لە ڕووکر نە کارێك ڕایێك لەلایەن کاربەدەستەکانی خوار خۆی ڕازی نەبو نابێت

بێدەنگ بێت، ئەبێت بەجوانی لەگەڵیان بکەوێتە بێنەو بەرە، تا یان رای خۆی پێیان ئەسەلمێنێ یان ئەوان رای خۆیانی پێی ئەسەلمێنن.

هەروەکو خەلیفەی دادپەروەر جەنابی عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ چەند کەسێك لە یارەکانی پێغەمبەر ﷺ کە یەکێکیان بیلالی حەبەشی بو کەوتە بێنەو بەرە کە لە عێراقا بەشداربون لە جیهادکردن ئەیانویست خاکی عێراق بەسەریانا دابەش بکرێت، جەنابی عومەر بە دوربینی خۆی رای وابو کە دەبێت ئەو خاکە بەشی خەزێنەی دەوڵەت بێت، تا ئەو بەروبوومەی لێی ڕوو ئەدات بەپێی پێویست لە هەموو کاتێکدا بۆ هەموان بێت بە تایبەتی بۆ هەژاران، نەك تەرخان بێت بۆ بەشێكو دەوڵەمەندی تیانا لە زۆربون بێتو دەستکورتانی تێدا بێبەش بێت.

ئەو بێنەو بەرەیە لە بەینیان سێ چوار رۆژی خایاند، هەر لایە لەسەر رای خۆی ڕشت بو، تا جەنابی عومەر پێیانی وت بەڵگەم لەسەر ئەوەی ئەیڵێم لە فەرمایشتی خودایە کە لە ئایەتی (٧) لە سورەتی (الحشر) ئەفەرموێت: ﴿مَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ﴾، واتە: ئەو ماڵەی کە خودا لە دانیشتوانی شارەکانو دێیەکان ژێردەستەی پێغەمبەر ئەکات، بۆ پێغەمبەرو بۆ خزمانی هەژارانیو بۆ هەتیوو بۆ هەژارانو بۆ ئەوانەیە کە لە سەفەرا خەرجیان لـێ ئەبڕێو ناتوانن بۆ جێگای خۆیان بگەڕێنەوە، ئەو ماڵە بەش ئەکرێـــــــت، بەشی دەوڵەمەندەکانی تێدانیە، تا ماڵ هەر بەدەستی ئەوانەوە نەبێتو دەلولەتیان پتر بێتو هەژارانیش هەر لە هەژاریا بمێننەوە.

ئنجا كە جەنابی عومەر ئەم ئایەتەی خستە بەرچاویان بە .هەڵە چونی خۆیانیان بۆ دەركەوتو زانیان رای خەلیفـــە تەواوەو بە هەموو دڵێكەوە پێی قایل بوون.

جەنابی عومەر خوا پلەی لە بەهەشـــت بەرزی كاتەوە ئەیزانی ئەو رایەی لەسەریەتی ڕاستو تەواوە بۆیە لەسەری ڕشت بوو بەڵام ئەیزانی نابێت بەپێی پلەی سەرۆكایەتی خۆی ڕایەكەی بەرێتە ســــەرو ئەوانە بێدەنگ بكات، ئەبێت لەگەڵیان بكەوێـتە موناقەشە تا بە بەڵگەیێك رایەكەی پێیان بسەلمێنێ.

سەرۆكی وڵات ئەبێت بزانێت كەی ئەبێت سەرتو توند بێت وەك پۆڵا ئەزانێت چەمانەوە چیەو بەرامبەر هەموو گێژاوێكی سەخت خۆی بگرێت كۆڵ نەدات، هەروەها بزانێت لە چ ڕووداوێك ئەبێت نەرمو شل بێت وەك نەمام چۆن پێویست بێت لار بێتەوە.

ئنجا سەرۆك ئەگەر شێوەی سەرۆكایەتیو بەرێوەبردنی وڵاتی بەو رەنگە بێت كە باسمانكرد ئایە لەگەڵ ئافرەتایەتی ئافرەت ئەگونجێت؟ لە كاتێكدا ئەو مانگی جارێك حەیزی پیا دێت بـاری دەرونـی تێـك ئەچـێت كـە بـە منداڵیش زگی پر ئەبێت تا منالّی ئەبێت نارەحەتی روو ئەكاتـە لەشـیو بیرو تێفكریی كە ئەمە لەگەڵ وڵات بەرێوەبردنا ناگونجێت.

ئەمە لەلایەك لە لایەكی دیكەوە چۆن ئەشێتو ئەلوێت بە زكـــی پریەوە بەشدار بێت لەو كۆبونەوانەی كە سەرۆك ئەبێـــــــــت لەگەڵ كاربەدەستەكانی خوار خۆی بیبەستیو سەرۆكایەتی بكاتو لەگەڵیان بكەوێتە موناقەشەو رادەرخستنو راوەرگرتن، هەروەكو ئەبێت لەكاتی داگیرسانی شەڕ لەگەڵ دوژمن بە وزگەیەوە لەگەڵ ئەفسەرەكانا ناوە ناوە

کۆببێتەوە بزانێت پیلانی شەڕیان چۆنەو رای خۆی پێیان بگەیەنێ، جگە لەوەی ئەبێت بەپێـــــای ســـەرۆکی ئەو وڵاتانە بچێت کە ڕوو ئەکەنە وڵاتەکەی‌و پێشوازیان بکات‌و لەگەڵیان کۆببێتەوەو پەیمانیان لەگەڵ ببەستێت، جگە لەوەش کە ئەبێت بەدیتنی ئەو سەفیرانە هەڵبستێت‌و لەگەڵیان بوەستێت کاغەزی سەفیرایەتیان لێوەربگرێت کە وڵاتەکانیان لە وڵاتەکەیا بۆ بالوێزخانەکانیان ئەیانێرن.

ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەت عاتفیەو دڵ نەرمو ناســـکە، عەتف‌و دڵنەرمی‌و ناسکی ڕێك ناکەوێت لەگەڵ بڕیاردان بە توندی لەسەرکاری قورس‌و گرنگ کە زۆرجار بەرژەوەندی وڵات پێوستی پێ ئەبێت.

لەبەر ئەمە ئافرەت نابێت خۆی لەم بوارە بدات‌و ڕوبکاتە ئەم ڕێیە سەختەی پڕ لە دڕك‌و داڵە کە بڕینی لە توانای ئەودا نیە.

بەڵێ ئەتوانێت بەپێی ئەو خوێندەواریەی هەیـــــەتی وەزارەتێك بەڕێوەبەرێت کە سنورەکەی تەسکە نەك وڵاتێك کە سنورێکی پـــان و پۆری هەیەو بەرژەوەندی وا ئەخوازێت کە ئافرەت ســـەرۆکایەتی وڵاتی بەدەستەوە نەبێت.

ئەوەی من بزانم بە درێژایی مێژوو وڵاتی مسوڵمانەکان ئافرەتێك نەبێت نەبۆتە سەرۆك، ئەویش (شجرة الدرّ)ە کە لە وڵاتی میسر دوای مردنی مێردەکەی سوڵتان نەجمەدین ئەییوب بە سەرۆك داندرا، بەلام کە زانی ناتوانێت سەرۆکایەتی بەرێتە سەر سەرۆکایەتیەکەی دایە گەورەی ئەفسەرەکان عزەدین ئەبیك دوایی شووی پێکرد بەلام پاشی ماوەیەك تاڵی کەوتە بەینیان، ئافرەتەکە بە فێڵێك لە حەمام ئەمی بە کوشتندا، دواکەوتوانی عزەدین کە ئەمەیان زانی، هێرشیان بردە ســەر (شـــجرة

الدرّ)و لە دوو دایانە دەست کوڕی عزەدین لە ژنێکی دیکەی کوڕەکەش دایە دەست دایکی کە بە کەنیزەکەکانی بەردەستی وت بە قابقاب لێدان تێی بەربن، ئنجا بەو شێوەیە ڕووی تێکرا تا گیانی لەدەست دا.

ئەشێت بوترێت پێش چەند ساڵێك ئافرەت لە پاکستان و لە ئەندەنوسیا لە بەنگلادێش ســــــەرۆکایەتی وڵاتیان کەوتە دەست، بەڵێ وایە، بەڵام سەرۆکایەتیان ئەو شێوە سەرۆکایەتیە بو کە ســــــەرۆکەکان لە وڵاتەکانی زۆریەی ڕۆژئاواییەکان هیچیان بە دەست نیەو هەر ناویان هەیە.

چـەند رەخنـەیێکی دیکـــە

نوسەرێك لەوەی نوسیویەتی گەلێك رەخنەی لە ئایینی ئیســـلام و پێغەمبەر گرتوە، ئەوانەی هیچ بەینێکیـــان لەگەڵ ئایین نەماوەو لە زانینی راستو تەواو بێبەشن، ئەوەی ئەو کابرایە نوســـیویەتی ئەوان کاوێژی ئەکەن، وەکو ئەمانەی کەوا لێی ئەدوێم.

١- لە جێیێك لە کتێبەکەیا ئەڵێت ئایینی ئیسلام رێ ئەدات کچ بە مندالی لەناو بێشکەیا لە یەکێك مارە بکرێت، بەبێ ئەوەی بزانێت ئەو مامۆستایانەی ئەو فتوایەیان داوە فتواکەیان لەسەر چی بەندەو لەسەر چی دامەزراوە، ئایا فتواکەیان بەڵگەیێکی لە قورئانی پیرۆز یان لە فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ لەسەر هەیە یان نا، هەروەها بەبێ ئەوەی بزانێت هەندێك لە مامۆستا بەرزەکانی پێشـــوی ئایین دروست نەبونی ئەو کارەیان دەرخستوە.

من ئەم باسەم لە کتێبەکەم (دارسات في العقيدة والتفسير والفقه) روون کردۆتەوەو دەرمخستوە ئەو مامۆســـتایانەی فتوایان بە دروست بونی ئەو مارەکردنە داوە فتواکەیان فتوایێکی ئیجتهادیە، دەلیلێکی نە لە قورئان نە لە فەرمایشتێکی پێغەمبەر لەسەر نیە، فتواکەیان دامەزراوە لەســـــەر عورفو عادەتێك کە لەوە پێشتر بڵاوبووە لەو کاتانەیا کە ئافرەت بێبەشبوە لە هەمو خوێندنو خوێندەوارێك. ئەو فتوایەی کە لەوە پێشتر دامەزرابو بێت لەسەر عورفو عادەتی کاتێك بە گۆڕانی کاتو عورفو عادەت فتواکە بە دروســـت نەبونی دێتە جێیو ئەبێت بە پێچەوانەی ئەو حوکم بدرێت.

ئەمە رای هەمو مامۆستایانی داناو زانای پێشوی ئایینە. ئەوەی ئەیەوێت پتر ئەم باسەی بۆ روون ببێتەوە با تەمەشای ئەم کتێبەم بکات ١- اعلام الموقعین ٢- فتاوی ابن تیمیه ٣- زاد المعاد.

٢- لە جێییێکی کەیا لە کتێبەکەی ئەڵێت ئایینی ئیسلام رێ بە گۆڕانی بڕیاردانەکانی نادات کە لەگەڵ هەمو کاتێکا ناگونجێت.

کابرا ئەم قسەیەشی شایەدی نا تێگەیشتنێکی تریەتی. ئێمە ئەگەر تەمەشای بڕیاردانو رێکێشانی شەریعەتی ئیسلامی بکەین ئەبینین ئەو بەشەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵو وڵاتو دامەزراندنی دەوڵەتو هەڵسوڕاندنی کاروباریو رێك خستنی مامەڵەی مرۆڤان لەگەڵ یەکتریو لەگەڵ کۆمەڵو لەگەڵ دەوڵەت، ئەمانە کە بەشی زۆربەی شەریعەتی ئیسلامە هەموی بە پێی کاتو جێیکا گۆڕان هەڵئەگرێت و جیاوازی تێدا ڕووئەدات.

ئەمە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی بۆ گشت ئادەمیزاد بێتو بۆ هەمو کاتێك بلوێتو دەست بدات چونکە شەریعەتێکە وشکیو تورتی تێدانیە، شەریعەتێکی نەرمە لە ناوخۆیا بە پێی جێگاو کات تازەوەبون و گۆڕان رووی تێئەکات.

قاعیدەییكو بەندێك لە بەندەکانی ئەڵێت: (تتبدل الاحکام بتبدل الازمان) واتە بە پێی گۆڕانی کاتوجێگاو عورفو عادەت ئەحکامی فقهی گۆڕان رووی تیئەکاتو بە پێی پێویست ئەحکامی دیکەی دێتەجێ.

ئەگەر ئێمە تەمەشای بەشی زۆری رای مامۆستایانی مەزهەبەکان بکەین ئەبینین جیاوازیەکانیان دامەزراوە لەسەر گۆڕانی کاتو جێگا،

ئەم جیاوازیە هەروایە لە شورەی مەزهەبێکی تایبەتیشا. بۆیی ئەبینین هەندێك بڕیار کە جەنابی ئەبو حەنیفە بڕیاری لەسەر داوە ئەبویوسف دوای ئەو بە پێچەوانەی بڕیاری ئەو بڕیاری لەسەرداوە، هەروەهاش محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیش کە ئەویش قوتابی ئەبوحەنیفە بوە.

بۆ دور بڕۆین ئیمامی شافیعی کە چۆتە میسر لەوێ بە پێی عورفو عادەتی میسر گەلێك فتوای بە پێچەوانەی ئەو فتوایانە داوەکە لە بەغدا داویەتی، ئەمە کە لە کتێبی شافعیەکان بە مەزهەبی تازەی ناو ئەبەن.

ئیبنولقەییم کە مامۆستاییکی زۆر بەرزو زانا بوە ئەڵێت: ئەگەر موفتی پرسیاری چۆنی حوکمی کارێکی لێکرا دەبێ بە پێی عورفو عادەتی وڵاتی خاوەن پرسیارەکە وەڵام بداتەوە، چونکە هەر وڵاتێك بەرامبەر هەر کارێکی ژیان عورفو عادەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەبێت موفتی لەسەر ئەو ئەساسە حوکم بدات.

ئەحکامی شەریعەت کە گۆڕان ڕووی تێناکات ئەوانەن کە دەربارەی بڕواو عەقیدەو نوێژو ڕۆژوو زەکات دانو چونە حەجە لەگەڵ چەند ئەحکامی کەمی دیکەی کە بەڵگەییکی لە قورئان یان لە فەرمایشتی پێغەمبەری لەسەرە، بە پێچەوانە هەمو بڕیاردانێکی دیکەی کە بە ئیجتهاد ڕوودات.

٣- لە جێیێکی کەیا ئەڵێت: مسوڵمانەکان لە کاتی خۆی کە شەڕیان لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتەکانی دیکە ئەکرد بە خورتی خەڵکیان مسوڵمان ئەکرد. ئەم وتارە کاوێژکردنی ئەو وتارەیە کە هەندێك لە پیاوانی کەنیسەی دوژمنی ئایینی ئیسلامو موبەشیرەکانو هەندێك لە موستەشرقەکان وتویانە.

ئەو کابرایە ئەگەر شتێکی لە ئایینی ئیســـلام تێبگەیشتایە ئەم کاوێژەی نەئەکرد، چونکە خودا لە ئایەتی (٢٩) لە سورەتی (الکهف) ئەفەرموێت: ﴿فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُر﴾، واتە: ئەوەی ئەیەوێت ببێتە مسوڵمان با بێت، ئەوەیش ئەیەوێت کافربێت کەیفی خۆیەتی‌و هیچ خورتێیك یان ناخۆشییەك روی تێناکات، جەزای ئیمانداری‌و بێ‌ئیمانی لە دوا رۆژا دێتەدی.

جگە لەمەش خودا لە سورەتی کافرون بە پێغەمبەر ئەفەرموێت: بە کافرەکانی مەککە بڵێت ﴿... لكم دينكم ولى دين﴾، واتە: ئـەی کافرینە ئایینی خۆتان کە بت پەرستنە با بۆخۆتان بێت منیش دینی خۆم کە ئایینی ئیسلامە بۆ خۆمە، لە لایەن رووکردنە ئاین خورتی لە کەس ناکرێت. ئەمە لە لایێك لە لایێکی دیکەوە ئەگـــــەر بۆ مسوڵمان بوون خورتی ببوایە، دەبو لەو وڵاتانەی ڕوناکــــی ئایینی ئیســـــلامی گەیشتێ غەیرە دینێکی تێدا نەبوایە.

ئێستاکە هەر لەناو کوردەواریا دانیشتوانی هەندێك دێهات لەسەر ئەو ئایینەن کە لەوە پێش باوکیان‌و باپیرانیان لەسەری بوون وەکو دێی (هەرمۆتە)ی نزیك شاری کۆیێ کە هەمو دانیشتوانەکانی دیانن. ئەگەر ئایینی ئیسلام بۆ مسوڵمان بون خورتی تێدا ببوایە ئەبو ئەم دێیە دیانی تێدا نەبوایە. هەروەها دێی (دینارتە) کە لە دەشتایێکا دوای ئەو چیایەی بە پشت شاری عەقرەوەیە، گەلێك دێی تریش کە لە دەورروپشتی شاری موصلە کە دانیشتوەکانیان هەمو دیانن، جگە لە ناحیەی عەنکاوە کە نزیکی شاری هەولێرە.

بۆ دور بڕۆین جولەکەکان لە عێراق پێش ئەوەی بە کۆمـــــەڵی بۆ فەڵەستین کۆچ بکەن لە هەمو شارەکانی بەشێکی زۆری لەو جولەکانە

تێدابوو گەڕەكی تایبەتیان هەبو. ئنجا ئەگەر ڕێی ببوایە كەسێك بە خورتی بكرێت بە مســــوڵمان ئەبوایە دیانو جولەكە لەو جێگایانە بونیان نەبوایە.

٤- لە جێیكی كە ئەڵێت شەریعەتی ئیسلامی فتوا بە كەوتنی تەڵاقی سەرخۆش ئەدات، ئنجا ڕەخنەی خۆی لەم روەوە دەر ئەخات.

ئەم ڕەخنەیەشی وەكو ڕەخنەكانی دیكەی پوچەڵە، چونكە ئەگەر ئەو لە كتێبێكی شافعیەكان قسەیێكی وای دیبێ نابێت وای بزانیایە ئەوەیە ڕێكێشانی شەریعەتی ئیسلام بەبێ ئەوەی بزانێت مامۆستایانی تری پێشو چیان وتوە.

یەكێك ئەگەر عەرەق بخواتەوە بەبێ ئەوەی بزانێت ئەوە عەرەقە، دوایی سەرخۆش بێتو ژنەكــــەی تەڵاق بدات هەمو مامۆستایانی مەزهەبەكان ئەڵێن تەڵاقەكەی ناكەوێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤێك بە ئارەزوی خۆی عارەق بخواتەوەو سەر خۆش بێتو ژنەكەی تەڵاق بدات بەشێك لە مامۆســـتایانی مەزهـــەبەكان فتوایـــــان بە كەوتنی تەڵاقەكەیان داوەو وتویانە ئەمە ئەبێت سزای عەرق خواردنەوەكەی بێت. حەدیسێكیانیش لەسەر ڕایەكەیان كردوە بە بەڵگە.

بەڵان بەرامبەری ئەمان بەشێكی دیكەی داناو زانا لە مەزهەبەكان ئەو ڕایەیـــــان ڕەدكردۆتەوەو وتویانە ئەو تەڵاقە ناكەوێت، وەكو مامۆستای دانا تەحاویو كـــەرخی لە مەزهەبی حەنەفی، موزەنیو سەوری لە مەزهەبی شافعی، كە ئەمە ڕاێیكی ئیمامی شافعیەو رای ئیمام ئەحمەدەو رای خەلیفەی سێیەم جەنابی عوسمانەو رای خەلیفەی دادپەروەر عومەری كوڕی عبدولعەزیزەو رای ئیمام طاوسو ئەبوسەورو

ربیعـــەو ئیبن حەزمو ئیبن تەیمییەو ئیبنو قەقیمەو بەشـــێکی تر لە مامۆستا بەرزەکان.

ئیبنو قەییم کە مامۆستاییکی بەرزو دانایە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەو حەدیسەی خاوەنی ڕای یەکەم کردویانە بە بەڵگە لەسەر رایەکەیان ئەم، رەددی ئەکاتەوەو ئەڵێت: ئەوە فەرمایشـــتی پێغەمبەر نیە.

ئەم مامۆستایانەی بەشی دووەم هەمو ئەڵێن: تەڵاقی سەرخۆش ناکەوێت چونکە سەرخۆش خاوەنی ویست نیە، ئەوەی بەسەر زوبانیا دێت، نازانێت چیەو چی ئەڵێت وەکو شتێك وایە هەروەها ئەڵێن: نابێت بوترێت بڕیاردان بە کەوتنی تەڵاقی سەرخۆش ســـــزا بۆ خواردنەوەی عەرەق بێت، چونکە خواردنەوەی عەرەق لە شـــەریعەتا سزای تایبەتی خۆی هەیە، سزاش نابێت بێتە دو سزا.

هەروەها ئەڵێن گوناهی ژنەکەی چیە تا بە خەراپی مێردەکەی سزا بدرێت و تەڵاقی بکەوێت ژیانی لـێ تێك بچێت.

ئەوەی ئەیەوێت بۆ زیادە رونبونەوەی باسەکە با تەمـەشای باسی (طلاق الاغلاق) بکات لە کتێبی (زاد المعاد) کە هی ئیبنو لقەییمە، هەروەها تەماشای باسی (طلاق السکران) بکات لە کتێبی (المحلّى) کە هی ئیبن حەزمی ئەندەلوسیە.

٥- لە لاپەڕییکی دیکەدا ئەڵێت: ئافرەت بە پێی شەریعەتی ئیسلامی لە مارەکردنیا هیچ راییکی بە دەست نیە، را هەر بە دەست کەس‌و کاریەتی.

ئەم قسەیە ئەگەر شتێك لە ڕاستی تێدابێت بە نیسبەت عەشایەری عەرەبەکان‌و کوردەواری قســـەییکی درۆی ئاشکرایە بە نیســـبەت

شەریعەتی ئیسلامیو دورە لە ڕاو بڕیاردانی مامۆستایانی زاناو داناى پێشوى مەزهەبەکان. ئەوانە رایان وایە کە هیچ کەسێکی ئافرەت ئەگەر چی باوکیشی بێت ناتوانێت بەبێ رێدانی ئەو لە یەکێکی مارە بکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەم هەقەی بۆ بڕیارداوە بە فەرمایشتێ کە فەرمویەتی (ألأيّم أحق بنفسها من وليها، واذنها صماتها)، واتە: ئافرەتی بێمێردی بێوەژن هیچ کەسێکی ناتوانێت لە یەکێکی مارە بکات تا خۆی ڕێنەداتو ڕازی نەبێت، کچیش ئەبێت ڕای وەربگیرێت، ئنجا ئەگەر وسکت و بێدەنگ بو ئەوە وا ئەگەیینێ رازیەو پێی خۆشە.

ئیبن المنذر ئەڵێت: ئەگەر کچە لە کاتی ڕاوەرگرتنی بێدەنگو وسکت بو، دوای ئەوەی مارە ئەکرێت بڵێت من رازی نیمو نەم ئەزانی وسکت بونم ڕەزامەندیم ئەگەیینێ، ئەو مارە کردنە هەڵئەوەشێت.

ئیبن عەبباس ئەڵێت: کچێك هاتە لای پێغەمبەر وتی باوکم منی لە یەکێك مارە کردوە کە من نامەوێت، پێغەمبەر پێی فەرمو سەر بەستی، ئەگەر ناتەوێت مارەکردنەکەت جێ خۆی ناگرێتو هەڵئەوەشێت، کچە وتی: مادام باوکم مارەی کردووم رازیم، هەر ویستم باوکان بزانن هەقی ئەوەیان نیە کچی خۆیان بەبێ ڕازی بونی لە یەکێك مارە بکەن.

بۆ دور بڕۆین حەنەفیەکان کە ئیمامی ئەبوحەنیفە سەرۆکیانە لایان وایە ئافرەت چ بێوەژن بێت یان کچ ئەتوانێت خۆی لەو کەسەی ئەیەوێت مارە بکات ئەگەر خاوەنی بیرو هۆش بو گەیشتیبوە ڕاددەی بلوغ، ئنجا کەسوکاری هەر چەندێك باوکیشی بێت بەو مارەکردنە قایل نەبن.

ئێستاکە مەحکەمە شەرعیەکان وەکو بزانم لە وڵاتە عەرەبییەکان لەسەر ئەم رایە ئەڕۆن.

٦- لە لاپەڕێیکی تر ئەڵێت: پێغەمبەر عائیشەی کچی ئەبوبەکری مارە کرد بەبێ ئەوەی رای وەربگرێت. کابرا ئەم قسەیەی بە ڕەخنەیەك ئەخاتە بەرچاو. ئەم قسەیەشی قسەیەکی لارو پوچەڵە وەکو قسەکانی تر ئەمە قسەیەکە هیچ هەمبانەیەك ناگرێتە خۆی، چونکە ئەو ڕا وەرگرتنە بۆ باوکیەتی نەك بۆ پێغەمبەرە.

پێغەمبەر ﷺ داخوازی عائیشەی لە باوکی کرد کە جەنابی ئەبوبەکرە، ئەبوبەکریش بێگومان بە هەمو شادیی‌و خۆشیەکەوە ئەم خۆشیەی بە کچەکەی گەیاندو شادی پێ‌بەخشی. ئنجا ئایا کێ هەبوە لە خۆشیا ئەگەر بۆی بکرایە باڵنەگرێت ئەگەر بیزانیایە پێغەمبەر داوای دەکات‌و بە هاوسەری خۆی ئەگیرێ‌و ئەو شەڕەفەری پێ‌ئەبەخشی‌و ئەیکات بە دایکێك لە دایکەکانی مسوڵمانان‌و باوکیشی بە خەزوری خۆی دائەنێت. بەڵام ئەو چاوە کول بێت سپی بە ڕەش ئەزانێت مێشکی خاوەنەکەی لە تێگەیشتن بێ‌بەش ئەکات.

٧- لە جێیکی کەیا ئەڵیت: ئافرەتێك چوە لای پێغەمبەر ﷺ داوای کرد مارەی بکات، پێغەمبەریش بەبێ ڕا وەرگرتنی لە یەکێکی مارە کرد، ئنجا ئەڵێت چۆن دروستە یەکێك ژنێك بەبێ ئیزن لێ‌وەرگرتنی لە یەکێك مارە بکات. ئەم ڕەخنەیەش شایەدە لەسەر نەزانین‌و کاڵ فامی. ئەو ڕوداوە بەم شێوەیە بوە، پێغەمبەر ﷺ کە لەگەڵ بەشێك لە یارەکانی دانیشتبو ئافرەتێك هات وای دەرخست کە ئەیەوێت پێغەمبەر ﷺ مارەی بکات، ڕوداوەکە وا دەرئەخات کە ئافرەتەکە

بێ‌کەس و بەبێ گوزەران بوە، هاتۆتە لای پێغەمبەر بۆ ئەوەی بیکات بە خاوەن مێردو لە بێکەسی‌و ئیدارە خراپی رزگاری بکات، ئنجا پێغەمبەر کە خۆی نەیویست مارەی بکات ویستویەتی یەکێك لەوانەی لەگەڵی بون حەز لە مارەکردنی بکاتو ئاواتی ئافرەتە بێنێتە دی، فەرمویە کێ ئەیەوێت ئەم ئافرەتە بکاتە هاوسەری خۆی، یەکێك لەو دانیشتوانە وتویەتی من، پێی وتوە چیت هەیە بیکەی بە مارەیی، وتویەتی هیچم نیە لەو کراسە زیاتر کەوا لەبەرمایە، پێی فەرموە بچۆرەوە ماڵەوە بزانە چیت دەست ئەکەوێت هەر چەندێك کەم بێت، پیاوە بە گورجی ڕوی کردۆتە ماڵەکەی بەلاّم بە دەست بەتاڵی گەڕاوەتەوە هیچ شتێکی دەست نەکەوتبوو.

ئنجا پێغەمبەر ﷺ پێی ئەڵێت چیت لە قورئان لەبەرە، ئەویش ئەوەی لەبەریی بوە دەری ختسوە، پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەوەی لەبەرتە فێری ئەم ئافرەتەی بکە تا ببێتە مارەیی بۆی. ئنجا لەسەر ئەم مەرجە ئافرەتەکەی بە کەیف خۆشی‌و ڕەزامەندیەوە لە پیاوەکەی مارەکردو لەو ناخۆشی‌و بێکەسی‌و تەنیاییە رزگاری کردوە. ئنجا ئایە ئەم جێی ڕەخنەیە، یان دەرکەوتنی دوربینی‌و حیکمەتی پێغەمبەرەی تێدایە، سلاّوی خوادی لەسەر بێت.

٨- ئەم لە ئایین وەرگەڕاوە لە جێیەکی دیکەدا لە کتێبەکەیا ئەڵێت: پێغەمبەر بەو چاوەی تەماشای شەیتان ئەکات، بە هەمان چاو تەماشای ئافرەت دەکات.

مرۆڤ ئەگەر بوغزو كینەی بەرامبەر یەكێك زۆر تیژو بەتین بێت لە سنوری بیرو هۆش ئەچێتە دەرەوەو درۆو ئیفترای وا ئەكات كە یەكێك نەختێك تێگەیشتنی هەبێت بڕوای پێ ناكاتو كابرای لەبەرچاو ئەكەوێت.

پێغەمبەر ﷺ هەروەكو لە باسێكی لەمەوپێش باسمان كرد كە فەرموویەتی: چاكترین كەستان ئەو كەسەیە كە بۆ خێزانەكەی باش بێتو بفەرموێت: من باشترینتانم لە باشیا لەگەڵ خێزانەكانم، هەروەها لە دامێن كێوی عەرەفە بە وتارو پەندێك رو بكاتە یارەكانیو بە ئامۆژگاری پێیان بڵێت: ئافرەتەكانتان ئەمانەتی خودان لای ئێوە ئەبێت بەو چاوە تەمەشایان بكەن هەر وەكو ئێوە هەقتان بەسەر ئەوانەوە هەیە، ئەوانیش هەقیان بەسەر ئێوەوە هەیە.

هەروەها لە فەرمایشتێكی دیكەیا بڵێت: هیچ كەسێك ئافرەت بە چاوێكی نزمو بێنرخ تەمەشا ناكات تەنیا كەسانی بێكەڵكو كینە دار نەبێت، كەسیش قەدریان ناگرێت كەسانی رەسەنو بە حورمەت نەبێت: لە فەرمایشتێكی دیكەیا كە بفەرموێت هەروەكو لەمەوپێش زانیمان- بەهەشت لەژێر پێی دایكانە -كە ئافرەتن.

پێغەمبەر ﷺ كە خاوەنی ئەم فەرمایشتانە بێت چۆن بیرو هۆش ڕێ ئەدات كە بە چاوێكی كەم تەماشای ئافرەتی كردبێتو بوترێت بەو شێوەیەی تەماشای شەیتانی كردوە ئەوها تەماشای ئەوانی كردوە، ئەمە قسەیێكە لە دڵێكی بۆگەنی گڵاو نەبێت نایەتە دەرەوە، ئنجا یەكێك كە لە دیتنی ڕۆشنایی كوێر بێتو ڕۆشنایی رۆژ بە تاریكی شەو بزانێت ئەبێت وتاری چ نرخو سەنگێكی هەبێتو ئایە لە تەنەكەی زبڵ زیاتر جێگیر ئەبێت؟

٩- ئەم لە خودا یاخیە لە لاپەڕێکی دیکەی کتێبەکەیا لە مانـــــای ئایەتی (١٤) لە سورەتی (آل عمران) کە خـــودا ئەفەرموێت: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ﴾ بەبێ شـــــەرمو حەیا ئەڵێت ئەم ئایەتە بە چ چاوێك تەمەشای ئاژەڵ ئەکات هەر بەو شێوەیە تەماشـــای ئافرەت دەکات. ئەم کابرایە لە دوا ڕۆژا بە چ ڕەنگ زەردێك لە حوزوری خودا بوەستێت کە مانای فەرمایشـــتەکەی بەم شێوەیە خستۆتە بەر چاو تا ئەوانەی تێناگەنو ئیمان لەناو دڵیانە کزە مانــــای ئایەتەکە بە خراپی وەربگرنو لە ئاییـن وەربگەڕێن.

خودا لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: خۆشیو ئارەزوی ژیانی دنیامان بـۆ ئادەمیزاد ڕازاندۆتەوە، لە خۆشویستنی مرۆڤان بۆ ئافرەتان، ئافرەتانیش بۆ مرۆڤان، هەروەها خۆشویستنیماڵو مندالو سامانی زۆر لـە زێـڕو لە زیو لە ئەسپی ڕەسەنی دیمەن جوان کە بەرئەدرێ تا لـەناو شـیناییا بلەوەڕێت، هەروەها خۆشویستنی ئاژەڵ لە مەڕو بزنو حوشـترو مانگـاو کێڵانی باغ و باغاتو دەغڵو دان.

ئەمانەمان لەم دونیایە ڕازاندۆتەوە خۆشەویستمان کردوە کـە تیـا بەخۆشی مایەی ڕابواردنە. بەڵام ئادەمیزاد لەم دونیایـەیا نابێـت دڵـی هەر بەمانەوە بەند بێتو هەر بۆ ئەمانە هـەوڵ بـداتو دوارۆژی لـەبیر بچێتو هەوڵی بۆ نەدات، بەڵکو ئەبێت بە باشـی هـەوڵ بـۆ ئـەمیش بداتو خۆی لە خودا نزیـك بکاتـەوە بـە بـەجێهێنانی فەرمانـەکانیو ڕوکردنە چاکەو خۆ لە خەراپە پاراستن، خودا باشترین دواهـاتنی لایـە،

دایناوە بۆ ئەوانەی خۆشی ژیانی دونیا لە هەوڵـدان بـۆ خۆشـی دوارۆژ دوایان ناخات.

قانونی خودا لە ژیانا ئەبێت بەم شێوەیە بێت، هەوڵدانی بۆ هەردوو ژیان تێدابێت تا بەشدار بێت لە خۆشی هەردوو لایان، نەك پشت بکاتە دوارۆژو مەبەستی هەر خۆشی دونیا بێتو هەر بۆ ئەم هەوڵ بدات.

هەروەهاش نابێت پشت بکاتە دنیاو لە ژیـانێکی ناخۆشـدا بـژێت، وەکو هەندێك لە روهبانەکان کە خۆیان هەر بـۆ خوداپەرسـتن تـەرخان کردوە، هەروەها وەکو ئەو هیندیانەی کە بە فەقیر ناوئەبردرێنو دنیایان لەبەرچاو تاریکەو خۆیان لە هەمو خۆشییکی تیا بێبەش کردوە.

خودا ئەمانەی ڕازاندۆتەوەو خۆشـی کـردوە، چـونکە بـە یـەك گرتنـی مرۆڤان لەگەڵ ئافرەتان بە حەلاڵیو خێزانداریو نـەوەو نەتـەوە دێتـە دیو کۆمەلایەتی ڕوئەدات، کارەکـانی دیکەشـی ڕازاندۆتـەوەو خۆشـکردوە تـا هەمو کەسێك لە ژیانیا رو بکاتە کۆششو کاسبیو ماڵو سـامان دەسـت خستن کە ئەبێتە مایەی شارستانیەتی کۆمەڵگاو ولات پێش کەوتن.

ئایەتەکە ئەم مەبەستانەمان پێئەگەێنێ نەك ئەوەی ئەو لـە خـودا یاخیە ویستویەتی بیخاتە بەرچاو.

پێرست

پێشەکی.. ٥
حیکمەت لە زۆر ژنهێنانی پێغەمبەر ﷺ ١٣
لە ژنێك زیاتر هێنان ٣١
دەست بەسەر ئەسیرا گرتن ٤٥
کۆیلایەتی و ئایینی ئیسلام.. ٥٧
مەبەست چییە لە ئەنفال و غەنائم ٧١
ئەنفال.. ٧٩
سزادان ٨١
١- سزای کوشتن: ٨١
٢- سزای دامێن پیسی... ٨٧
٣- سزادان بە بەرد باران... ٩٥
٤- سزای دزیکردن ٩٨
٥- سزای لە ئاین وەرگەڕان ١٠٥
تێڕوانینی ئیسلام دەربارەی ئافرەت.. ١١٢
شایەدی ئافرەت لە کڕین و فرۆشتن و قەرزا ١١٧
شایەدی ئافرەت لە سەرجەریمەی کوشتن ١٢١
میراتی ئافرەت ١٢٧
تەلاق بە دەست کێیە؟ ١٣٣
مافی ئافرەتان.. ١٣٧
چەند ڕەخنەیێکی دیکە ١٤٧
پێرست ١٥٩